# فینۆمینۆلۆجی

د. محەمەد کەمال

ناوی کتێب: فینۆمینۆلۆجی

نووسەر: د. محەمەد کەمال

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئازەر عوسمان

ژمارەی سپاردن: 1486

تیراژ: 1000

چاپ: چاپخانەی بینایی

زنجیرە کتێبی گۆڤاری کۆچ (18)

**ناوەڕۆک**


**پێشەکی**........................................6

**بەشی یەکەم**

لە فینۆمینەوە بۆ فینۆمینۆلۆجی ..............................9

**بەشی دووەم**

ئەدمۆند هوسرڵ: دامەزرێنەری فینۆمینۆلۆجی ..................١٥

گروپە فینۆمینۆلۆجیخوازەکان ..............................٢١

ئەرشیفی هوسرڵ ....................................٢٣

هوسرڵ: سروشتگەرایەتی و خۆی بەرز ........................٢٤

واتای (واتا) لە فینۆمینۆلۆجی هوسرڵدا ......................٣٢

مەبەستدارێتی ......................................٣٤

بنەمای هەموو بنەماکان..............................٤١

**بەشی سێیەم**

میتۆدی فینۆمینۆلۆجی.............................. ٤٣

کەمکردنەوەی فینۆمینۆلۆجییانە ............................ ٥٢

کەمکردنەوەی بیرۆکەیی.............................. ٥٧

**بەشی چوارەم**

فینۆمینۆلۆجی پاش هوسرڵ ............................ ٦٣
هایدیگەر و فینۆمینۆلۆجی ئۆنتۆلۆجییانە ............. ٦٥
بوونی مرۆڤ بەوجۆرەی خۆی دەردەخات............. ٧٢
بوونی ڕەسەن و تێگەیشتن ........................... ٧٨
سارتەر و میتۆدی فینۆمینۆلۆجی ...................... ٨٢
خۆ، بڕوای خراپ و نامۆیی ........................... ٩١
میرلۆ-پۆنتی و فینۆمینۆلۆجی هەستکردن ............٩٦
فینۆمینۆلۆجی و بوونی لەش..............................١٠٠
سەرەنجام .................................................... ١٠٨
سەرچاوەکان ............................................ ١١١

## پێشەکی

لەڕاستیدا بیرۆکەی نوسراوێک لەسەر فینۆمینۆلۆجی پێشنیاری هەرێم عوسمان بوو. ئەم بەڕێزە لەو باوەڕەدابوو، پاش دەرچوونی (بوون و کات)ی مارتن هایدیگەر و (بوون و نەبوون)ی ژان-پۆڵ سارتەر بە زمانی کوردی و بۆ تێگەیشتن لەم دوو پەرتووکە پێویستە خوێنەر شارەزاییەکی لە میتۆدی فینۆمینۆلۆجی هەبێت. هەرچەندە، ئەدمۆند هوسرڵ دامەزرێنەری میتۆدی فینۆمینۆلۆجییە، بەڵام فەلسەفەی بوونگەرایەتی فینۆمینۆلۆجییانە دەڕوانێتە جیهان و لە واتاکەی دەکۆڵێتەوە. هایدیگەر و سارتەر، لەم ڕووەوە فینۆمینۆلۆجییانە ڕوو لە بابەتی توێژینەوە فەلسەفییەکەیان دەکەن.

من پێشنیارەکەی هەرێم عوسمانم بە گرنگ زانی و هەستم بەو بۆشاییە لە بەردەم خوێنەری کوردا کرد. ئەمەش هانیدام پێشنیارەکەی بە جیدی وەرگرم، بە کورت و پوخت لەسەر بنەماکانی میتۆدی فینۆمینۆلۆجی و پەیوەندی ئەم میتۆدە بە فەلسەفەی بوونگەرایەتییەوە بنوسم.

ئەم نوسـراوە لێکـۆڵینەوەیەکە لەسـەر میتـۆدی فینۆمینۆلـۆجی و کــورتەیەک لە مێــژووی ســـەرهەڵدان و گەشـــەکردنی. پـــاش ڕوونکـردنەوەی ئەم لایەنـانە پەیوەنـدی میتـۆدەکە بە فەلسـەفەی بوونگەرایەتییەوە باسدەکەم. بۆ ئەم مەبەستە سێ بیریار (مارتن هایدیگەر، ژان-پۆل سارتەر و مۆریس میرلۆ-پۆنتی)م هەڵبژاردووە تاکو شێوازی بەکارهێنانی میتۆدەکەیان شیبکەمەوە.

هەڵبژاردنی ئەم سێ بیریارە لە خۆڕا نییە چونکە گۆڕانکارییـان لە میتۆدەکەدا هێناوەتەکایەوە، کە لەگەڵ بیرکردنەوەی فەلسەفی دامەزرێـنەری میتـۆدەکەدا نـاکۆک ڕادەوسـتێت. بـۆ نمـوونە، ئەو گۆڕانکــارییەی هایــدیگەر لە میتــۆدەکەدا دروســتیکردووە بــۆتە هۆکاری تێکدانی هاوڕێیەتییەکەی لەگەڵ هوسرڵدا.

ئەم نوســراوە لە چــوار بەش پێکهــاتووە. ســێ بەشــی لەســەر بنەڕەتـــی چەمکـــی 'فینۆمینۆلـــۆجی'، مێــژووی ســـەرهەڵدانی میتـۆدەکە، بۆچـوونە فینۆمینۆلۆجییەکـانی هوسـرڵ و بنەماکـانی میتـــۆدەکەیە. بەشـــی چـــوارمم بـــۆ گەشـــەکردنی میتـــۆدی

فینۆمینۆلـۆجی پـاش هوسـرڵ تەرخـانکردووە، کە تیایـدا باسـی فینۆمینۆلۆجی بوونگەرایەتی دەکەم.

محەمەد کەمال

زانکۆی ماڵبۆرن

مارت ٢٠١٣

# بەشی یەکەم

## لە فینۆمینەوە بۆ فینۆمینۆلۆجی

ئەدمۆند هوسرڵ بۆ یەکەمجار میتۆدی فینۆمینۆلۆجی بۆ گەیشتن بە ناوەڕۆکی بابەتی تویژینەوە فەلسەفییەکەی دامەزراندووە. بیریارانی، وەکو مارتن هایدیگەر، ئێدیت شتاین، ماکس شیلەر، ئیمانۆئیل لێڤیناس، ئەلفرید شویتز، هانس جۆرج گادەمەر، ژان-پۆڵ سارتەر، مۆریس میرلۆ-پۆنتی و زۆر بیریاری دیکە پەیڕەوییان کردووە. کەوابوو، ڕاستەوخۆ باسەکەمان لە هوسرڵەوە دەستپێدەکات. هەروەها هەوڵدەدەین بزانین لەپێش هوسرڵدا چەمکی فینۆمینە و دواجاریش فینۆمینۆلۆجی چۆن بەکارهێنراون. بۆ ئەم مەبەستە ئاوڕێک لە بنەڕەتی زمانەوانی چەمکەکە دەدەینەوە تاکو لە واتاکەی تێبگەین.

چەمکی (فینۆمینۆلـۆجی) یۆنـانییە و لە دوو بەش پێکهـاتووە: (فینۆمینە) و (لۆجی). فینۆمینە لە زمانی یۆنانییدا کۆی وشـەی (فینۆمینەن)ە. لە زمانی ئینگلیزیشدا (فینۆمینەن) نـاوێکی تـاک و (فینـۆمینە) کـۆیە. لە زمـانی یۆنانیـدا ئەم چەمـکە بـۆ شـتێک دادەنرێـت، کە خـۆی دەردەخـات و بـوونی ئاشـکرابووە. ئـێمە ڕاسـتەوخۆ لە ڕێـگەی ئەزمـوونی هەسـتەکییەوە دەیناسـین و پێویست ناکات بیر لە بوونی بکەینەوە. کتێبەکانی سەر مێزەکەم و مێزەکە فینۆمینە یان دیاردەن، من دەیانبینم و ئەو پرسیارە لە خـۆم نـاکەم کتێبەکـان و مێـزەکە هەن یـان نـا. لەمڕووەوە (فینـۆمینە) واتـای (دیـاردە) دەبەخشـێت، دژی (نـۆمینە) دادەنرێـت، کە واتـای شـتێکی نێـو بیرکـردنەوە دەگەیەنێت و پەیوەندی بە ئەزموونی هەستەکییەوە نییە. ئەگەر لەو باوەڕەدابین ڕاستەقینە دەکەوێتە ئەودیو دیاردەکان یان فینۆمینەوە و ئەزمـوونی هەستەکی نایگـاتێ، تەنیـا دەتـوانین بە بیرکـردنەوە بیناسـین، ئەو ڕاسـتەقینەیە فینـۆمینە نیـیە و نـۆمینەیە. چەمکی (نـۆمینە)ش یۆنـانییە و واتـای ئەو شـتە دەگەیەنێت، کە بیری لێدەکرێتەوە نەک هەستیپێدەکرێت.

بەشی دووەمـی چەمکەکە (لـۆجی-لـۆگی) لە (لوگـۆس)وە هـاتووە. لوگۆسیش لە زمـانی یۆنانیـدا چەنـد واتـایەکی هەیە. فەیلەسـوفە یۆنانییەکان لە هیراکلیتسەوە بۆ ئەریستۆ جیـاواز باسـیانکردووە، بەڵام لێـرەدا بە واتای (گوتـار، لێکـۆڵینەوە یـان زانسـت) دێـت.

فینۆمینۆلـۆجی، وەکـو وشـەیەکی لێکـدراو دەبێـت بە زانسـتی فینۆمینە یان زانستی دیاردەکان. ئەگەر سایکۆ-لۆجی گوزارش لە دەروونـــی مــرۆڤ بکـــات و ئەو بـــابەتە بخـــاتە بەر ڕۆشـــنایی لێکۆڵینەوە، ئەوا فینۆمینۆلۆجی دەیەوێت لە فینۆمینە یان هەموو ئەو شـــتانەی دەردەکەون تێبگـــات. کەوابـــوو، فینۆمینۆلـــۆجی زانستی فینۆمینە، دیاردەکان یان دیاردەگەرییە.

حەزدەکەم ئامـــاژە بەو خـــاڵە بـــدەم، کە فینۆمینۆلـــۆجی و فینـــۆمینەڵیزم جیـــاوازن. هەرچەنـــدە ئەزمـــوونی هەســـتەکی بـــۆ هەردووکیـــان بنـــاخەی ســـەرهەڵدانی زانیـــنە، بەڵام فینـــۆمینەڵیزم دیاردەکان بۆ خەسڵەتە هەستییەکان دەگەڕێنێتەوە. ئێمە زۆرجار ڕاستەوخۆ ئاگامان لەو خەسڵەتانە نییە.

دەنگ شەپۆلە و بە هۆی هەستکردنی بیستنەوە بە ئێمە دەگـات. ئەم تێگەیشـــــــتنە لە دەنـــــــگ فینۆمینەڵیزمـــــــانەیە نەک

فینۆمینۆلۆجییانه. بەڵام کاتێک گوێ لە گۆرانییەک دەگرم هەستی بیستنم شەپۆلە کورت و درێژەکانی دەنگەکانم بۆ ئاشکراناکات. من ناڵێم گوێ لەو شەپۆلانە دەگرم بەڵکو ئەوەی دەیبیستم گۆرانییە. گۆرانی دیاردەیە یان فینۆمینەیە، وەکو کتێبەکانی سەر مێزەکە ڕاستەوخۆ هەستیپێدەکەم.

بەگوێرەی واتای چەمکەکە، فینۆمینۆلۆجی ڕوو لەو شتانە دەکات خۆیان دەردەخەن. هەرشتێکیش خۆی دەربخات هەبووە و هەبووش لەسەر (بوون) بەگشتی ڕادەوەستێت. لەم ڕوانگەیەوە فینۆمینۆلۆجی دەبێت بە ئۆنتۆلۆجی. هایدیگەر گوتەنی، فینۆمینۆلۆجی لەسەر بناخەی ئۆنتۆلۆجی دادەمەزرێت چونکە گەیشتن بە دیاردە لەهەمانکاتدا بوونی دیاردەکە ئاشکردەکات.[1]

ئەفلاتون، بۆ یەکەمجار، لە کۆتایی بەشی شەشەمی (کۆمار)دا ئاماژەی بۆ فینۆمینە و نۆمینە کردووە. لە بۆچوونە ئەپستمۆلۆجییەکەیدا هێڵی جیاکردنەوەی لەنێوان دوو جۆر

---

[1] Martin Heidegger, *The Basic Problems of Phenomenology*, translated, introduction, and lexicon by Albert Hofstadter, revised edition, Bloomington and Indianapolis: Indiana University Press, 1988, p. 20.

زانینـدا کێشـاوه. جـۆری یەکەمیـان دەکەوێـتە ژێـر هـێڵەکەوه و پەیوەنـدی بە جیهـانی هەسـتەکییەوه هەیە. هەمـوو ئەو شـتانه دەگرێتەوه، کە دەکەونە بەر ڕۆشـنایی ئەزمـوونی هەسـتەکی یـان خۆیـان بـۆ ئەو ئەزمـوونە دەردەخەن. ئەم بابەتـانە فینـۆمینەن. جــۆری دووەمیـــان دەکەوێـــتە ژوور هــێڵەکەوه و پەیوەنــدی بە جیهـــانی بەرزی فـــۆرمە هەمەکییەکـــانەوه هەیە. فۆرمەکـــان، بەپـــێچەوانەی فینـــۆمینەوه، خۆیـــان بـــۆ ئەزمـــوونی هەســـتەکی دەرنـــاخەن و پێویســـتە بیریـــان لێبکەیـــنەوه.[2] بـــۆ ئەفلاتـــون، فینۆمینە دیاردە یان ئەو شتەیە، کە لە فۆرم و ماتەر پێکهاتووه. فۆرمە هەمەکییەکانیش، کە لە ماتەر بەدەرن، هـیچ خەسـڵەتێکی هەستەکییان نییە، نۆمینەن و تەنیـا فەیلەسـوفەکان دەیانناسـن. پـاش ئەفلاتـون، کانـت باسـی جیـاوازی فینـۆمینە و نـۆمینەی کـردووه و ئەم دوو چەمـکەی بەکارهێنـاوه. وەکـو ئەفلاتـون فینـــۆمینەی بەو بـــابەتە دانـــاوه، کە لە ڕێـــگەی ئەزمـــوونی هەســـــتەکییەوه دەناســـــرێت و تێگەیشـــــتنیش بە یـــــارمەتی

---

[2] ئەفلاتون، کۆمار، بەشی شەشەم، وەرگێڕانی د. محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٩، ل ٢٢٠—٢٢٣.

کاتیگۆرییەکـان بیـرۆکەی پێدروسـتدەکات. لەبەر  ئەوەی نـۆمینە دیاردە نییە و دەکەوێتە ئەودیو فینۆمینەوە تێگەیشتنی مرۆڤ لە ڕێگەی ئەزموونی هەستەکییەوە ناتوانێت بیناسێت.[3]

جیاوازییەکی سەرەکی لەنێـوان بۆچوونەکـانی ئەفلاتـون و کانتـدا دەبینرێت. ئێمە دەزانین، کە بۆ هەردووکیان ئەزموونی هەستەکی سنوردارە و ناتوانێت خۆی بەودیو جیهانی دیاردەکان بگەیەنێـت. بەڵام، لای ئەفلاتــون فەیلەســوفە ڕاســتەقینەکان لە   ڕێگــای بیرکـردنەوەی هۆشــەکییەوە دیالێکتیکییــانە دەتــوانن خۆیــان بە فــۆرمە هەمەکییەکــان بگەیەنــن و ڕاســتەقینەی ژوور جیهــانی هەســتەکی بـدۆزنەوە. کانـت لەئاسـتی دۆزیـنەوەی ڕاسـتەقینەی ئەودیو فینۆمینەوە ڕووناکبین نییە. لەو باوەڕەدایە مرۆڤ خاوەنی ئەو دەستەڵاتی زانیـنە نیـیە تـاکو نـۆمینە بناسێت، لەبەر ئەمە، نۆمینە هەمیشە نەزانراوە.

هیگڵ چەمکی فینۆمینۆلۆجی بۆ نوسراوەکەی لەسەر گەشەکردنی دیالێکتیکییانەی ئاگامەندی بە ناوی (فینۆمینۆلۆجی هۆش)

---

[3]Immanuel Kant, *Critique of Pure Reason*, translated by Norman Kemp Smith, London: Macmillan& Co., 1963, A: 249, B: 306.

بەکارهێناوە. بێگومان، هیگڵ، وەکو هوسرڵ فینۆمینۆلۆجی بە میتۆد دانەناوە. میتۆدی هیگڵ دیالێکتیکییە و پەیڕەوی جوڵان و گۆڕانی سێ کوچکەیی دەکات؛ لە بابەتەوە بۆ دژەبابەت دەڕوات ولە ئاکامدا ئەم دوو لایەنە ناکۆکانە قۆناخێکی نوێتر بە ناوی (تێهەڵکێش) دەهێننەکایەوە. ئەم تێهەڵکێشە دەبێتەوە بە بابەتێکی نوێ، دژەکەی سەرهەڵدەدات، ناکۆکی و زۆرانبازی نێوانیان تێهەڵکێشێکی دیکە دروستدەکەن. ئەم جوڵان و گۆڕانکارییە بەردەوام دەبێت، تاکو سروشت و مێژوو بە دوا قۆناخ و تەواوکۆیی دەگەن. هیگڵ لە (فینۆمینۆلۆجی هۆش)دا باسی دیاردە یان فینۆمینەی ئەم گۆڕانکارییە دیالێکتیکییە لە بوونی ئاگامەندیدا دەکات. ڕوونیدەکاتەوە چۆن ئاگامەندی، وەکو بابەت لە قۆناخە جیاوازەکاندا دژە بابەتی خۆی پەیدادەکات و تێهەڵکێشە دروستدەکات، هەروەها چۆن لەم گۆڕانکارییەدا و لە مێژوودا بە دوا قۆناخ و دوا تێهەڵکێش دەکات، کە لەوە زۆرتر دژەبابەتی بۆ پەیدانابێت. لەبەر ئەمە، ئاگامەندی بە دوا قۆناخی گەشەکردنی دەگات و کۆتایی بە مێژوو دێت.[4] هیگڵ

---

[4] بڕوانە: G.W. Hegel, *The Phenomenology of Mind*, translated

فینۆمینۆلۆجی، وەکو زانستی دیاردە و میتۆدێک بۆ ناسینی دیاردە بەکارنەهێناوە. ئەو هەوڵیداوە دیالێکتیکییانە ڕوونیبکاتەوە چۆن فینۆمینەی ئاگامەندی لەنێو مێژوودا بە قۆناخی تەواوکۆیی دەگات، بەڵام هیگڵ لە پێش هوسرڵدا چەمکەکەی داناوە. پاش هیگڵ، کرستیان وڵف، فەیلەسوفی ئەڵمانی، کە لە زانکۆی (هالە) مامۆستا بووە چەمکی فینۆمینۆلۆجی بەکارهێناوە. بەکارهێنانەکەی وڵفیش، وەکو بەکارهێنانەکەی هیگڵ پەیوەندی بەم میتۆدە فەلسەفییەوە نییە، کە لەم نوسراوەدا باسیدەکەین. هەرچەندە لەدواییدا بۆچوونەکانی مارتن هایدیگەر لەسەر فینۆمینۆلۆجی ڕووندەکەینەوە بەڵام شایەنی باسە، کە ئەم بیریارە لە پەرتووکەکەیدا (بوون و کات) واتاکەی ڕوونکردۆتەوە و لە چەند نوسراوێکی دیکەدا بنەماکانی شیکردۆتەوە.[5] بۆ ڕوونکردنەوەی واتای فینۆمینە هایدیگەر

---

by J. B. Baillie, New York: Harper Colophon Book, 1967, pp.798-803.

[5] مارتن هایدیگەر لە دوو نوسراوی دیکەدا باسی متیۆدی فینۆمینۆلۆجی کردووە و ڕاڤەکردنێکی جیاوازییۆ داناوە. بڕوانە:

Martin Heidegger, *History of the Concept of Time*, translated byTheodore Kisiel, Bloomington and

دەڵێت، "وشەی یۆنانی 'فینۆمینەن'، کە چەمکی فینۆمینەی لێوە دەرچووە، لە فرمانی (*phainesthai*)یەوە هاتووە، ئەمەش واتای "خۆ-دەرخستن" دەبەخشێت. کەوابوو، فینۆمینە واتە، ئەوشتەی خۆی دەردەخات، خۆدەرخستن و بەرجەستەبوون. هەروەها (*phainesthai*) دەنگێکی ناوەندە، کە لەوشەی (*phaino*)وە پەیدابووە و واتای 'لەبەر ڕۆشنایی دانان' دەبەخشێت."[6] بەکورتییەکەی، هایدیگەر لەو باوەڕەدایە، کە چەمکی فینۆمینە بۆ ئەو شتە دادەنرێت خۆی دەردەخات و یۆنانییەکان بۆ (هەبووەکان) بەکاریانهێناوە. بەڵام هەبووەکان لە شێوەی جیاوازدا خۆیان دەردەخەن، کە لەهەمانکاتدا دەکەونە سەر ڕووتێکردنی ئێمە لە هەبووەکان. لەسەرو ئەمەوە، دەشێ هەبوویەک، بەو جۆرەی هەیە خۆی دەرنەخات و ڕواڵەتێکی

---

Indianapolis: Indiana University Press, 1992. And, *The Basic Problems of Phenomenology*, translation, introduction, and lexicon by Albert Hofstadter, revised edition, Bloomington and Indianapolis: Indiana University Press, 1988.

[6] مارتن هایدیگەر، بوون و کات، وەرگێڕان و پێشەکی د. محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣، کورتەبەشی ٢٨، ل ٧٣.

دیکەی هەبێت. هێشتا، ناتوانین ڕواڵەتەکە لە فینۆمینەکە جیابکەینەوە، "ئەوکاتە لە واتای هەبوویەک تێدەگەین، کە خۆی دەرخستبێت؛ تەنیا لەمحاڵەتەدا لەم یان لەو شتە دەچێت. واتای بنەڕەتی (فینۆمینە، وەکو خۆ دەرخستنی هەبوویەک) بناخەی ڕواڵەتە."[7]

پاش ئەم ڕوونکردنەوەیە هایدیگەر هەوڵیداوە جیاوازی نێوان فینۆمینە و دیاردە ڕوونبکاتەوە و ئاماژە بۆ ئەو خاڵە دەکات، کە فینۆمینە لە ڕێگەی دیاردەکانییەوە دەتوانێت خۆی دەربخات یان هیچ هەبوویەک، تاکو خۆی دەرنەخات و دیاردەی نەبێت بە فینۆمینە دانانرێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان فینۆمینە و دیاردەی فینۆمینە هایدیگەر نموونەی نەخۆشی هێناوەتەوە، کە لە ڕێگەی دیاردەکانییەوە، بۆ نموونە گەرمی لەش و ئازار خۆی دەردەخات و دەبێت بە فینۆمینە، "ئەمە دیاردەی نەخۆشییە، کە کەسێک باسیدەکات. کەسەکە بیر لە جۆرێک ڕووداوی دەرکەوتوو لە لەشی نەخۆشەکەدا دەکاتەوە. دیاردەکان لەگەڵ خۆ

[7] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ٢٩، ل ٧٣.

دەرخستنەکەیاندا ئاماژە بۆ شتێکی دەرنەکەوتوو دەکەن. سەرهەڵدانی دیاردەکانیش هاوتەراز لەگەڵ بابەتێکی لێکۆڵینەوەی پەرێشان بوونێک، کە خۆی دەرناخات، دەڕوا. کەوابوو دیاردە، وەکو دیاردەی شتێک واتای خۆدەرخستن نابەخشێت؛ بەڵکو بانگەشە بۆ شتێک دەکات، کە خۆی دەرنەخستووە."[8]

جیاوازی نێوان فینۆمینە و دیاردەی فینۆمینە لەوێدایە، کە فینۆمینە هەبووە، بەڵام ئەم هەبووە بەدیاردەکانیدا دەناسرێت. دیاردەش فینۆمینە نییە، بەڵکو بانگەشە بۆ فینۆمینەکە دەکات. نەخۆشی فینۆمینەیە و ئێمە لە ڕێگەی ئەو دیاردانەی بانگەشە بۆ نەخۆشییەکە دەکەن، وەکو گەرمەتا، ئازاری لەش، کەمخۆری و هتد، دەزانین کەسەکە نەخۆشە. نەخۆشییەکە لە ڕێگەی ئەم دیاردانەوە خۆی دەردەخات و دیاردەکانیش بانگەشە بۆ نەخۆشییەکە دەکەن. هیچ کام لەم دیاردانە خودی نەخۆشییەکە نییە. کەوابوو، فینۆمینە پێکهاتەیە لەم دەرکەوتانە و دەرکەوتەکانیش بەبێ فینۆمینە نین.

---

[8] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ٢٩، ل ٧٤.

پــاش ڕوونکــردنەوەی واتــای چەمکی (فینــۆمینە) و (لۆگــۆس) تێدەگەین، کە فینۆمینۆلۆجی دەبێت بە توێژینەوە لە دیاردە بەو جۆرەی ئەو دیاردەیە خـۆی دەردەخـات. هەرچەنـدە ئەم بەشـەی پێناسـەکە (بەو جـۆرەی خـۆی دەردەخـات) پەیوەنـدی بە واتـای چەمکــی فینۆمینۆلــۆجییەوە نیــیە و تیایــدا نــادۆزرێتەوە، بــۆ شوێنکەوتوانی ئەم میتۆدە سەرەکییە. مەرج نیـیە ئـێمە بتـوانین ناوەڕۆکی دیاردەیەک بە دروستی بناسین، بەڵام گـرنگە دیـاردەکە بەو جۆرەی خـۆی دەردەخـات ڕاسـتەوخۆ بکەوێـتە بەر ڕۆشـنایی ئەزموونەکەمان. هەموو فینۆمینەیەک بۆ ئێمە دەبێت بە دیاردە و خــۆی بــۆ ئــێمە دەردەخــات. ئــێمە بەردەوام ڕوو لە فینــۆمینە دەکەین و دەمانەوێت لە واتاکەی تێبگەین.

## بەشی دووەم

## ئەدمۆند هوسرڵ: دامەزرێنەری فینۆمینۆلۆجی

باسمانکرد چەمکەکانی (فینۆمینە) و (فینۆمینۆلۆجی) یۆنانین و چەند بیریارێکیش پێش هوسرڵ بەکاریانهێناون. کەوابوو، ناکرێت بڵێین هوسرڵ ئەم چەکمانەی داهێناوە. لەگەڵ ئەمەشدا، هیچکام لەو بیریارانە لەپێش هوسرڵدا فینۆمینۆلۆجییان، وەکو (میتۆدێکی فەلسەفی) دانەهێناوە. هوسرڵ بۆ یەکەمجار، لەسەر زەمینەی واتای چەمکەکە فینۆمینۆلۆجی کردووە بە میتۆد و بۆ دۆزینەوەی ناوەڕۆکی دیاردەکان بنەماکانی دیاریکردووە. لەبەر ئەمە، گرنگە ئاوڕێک لە شێوازی بیرکردنەوە و ژیانی ئەم فەیلەسوفە بدەینەوە. باسی گەشەکردن و پەرەسەندنی بۆچوونە فەلسەفییەکانی

بکەیـن، کە کـاریگەرێتی بەسـەر فەلسـەفەی بـوونگەرایەتییەوە تۆمارکردووە.

ئەدمۆند هوسرڵ لە پرۆسـنیتس (مۆراڤیا)، کە ئەمـڕۆ بەشـێکە لە وڵاتی (چێک) لە ساڵی ١٨٥٩ لەخێزانێکی سەر بە ئایینی جولەکە لەدایکبـووە. هەرچەنـدە بەگـوێرەی ڕاپـۆرتی بەرێـوەبەری خوێندنگاکە خراپترین خوێندکار بـووە، هیشـتا توانیـویەتی پـاش تەواوکردنی دوا ناوەندی لە ساڵی ١٨٧٦دا لە زانکـۆی (لایپـتزیش) لە ئەڵمانیا جێگەیەک بۆ خۆی مسۆگەربکات؛ ماتماتیک، فیزیـا و ئەستێرەناسی بخوێنێت. تۆماس ماساریک، کە هاوڕێی هوسـرڵ و خوێندکاری فەلسەفە بووە، هوسرڵی هانداوە فەلسەفە بخوێنێت.[9] هەمانکات هوسرڵی بە فرانز برینتـانوێ فەیلەسـوف ناسـاندوە.[10]

[9]تۆماس ماساریک Tomas Masaryk (١٨٥٠—١٩٣٧) فەیلەسوف و کۆمەڵناس بووە. لە ساڵی ١٨٧٢ دەبێت بە خوێندکاری فرانز برینتانۆ و لە زانکۆی ڤیەنا لە ساڵی ١٨٧٦ دکتۆراکەی وەردەگرێت. دوای جەنگی جیهانی یەکەم بوو بە یەکەم سەرۆکی چیکۆسلۆڤاکیا.

[10]فرانز برینتانۆ (١٨٣٨—١٩١٧) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، دکتۆراکەی لە زانکۆی تیوبنگن لە ساڵی١٨٦٢ وەرگرتوە و بووە بە کەشیش. لە دواییدا واز لەم پیشەیە دەهێنێت و لە زانکۆی ڤیەنا دەبێت بە مامۆستای فەلسەفە. برینتانۆ لەژێر

له ساڵی ١٨٨١، له زنکۆی ڤیەنا دکتۆراکەی لەسەر ماتماتیک تەواوکردووە و له کاتی سەربازییدا نوسراوەکانی ئەریستۆ و هیگڵی خوێندۆتەوە.[11]

ئەو گۆڕانه بنەڕەتییەی له بیرکردنەوەی هوسرڵدا سەریهەڵدا و له زانستەوە بەرەو فەلسەفەی پەلکێشیکرد له ساڵی ١٨٨٤ دا ڕوویدا. لەو ساڵەدا هوسرڵ لەلای برینتانۆ و لەژێر چاودێری ئەودا فەلسەفەی خوێند و ئامادەی وانەکانی برینتانۆ بوو. لەژێر ئەم کاریگەرێتییەدا هوسرڵ بەو ئاکامە گەیشت، که فەلسەفە، نەک تەنیا زانستە، بەڵکو زانستی زانستەکانه و پێویستە بناخەیەکی پتەوی بۆ دابمەزرێت. هەروەها، وانەکانی برینتانۆ لەسەر فینۆمینۆلۆجییای سایکۆلۆجی و لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی ئەریستۆدا جەختیان لەسەر چەمکی (مەبەستدارێتی-

---

کاریگەرێتی ئەریستۆدا بۆچوونه فەلسەفییەکانی دامەزراندوە و چەند کتێبێکی لەسەر دەروونناسی نوسیوە. یەکێک له کتێبه گرنگەکانی، (واتا فرەجۆرەکانی بوون له فەلسەفەی ئەریستۆدا) بۆ یەکەمجار مارتن هایدیگەری بە جیهانی فەلسەفە ئاشناکردووە.

[11]David R. Cerbone, *Understanding Phenomenology*, Durham: Acumen, 2006, p. 11-12.

Intentionality) ئاگامەندی دەکرد. لەدواییدا باسیدەکەین، چۆن هوسرڵ ئەم چەمکە دەکات بە یەکێک لە بنەماکانی میتۆدەکەی.

پەیوەنـدی نێـوان برینتـانۆ و هوسـرڵ لەنێـو بـازنەی مامۆسـتا و خوێنکاردا نەمـایەوە و بـوو بەهـاوڕێیەتی. لەبەر ئەمەشـە کاتێـک برینتانۆ بڕیاریـدا دوورەپەرێـز و تەنیـا لە شـاری فلـۆرەنس بـژی، هوسرڵ تاکە هاوڕێیەکی بوو سەردانی دەکرد. هەمانکات بۆچوونە فەلسـەفییەکانیان جیـاواز بـوو. برینتـانۆ سـەر بە فێـرگەی ئەزموونگەری بوو، بەڵام هوسرڵ ئایدیالیسـتانە، وەکـو بیریـارێکی سـەر بە فێـرگەی کـانتیی-نـوێ تەماشـای جیهـانی دەکـرد و کـاریگەرێتی دێکارتیشـی بەسـەرەوە دیـاربوو.[12] بێگومـان ئەمە یەکـێکە لە خـاڵی نـاکۆکی نێـوان هوسـرڵ و هایـدیگەریش، کە لەدواییـدا باسـیدەکەین. لەم قۆنـاخەی پەیوەنـدی نێـوان ئەم دوو فەیلەسـوفەدا ئەوەی کۆیانـدەکاتەوە هـاوڕێیەتی و ڕێزلێنـانی

---

[12]Joseph J. Kockelmans, *Phenomenology: The Philosophy of Edmund Husserl and its Interpretation*, New York: Anchor Books, 1967, p. 25. See also: Dermot Moran, *Introduction to Phenomenology*, London and New York: Routledge, 2000, p. 81.

هوســـرڵە بـــۆ مامۆســـتاکەی نەک هـــاوڕایی و هـــاوبۆچوونی فەلسەفییانە. جیاوازی نێـوان بیروڕاکانیـان لەگەڵ درێژەپێـدان بە هاوڕێیەتییەکەیـان تـاکو ئەو کـاتەی برینتـانۆ دەمرێـت فراوانتـر دەبێـت. بـێجگە لە کـاریگەرێتی برینتـانۆ بەسـەر هوسـرڵەوە بـۆ تێگەیشـتن لە فەلسـەفە، وەکـو زانسـت و بەکارهێنـانی چەمکـی مەبەستدارێتی دژوارە خـاڵی هـاوبەش لەنێوانیانـدا لەسـەر کێشـە فەلسەفییەکان بدۆزینەوە. برینتـانۆ لە بۆچـوونە فەلسـەفییەکەیدا بەنـاوی (ڕایزم-Reism) ئاشـکرا هێـرش دەکـاتە سـەر فێـرگەی ئایـدیالیزمی ئەڵمـانی و چەمـکە هەمەکیـیە ڕووتکراوەکـان لە داکەوتـی ئەزمـوونییەوە ڕەتـدەداتەوە. بەگـوێرەی ڕایـزم، ئەوەی هەیە شتە (*Res*) و بێجگە لە شت، کە ڕاسـتەوخۆ دەکەوێـتە بەر ڕۆشـــنایی ئەزمـــوون چـــی دیـــکە لە دەرەوەی بیرکـــردنەوەدا پەیداناکرێت.

هوسرڵ، پاش تەواوکردنی دکتۆراکەی لە ساڵی ١٨٨٧ تـاکو١٩٠١ لە زانکۆی هالە، وەکو مامۆستا دامەزرا. بـۆ ئەوەی لە زانکۆکـانی دیـکەی ئەڵمانیـادا کـاری مامۆسـتایەتی دەسـتبکەوێت باسـێکی لەسەر (چەمکی ژمـارە) لە کـۆڕێکی ئەکادیمیـدا (Habilitation)

بە ئامـادەبوونی سـێ پرۆفیسـۆری ناسـراوی ئەو سـەردەمە (کارڵ ستەمپف، جۆرج کانتۆر و نۆبلاوخ) پێشکەشکرد.
لەســـەرەتاوە، هوســـرڵ هەوڵیـــداوە لە فەلســـەفەی ماتماتیـــک بکـــــۆڵێتەوە. یەکەم پەرتـــــووکی، کە لە ســـــاڵی ١٨٩١دا بڵاوکرایەوە (فەلســـــەفەی ماتماتیـــــک: لێکـــــۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆجییانە و لۆجیکانە) بۆ ئەم مەبەستە تەرخـانکرابوو. ئەم پەرتووکەشی پێشکەش برینتـانۆ کـرد چـونکە لەژێـر کـاریگەرێتی بۆچوونە فەلسەفییەکانی برینتانۆدا باسی بنەڕەتی ژمـارە دەکـات و دەیەوێـــت بزانێـــت چـــۆن ژمـــارە دەناســـین، لە کاتێکـــدا ژمارە (شـــتێک) نیـــیە ئەزمـــوونی هەســـتەکی لەنێـــو جیهانـــدا بیـدۆزێتەوە. لە زۆر لاوە بۆچوونەکـانی هوسـرڵ لەم پەرتـووکەدا کەوتوونەتە بەر ڕەخنە و ڕەتدانەوە. یەکێـک لەوانەی بە توونـدی بۆچوونەکـانی هوسـرڵی سـەبارەت بنەڕەتـی ژمـارە و ماتماتیـک

ڕەتــدایەوە گۆتلــۆب فــریگە بــوو، کە لەو بــاوەڕەدابوو هوســرڵ یاساکانی ماتماتیکی بە یاساکانی سایکۆلۆجییەوە گرێداوە.[13]

یەکەم نوسراوی هوسرڵ لەسەر میتۆدی فینۆمینۆلـۆجی لە سـاڵی ١٩٠١ لە دوو بەرگـــدا بە نـــاوی (لێکۆڵینەوە لۆجیکییەکـــان) بڵاوکــرایەوە. لە بەرگــی یەکەمــی ئەم نوســراوەدا هوســرڵ لە ســـایکۆلۆجیزم دووردەکەوێــتەوە، گومانکــاری و ڕێژەگەرایەتـــی ڕەتــدەداتەوە. بەرگــی دووەم لە شــەش لێکـۆڵینەوە پێکهـاتووە. هەریەکێـک لەم لێکـۆڵینەوانە کـار لەسـەر کێشـەیەکی فەلسـەفی، وەکـو بیــردۆزەی واتــا، چەمــکە هەمەکییەکـان، بەش و هەمــوو، مەبەســـتدارێتی، ڕێزمـــان و کاتیگۆرییەکـــان دەکـــات. پـــاش بڵاوکـردنەوەی ئەم نوسـراوە هوسـرڵ لە زانکـۆی گـوتنگن کـاری مامۆستایەتی دەستدەکەوێت و زانکۆی هـالە جێـدەهێڵێت. لەگەڵ ئەم گۆڕانکـــارییەدا و کـــارکردن لە زانکـــۆی گـــوتنگن چـــالاکی فەلسـەفی هوسـرڵ و بـزوتنەوەی فینۆمینۆلـۆجی دەسـتپێدەکات.

---

[13] گۆتلۆب فریگە (١٨٤٨—١٩٢٥) فەیلەسوف و زانایەکی ماتاتیکی ئەڵمانە و بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی لۆجیکی ماتماتیکی و فەلسەفەی شیکاری دادەنرێت، کە بەسەر بیروباوەڕە فەلسەفییەکانی ڕەسڵ و کارناپەوە کاریگەر بووە.

هوسرڵ بۆ ماوەی پانزە ساڵ لە گوتنگن بێجگە لە وانەگوتنەوە، هەوڵدەدات کاریگەری لەسەر خوێندکاران و جێگە بۆ میتۆدە فینۆمینۆلۆجییەکەی بکاتەوە. لەم ساڵانەدا دوو پەرتووکی دیکەی لەسەر فینۆمینۆلۆجی بڵاوکردۆتەوە. لە پەرتووکی یەکەمیاندا *Philosophy as a RigorousScience* هەوڵدەدات فەلسەفە لەسەر زەمینەیەکی زانستانە دابمەزرێنێت، وەکو زانستی ماتماتیک خۆی بە ئاکامە دروست و لە گومانبەدەرەکان بگەیەنێت. بەڵام لە پەرتووکی دووەمدا *Ideas Pertaining to a Pure Phenomenology and to a Phenomenological Philosophy* گۆڕانێکی سەرەکی لە بیرکردنەوەی فەلسەفی هوسرڵدا ڕوودەدات. هوسرڵ لەم پەرتووکەدا فینۆمینۆلۆجی بەتەنیا وەکو میتۆد نابینێت و دەیکات بە جۆرێک لە فەلسەفە و بە (فینۆمینۆلۆجی بەرز) یان (فینۆمینۆلۆجی ڕەوان) ناوزەدیدەکات.

ئەمەش دەبێتە هۆکاری دوورکەوتنەوەی چەند خوێندکارێک لە هوسرڵەوە. گوایە مامۆستاکەیان ڕووی لە ئایدیالیزم کردووە و لەژێر کاریگەرێتی دێکارت و فەلسەفەی کانتیی-نوێدا تەماشای کێشە فینۆمینۆلۆجییەکانی کردووە. بیرۆکەی ئەم پەرتووکە

لەنێو زنجیرەیەک وانەی هوسرڵدا، کە لە ساڵی ١٩٠٧ لە زانکۆی گـوتنگن پێشکەشـکران، سـەریهەڵداوە. پـاش بڵاوکـردنەوەی پەرتـووکەکە، کە ئەمـڕۆ بە (ئایـدیاکانی فینۆمینۆلـۆجی) یان (ئایـدیاکان) ناودەبرێـت جیـاوازییەکی بنەڕەتـی لەنێـوان فەلسـەفەی فینۆمینۆلـۆجی هوسـرڵ و متیـۆدی فینۆمینۆلۆجیـدا دەبینرێت.

گرنگە ئاماژە بۆ ئەو خاڵەش بکەین، کە بۆ بەکارهێنانی میتـۆدی فینۆمینۆلۆجی پێویست ناکات شوێن فەلسـەفەی فینۆمینۆلـۆجی بکەویـن و باوەڕمـان بە (فینۆمینۆلـۆجی بەرز) هەبێـت. بیریـارە بوونخوازەکانی، وەکو هایدیگەر، سارتەر و میرلۆ-پۆنتی پەیـڕەوی متیـۆدی فینۆمینۆلـۆجی دەکەن، بەڵام فینۆمینۆلـۆجی بەرز ڕەتدەدەنەوە.

## گروپە فینۆمینۆلۆجیخوازەکان

لەو کاتەوە هوسرڵ لە زانکۆی گوتنگن دامەزرا و هێڵکاری میتۆدە فینۆمینۆلۆجییەکەی لە (لێکۆڵینەوە لۆجیکییەکانـدا) بڵاوکـردەوە،

کۆمەڵێک خوێندکاری لە خۆی نزیککردەوە و توانی کاربکاتە سەر بیرکردنەوە فەلسەفییەکانیان.

ئەم خوێندکارانە یەکەم گروپی فینۆمینۆلۆجییان دامەزراند، کە بە (گروپی گوتنگن) دەناسرێت و لە (ئەدۆلف ڕایناخ، ڤۆن هیلدەبراند، ماکس شیلەر، ئیدیت شتاین، تیۆدۆر کۆنراد، هێرۆگ کۆنراد-مارتیۆس، وینترۆب بێلّ، پۆل ڕۆمان ئین گاردن، ئەلەکسەندەر کۆیەر، جین هێرنگ و فریتز کاوفمان) پێکهاتبوو.

چەند خوێندکارێکی فەلسەفی لە شاری میونیخ ناوی هوسرلیان بیستبوو، سەردانیان دەکرد و ئامادەی وانەکانی دەبوون. هوسرڵ لە ساڵی ١٩٠٤ سەردانی میونیخی کرد و چەند وانەیەکی سەبارەت فینۆمینۆلۆجی بۆ گوتنەوە.

ئەم خوێندکارانە گروپی فینۆمینۆلۆجیخوازی میونیخیان دامەزراند، کە پێکهاتبوو لە (جۆهانسداوبێرت، ئەلێکسەندەر پفێندەر و ئەدۆلف ڕایناخ هەروەها، ماکس شیلەر، کە لە گوتنگن بوو لە ساڵی ١٩٠٦ دا چوو بۆ میونیخ و پەیوەندی بەم گروپەوە

کـرد.)[14] ژیـان و چـالاکییە فەلسـەفییەکانی هوسـرڵ لە سـاڵی ١٩١٦وە تـاکو ١٩٢٨ پەیوەنـدی بە گواسـتنەوەی هوسـرڵ لە گـوتنگنەوە بـۆ فرایبـۆرگ هەیە. لە سـاڵی ١٩١٦ فەیلەسـوفی کانتیی-نویَ (هێنریش ڕیکەرت) خانەنشـین دەکرێـت و هوسـرڵ لە جێگەی ئەو لە زانکۆی فرایبـۆرگ دادەمەزرێـت. تـاکو ئەو ڕۆژەی خانەنشـین دەکرێـت هوسـرڵ لەم زانکـۆیە مامۆسـتا دەبێـت. لەم قۆناخەشـدا دوو پەرتـووک *Formal and Transcendental logic* و *Cartesian Meditations* بڵاودەکاتەوە. لە نزیکیشەوە کاردەکاتە سەر چەند خوێندکارێک و گروپی فینۆمینۆلۆجیخـوازی فرایبـۆرگ پێکـدەهێنێت. ئەم خوێنـدکارانە لە (ئێـدیت شـتاینەر، مـارتن هایـدیگەر، مـارڤن فـاربەر، کـارڵ لـویس، ئـارون گـورویچ، گونتەر شتێرن، هانس-جورج گادەمەر، یوگن فنک، ئەلفرید شوێتز و هتد) پێکهاتبوون.[15]

لە ساڵی ١٩٢٨ هوسرڵ لە زانکۆ خانەنشین دەکرێت و داوادەکات هایـدیگەر لە جـێگەی ئەو دابمەزرێـنن. لەبەر ئەوەی هوسـرڵ بە

---

[14]Dermot Moran, *Introduction to Phenomenology*, pp. 76-77.

[15]هەمان سەرچاوە، ل ٨٤.

بنەچە (جو) بووە، کاتێک نازییەکان دەستەڵاتی سیاسی وەردەگرن ڕوخسەتی وانەگوتنەوەی لێدەسێننەوە و ڕێگەشی پێنادەن سود لە پەرتووکخانەکان وەرگرێت و نوسراوەکانی بڵاوبکاتەوە. لە ٢٧ ی مانگی نیسانی ١٩٣٨ ئەم فەیلەسوفە لە تەمەنی حەفتاونۆساڵیدا توشی نەخۆشی دەبێت و دەمرێت. لە شاری فرایبۆرگ لاشەکەی بە خاک دەسپێردرێت.

## ئەرشیفی هوسرڵ

وەکو باسمانکرد، نازییەکان ڕێگەی بڵاوکردنەوەیان لە هوسرڵ گرت. بۆ ئەوەی نوسراوەکان لەناونەچن، دکتۆر هێرمان ڤان برێدە، لە شاری لوڤین، وڵاتی بەلچیک ئەرشیفێکی بۆ هوسرڵ لە ساڵی ١٩٣٩ دامەزراند و نوسراوەکانی بۆ ئەو ئەرشیفە گواستەوە. نوسراوەکانی هوسرڵ لە بەرهەمە بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەکانی و نامەکانی پێکهاتبوون. ئەرشیفەکە ئەو نوسراوانەشی تێدا کۆکرانەوە، کە لەسەر هوسرڵ نوسرابوون.

دەستنوسەکانی هوسرڵ بە کورتی و لەشێوەی هێمادا نوسرابوون، کە نزیکەی چل هەزار لاپەڕە بوون. تاکو ئەمڕۆ نیوەی ئەم دەستنوسە کورتانە خوێندراونەتەوە و داڕێژراون؛ ڕەوانەی چوار بنکەی فەلسەفی لە (پاریس، فرایبۆرگ، کۆڵۆن و بەفەلۆ) کراون. لە ساڵی ١٩٦٢ چەند بەشێکی لە نۆ بەرگدا بڵاوکرایەوە و پاش دوو ساڵ ئەم زنجیرەیە بوو بە هەژدە بەرگ. چالاکییەکانی دیکەی ئەوانەی ئەرشیفەکە بەڕێوەدەبەن بەستنی کۆنفراسی جیهانییە لەسەر فەلسەفەی هوسرڵ. تاکو ئەمڕۆ چەند کۆنفراسێک لە بروسڵ، کرێفیلد و ڕۆیامۆنت بۆ ئەم مەبەستە سازکراوە.[16]

## هوسرڵ: سروشتگەرایەتی و خۆی بەرز

لەسەرەتای خوێندنی ئەکادیمییەوە هوسرڵ بایەخێکی زۆری بە ماتماتیک و لۆجیک داوە، لەژێر کاریگەرێتی برنیتانۆدا هەوڵیداوە فەلسەفە بکات بە زانست و دواجاریش میتۆدە فینۆمینۆلۆجییەکەی دامەزراندووە.بۆچوونە فەلسەفییەکانی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی (لێکۆڵینەوە لۆجیکییەکان) سەریهەڵدا و لە بازنە

[16] Joseph J. Kockelmans, *Phenomenology*, pp. 20-21.

ئەکادیمی و فەلسەفییەکاندا جێگەی خۆی کردۆتەوە. یەکێک لەو کێشە فەلسەفییانەی هوسرڵ ئاماژەی بۆ دەکات و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشایدەکات سروشتگەرایەتی و ئەو ڕاستییەیە زانستە سروشتییەکان بانگەشەی بۆدەکەن.

بە دیدی هوسرڵ، ڕاستەقینەی دەرەکی بەتەنیا ئەو سروشتە ماتەرییە نییە زانستە سروشتییەکان دەیانەوێت بیناسن. تەنانەت ئەم زانستانە بۆ لێکۆڵینەوەکەیان و ناسینی ڕاستەقینەی دەرەکی پەنا بۆ جۆرێک لە یاسا و بنەما دەبەن، کە لەنێو سروشتدا یان لەنێو ڕاستەقینە دەرەکییەکەدا پەیداناکرێن. ئەو ڕاستەقینەیەی زانستەکان ناتوانن بیناسن شتێکی (بیرۆکەیی-ئایدیالی)یە. بیرۆکە ماتماتیکی و لۆجیکییەکان دەبن بە یاسا و بنەمای زانستە سروشتییەکان. ئەگەر لەو باوەڕەدابین ئەم یاسا و بنەمایانە سروشتی دەبینرێن، بەو جۆرەی درەختێک دەبینین، توشی هەڵە دەبین چونکە سروشتیی نین، سایکۆلۆجییانەن و شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەردەخەن.

ڕەخنەی هوسرڵ ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی زانستە سروشتییەکان نەکراوە، بەڵکو بۆ ڕەتدانەوەی بیروباوەڕی هەندێک لە فەیلەسوفە

ئەزموونگەرییەکانی، وەکو لۆک، هیوم، کومت و ماخ، کە هەموو دیاردەیەکی دەرەکییان لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی سروشتدا ڕوونکردۆتەوە و لایەنی دەروونییان فەرامۆشکردووە، بەکارهێنراوە. هەڵبەتە، سروشتگەرایەتی فرەجۆرە و هوسرڵیش بە ڕادەیەک باوەڕی بە سروشتگەرایەتی هەیە، بەڵام ئەو نایەوێت ئاوڕ لەلایەنی دەروونی نەداتەوە و سروشت بە سەرچاوەی ڕاستی دابنێت، بۆ نموونە دەڵێت، "کەوابوو، سروشتناس تەنیا سروشت یان تەنیا سروشتی ماتەری دەبینێت. ئەوەی هەیە ماتەرە و سەر بە سروشتی ماتەرییە یان فاکتۆرێکی سایکۆلۆجییە، کە لەگەڵ جیاوازییەکەیدا هێشتا پشت بە ماتەر دەبەستێت. بەڵام ئەوەی هەیە سروشتێکی سایکۆفیزیکییە، کە خاوەنی یاسایەکی پتەوی دامەزراوە."[17]

لێرەدا، هوسرڵ دیوی دەرەوە و ناوەوە، سروشت و دەروون بە دوو لایەنی پێکەوە بەستراو بۆ دۆزینەوەی ڕاستی دادەنێت. بەبێ

---

[17]Edmund Husserl, ‘Philosophy as a Rigorous Science, ‘ in *Phenomenology and the Crisis of Philosophy*, translated by Quentin Lauer, New York: Harper and Row, 1965, xxv, 8-9.

یاسا و بنەما سایکۆلۆجییەکان ڕوو لە سروشت ناکات. هیچ جۆرە زانین و زانستێک بەبێ ئەم یاساو بنەمایانە دانانێت. هەروەها، لەو باوەڕەدایە، کە لایەنی سایکۆلۆجی یان (ئاگامەندی) بوونێکی نا-سروشتی و جیاوازی هەیە؛ ئەم جیاوازییەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئاگامەندی جیهان پەیدادەکات. ئەو نایەوێ ڕوو لە ئایدیالیزمی-خۆگەرایەتی بکات چونکە پەیوەندی ئاگامەندی لەگەڵ سروشتدا بە پێویست دادەنێت. بەڵام، مادام بەبێ بوونی ئاگامەندی ناتوانین سروشت بناسین و لە واتاکەی بکۆڵینەوە، ئاگامەندی، بۆ ناسینی سروشت، دەبێت بە مەرجێکی لەپێشتر.

سروشتگەرایەتی نەیتوانیوە باس لەسەر بەبیرۆکەکردنی سروشت و لەپێشتریێتی ئاگامەندی بکات. چەند هەوڵبدات خۆی بۆ بابەتگەرێتی بگەڕێنێتەوە و هەموو شتێک بە بابەتی سروشتی دابنێت، هێشتا مەحاڵە ئاگامەندی و بیرۆکەکانی نێو ئاگامەندی بخاتە ڕیزی ئەو بابەتانەوە. لەم شیکردنەوەیەوە، هوسرڵ بەو ئاکامە دەگات، کە ئاگامەندی و جیهانی نێوبیرکردنەوە سەر بە ڕاستەقینەیەکی جیاوازترن. مادام ئاگامەندی بۆ ناسینی سروشت گرنگی پێدەدرێت و لەپێشترە، دەبێت بە ڕاستەقینەیەکی (بەرز).

لەم ئاکـامەوە فینۆمینۆلـۆجی تەنیـا میتـۆد نیـیە و دەتـوانین بیگۆڕین بۆ جۆرێک لە فەلسەفە، وەکو فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی یـان فینۆمینۆلـۆجی بەرز. ئاگامەنـدی یـان (خۆ) بـوونێکی بەرزی هەیە و سروشـتی نیـیە. لە چەنـد ڕوویەکیشـەوە خەسـڵەتەکانی دەناسـرێن. بـۆ نمـوونە، ئەزموونەکـانی مـرۆڤ کـاتین، ڕووداون، پەیدادەبن و لەنـاودەچن یـان دێـن و دەڕۆن. ئەم پرۆسـەیە، واتە ڕوودانی ئەزموون پێویسـتی بە سـەرچاوەیەک هەیە تـاکو لەوێـوە سەرهەڵدات. خودی سەرچاوەکە، وەکو ئەزمـوونەکە، نـابێ کـاتی بێـت. ئەو سـەرچاوەیەش (خـۆ)یە، کە دەبێـت بە پێشـمەرج و زەمینە بۆ سـەرهەڵدانی ئەزموونەکـان، بەڵام لە ئەزموونەکـانیەوە جیاوازە.

هوسرڵ بڕوای بە مانەوەی (خۆ) پاش لەناوچونی ئەزموونەکان و لەش هەیە. ئەلفریـد شـوتز (یەکێک لە خوێنـدکارەکانی هوسـرڵ) دەیگێـڕێتەوە، کە هوسـرڵ لە سـەرەمەرگدا بە شـوتزی گووتـووە، ئەو نامرێت چونکە (خۆی بەرز) پاش تێکچونی لەش دەمێنێـتەوە و بوونێکی نەبـڕاوەی هەیە.[18] هوسـرڵ لە پەرتووکەکەیدا لەسـەر

[18]Dermot Moran, *Introduction to Phenomenology*, p. 169.

دێکارت دووبـارە جەخـت لەسـەر گرنگـی بوونی (خـۆ) بـۆ زانـین، دروستکردنی واتا و تەنانەت بـوونی جیهـانی دەرەکـی دەکـات.[19] خـۆی بەرز جیهـانی دەرەکـی، وەکـو جیهـانێکی پـڕ لە بـابەتی بیرکـردنەوە و پـڕ واتـا پێکـدەهێنێت. بەبـێ بـوونی خـۆ واتاکـان لەنێو جیهاندا پەیداناکرێن.

خـــۆی بەرز، کە دەبێـــت بە بنـــاخەی دامەزرانـــدنی فەلســـەفەی فینۆمینۆلـۆجی یـان فینۆمینۆلـۆجی بەرز چـی لە خـۆی بەرز لە فەلسـەفەی کانتـدا و خـۆیە ڕەهـاکەی فەلسـەفەی فیخـتەوە کەم نیـیە. هوسـرڵ لەژێـر کـاریگەرێتی ئەم دوو فەیلەسـوفەدا یـان ئایـدیاڵیزمی ئەڵمـانی بەگشـتی بەم بـاوەڕە گەیشـتووە. لەسـەرو ئەمانەوە، دەتوانین بڵێین، کە هوسرڵ دێکارتییانە بیردەکاتەوە و لەژێـــر کـــاریگەرێتی دێکارتـــدا باســـی (خۆ) دەکـــات. لە پەرتووکی (ئایـدیاکان)دا بە ئاشـکرا لەسـەر جیـاکردنەوەی خـۆی بەرز لە جیهـــان و ئەزمـــوونە کاتییەکـــانییەوە دەنوســـێت و بە

---

[19] Edmund Hussrel, *Cartesian Meditations*, translated by Dorin Cairns, The Hague: Nijfhoff, 1967, section 28, p. 62, section 41, p. 84.

بینەرێک لەودیو هەموو ئەزموونەکان و جیهانەوە دایدەنێت.[20] نازانین چۆن خۆی بەرز دەبێت بە بابەتی لێکۆڵینەوەی فینۆمینۆلۆجییانە یان چۆن میتۆدی فینۆمینۆلۆجی بە جەوهەری خۆی بەرز دەگات و واتاکەی دەدۆزێتەوە. سەرباری ئەمە، ڕاڤەکردنی هوسرڵ بۆ (خۆ) تاکو ڕادەیەک ڕیالیستانەیە، بەڵام (خۆ) بە بەرزێتی و جیاوازییەکانی ماوەتەوە و لەنێو کات و شوێندا بووە بە (یەکێتی) تاکە کەس. بێگومان، ئەم پێناسەکردنە فینۆمینۆلۆجییانەیە و لە ڕێگەی میتۆدی فینۆمینۆلۆجییەوە دەیگەێنێ. بێجگە لەم پێناسەیە دژوارە فینۆمینۆلۆجییانە (خۆ) بناسرێت.[21]

ئەگەر خۆی مرۆڤ بوونێکی جیاواز و بەرزی هەبێت و خودی ئەزموونەکان نەبێت، ئەوا هەر یەکێک لە ئێمە دەبێت بە خاوەنی جیهانێکی تایبەت و جیاوازتر لەوانی دی. تایبەتمەندییەکەی هەر تاکێک، لەهەمانکاتدا خاوەنێتی ئەزموون و واتاکان بە تاکە کەس

---

[20] Edmund Husserl, *Ideas, a General Introduction to Pure Phenomenology*, translated by W. R. Boyce Gibson, London: Allen and Unwin, 1931, section 1, p. 57

[21] هەمان سەرچاوە، بەشی دووەم، کورتەبەشی ٢٥، ل ١١٢.

دەدات. ئەزمـــوونی مـــن، کە لەنێــو خــۆی منــدا ڕوودەدات لە ئەزمـوونی کەسـێکی دیـکەوە جیـاوازە. ئەگەر کەسـێکی دیـکە لە ژوورەکەمدا بێت و ئەویش، وەکو من، بڕوانێتە مێزەکە یـان گـوێ لە مۆسـیقاکە بگرێـت، ئەزموونمـان وەکـو یەک ڕوونـادەن. ئەو ناتوانێت بەوشـێوەیەی مـن مێـزەکە دەبیـنم و دەنگـی مۆسـیقاکە دەبیستم ئەزموونی هەبێت. منـیش نـاتوانم بچـمە نێـو ئەزمـوونی ئەو کەســەوە و لەوێــوە تەماشــای مێــزەکە بــکەم و چێــژ لە مۆسیقاکە وەربگرم. من و ئەو دوو ئەزموون و جیهانی جیاوازمان هەیە، کە هەرگیز بە یەکدی ناگەن. ئەو جیهانەی ئەو دەیناسـێت من نایناسم؛ ئەوەی ئەو دەیزانێت مـن نـایزانم و بەپێچەوانەشـەوە دروستە. ئایا ئەمە نابێتە گرفتێکی لە چارەبەدەری فەلسەفییانە؟ ئایــا هەمـــوو بنـــاخەیەکی زانـــین و بەهـــا ڕەوشـــتییەکانیش هەڵناوەشـێتەوە؟ لێـرەدا، گـووتەکەی جۆرجیاسـی سەفسـەتیمان بیـــردەکەوێتەوە، کە دەڵێـــت، "ڕاســـتەقینە نیـــیە؛ ئەگەر لەو بـاوەڕەدابین ڕاسـتەقینە هەیە، ئەوا نایناسـین، ئەگەر بیناسـین نـاتوانین ڕاییگەیەنـین."[22] ئەزمـوونی مـرۆڤ سـەر بە جیهـانی

[22] W.K. C. Guthrie, *History of Greek Philosophy: The*

ناوەوەی (خۆ)یە و کەسێکی دیکە ناتوانێت تیایدا بەشداربێت. کەوابوو، چۆن لەسەر واتا و بەهاکان ڕێکدەکەوین؟ چۆن ئەو بابەتەی لەژێر دەستی مندایە و بۆ نوسین بەکاریدەهێنم بۆ هەموو ئەو کەسانەی دێنە نێو ژوورەکەم (مێزە)؟ ئێمە ناتوانین بەشداری لە ئەزموونی یەکدیدا بکەین، بەڵام لەسەر واتا و بەهاکان ڕێدەکەوین. ئەم ڕێکەوتنە لە فینۆمینۆلۆجیدا بە (نێو-خۆیەتیIntersubjectivity) دادەنرێت.[23] لەکاتێکدا من مێزەکە دەبینم، ئەو ڕاستییە دەزانم، کە ئەو بابەتە تەنیا بۆ من و لە ئەزموونی مندامێز نییە. کەسانی دیکە بەهەمانشێوە دەیبینن و لە واتاکەی تێدەگەن. کەسێک باسی خەم و پەژارەی خۆی دەکات، ڕووداوی مردنی خۆشەویستێکی دەگێڕێتەوە، ئێمە لە

---

*Sophists*, vol. 6, Cambridge: Cambridge University Press, reprinted 2003, pp.197-98. Also; Frederick Copleston, *A History of Philosophy*, vol.1, New York and London: lmage Books, 1993, p. 93.

[23]Edmund Husserl, *Cartesian Mediations*, section 43, p. 91.

شایەنی باسە، نامیلکەی دکتۆراکەی (ئیدیت شتاین)، کە لە ساڵی ١٩١٧ و بە سەرپەرشتی هوسرڵ نوسرا لەسەر کێشەی ئەمجۆرە ڕێکەوتنە بوو. ئیدیت خوێندکارێکی هوسرڵ یەکەم ژن بوو لەنێو فێرگەی فینۆمینۆلۆجیدا چالاک بوو.

ئازارەکەی تێدەگەین و دەزانین خەمبارە. پێویست ناکات، بۆ ئەوەیمن لە خەمی ئەو کەسە تێبگەم بەهەمان ئەزموون و ڕووداوی ناخۆشدا تێپەڕم. ئەگەر منیش خۆشەویستێکم مردبێت زۆرتر هەست بە خەم و پەژارەی ئەو دەکەم، بەڵام ئەم ئەزموونەم بۆ تێگەیشتن لە ئەزموونی ئەو نابێت بەپێشمەرج. هەروەها، مەرج نییە کەسێکی دیکە بۆ تێگەیشتن لەواتای (مێز) بێتە نێو ژوورەکەم و لە ڕێگەی ئەو ئەزموونەوە لەو ڕاستییە تێبگات، کە من دەریدەبڕم. کاتێک دەڵێم، مێزێک لەنێو ژوورەکەمدا لای پەنجەرەکەوە بۆ خوێندنەوە دانراوە، ئەو لە واتای مێز تێدەگات و دەزانێت مێز چییە.

هوسرل، لە تێڕامانی پێنجەمی (تێڕامانە دێکارتییەکان)دا، ئەو پرسیارە لە خۆی دەکات، چۆن لە بوونی کەسانی دیکە تێدەگەم؟ چۆن کەسانی دیکە بۆ من دەردەکەون؟ هەڵبەتە دەرکەوتنی کەسانی دیکە لە ئەزموونی مندا فینۆمینۆلۆجییانە ڕاستەوخۆ دەناسرێت. من، بەو جۆرەی مێزەکە دەبینم، هاوڕێکەشم لە ژوورەکەدا دەبینم. بەڵام بوونی هاوڕێکەم و مێزەکە دوو شتی جیاوازن. بوونی هاوڕێکەم خۆی، وەکو مێزەکە

بۆ من دەرناخات. بەردەوام لایەنێکی نەدۆزراوە لە بوونی ئەودا و لەنێو ئەزموونەکەمدا سەرهەڵدەدات. ئەو، لە ڕێگەی لەشییەوە خۆی بۆ من دەردەخات. دەزانم هاوڕێکەم کەسێکی باڵا بەرز و باریکە، چاویلکەیەکی لە چاودایە و قژی بە لایەکی سەریدا شۆڕکردۆتەوە. بەڵام، هەموو ئەم شتانەی هاوڕێکەم بە من دەناسێنن خودی هاوڕێکەم نین. ئەزموونی من بۆ ناسینی هاوڕێکەم پەیوەندی بەو دیاردانەوە هەیە، کە نوێنەرایەتی ئەو دەکەن و گوزارش بۆ بوونی ئەو دەکەن؛ یان بەگشتی من (لەش) دەناسم. هوسرڵ دەڵێت، "بوونی (کەسانی دی) لە ڕێگەی گەیشتن بەو لایەنە جیاوازانەی بوونییەوە لایەنە بنەڕەتییە نەناسراوەکەی دەدۆزینەوە."[24] سەرباری ئەمە، من لە ڕێگەی (شوبهاندن)ەوە دەزانم هاوڕێکەم خاوەنی (خۆ)یە و (خۆ) خاوەنی (ئاگامەندییە)؛ من چۆن هەست بە بوونی هاوڕێکەم دەکەم و دەیکەم بە بابەتی بیرکردنەوەم، ئەویش هەست بە بوونی من دەکات و دەبم بەبابەتی بیرکردنەوەی. ڕێکەوتنیشمان لەسەر واتاکانی ئەو دیاردانەی لە ئەزموونی هەردووکماندا

[24] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ٥٢، ل ١١٤.

سـەرهەڵدەدەن دەبێـت بە (نێـو-خـۆیەتی). بەبـێ ڕێکەوتنمـان جیهانی نێو-خۆیەتی دروستنابێت؛ مرۆڤیش ناتوانێت خـۆی بکـات بە خـاوەنی کەلتـوور و شارسـتانییەت چـونکە کەلتـوور و شارستانییەت لەنێو-خۆیەتیدا دادەمەزرێن.

## واتای (واتا) لە فینۆمینۆلۆجی هوسرڵدا

هوسـرڵ یەکەم لێکـۆڵینەوەی لە پەرتووکی (لێکـۆڵینەوە لۆجیکییەکان) بـۆ شـێوازی (دەربـڕین) و (واتـا) تەرخـانکردووە. دەربڕینەکانی، وەکو دەستەواژە و ناوەکـان، بە هێمـا دانـاوە، کە ئاماژە بۆ شتێکی دیکە دەکەن. ئەوەی دەربـڕین لە دەسـتەواژەدا لە شـێوازی دەربڕینەکـانی دیـکە جیادەکـاتەوە، بـۆ نموونە (چاوداگرتن)، بەخشینی واتایە.[25] بێجگە لە گەیاندنی واتا، دەربڕینی نێو دەستەواژە ئاماژە بـۆ بـابەتێکیش دەکـات. لێـرەدا، دەربـڕین دوو خەسـڵەت بە خـۆوە دەگرێـت؛ گەیانـدنی (واتا) و

[25] Edmund Husserl, *Logical Investigations*, translated by J. N. Findlay, London: Routledge and Kegan Paul, 1970, Investigation 1, section 1.

ئاماژەکردن بۆ شتێکی دیکە، کە ئەو شتە خودی دەربڕینەکە نییە. ئەم دوو خەسڵەتە گرنگن و پێکەوە گرێدراون. هیچ دەربڕینێک نییە واتابەخش نەبێت چونکە ئاماژە بۆ شتێک دەکات؛ هەروەها، مادام دەربڕین ئاماژەکردنە پێویستە واتابەخشبێت.[26] واتا ئەو خەسڵەتەیە، کە دەربڕین لە ڕێگەیەوە ئاماژە بۆ بابەتەکەی دەکات.

ئەو پرسیارەی سەرهەڵدەدات سەبارەت پەیوەندی نێوان واتا و ئەو بابەتەیە دەربڕینەکە ئاماژەی بۆ دەکات. ئایا واتا و بابەتەکە لەیەکدەچن یان وەکو یەکدین؟ ئایا واتای (مێز) و خودی مێزەکە، وەکو بابەتێکی نێو ژوورەکە بە یەک شت دادەنرێن؟ هوسرڵ لەو باوەڕەدایە ئێمە ناتوانین واتا و بابەتە دەرەکییەکەی دەربڕینەکە ئاماژەی بۆ دەکات بە لێکچو دابنێین. دوو هۆکاریش بۆ ئەم وەڵامە نێگەتیڤە دەدۆزینەوە: یەکەم، هەندێک جار دوو دەربڕین ئاماژە بۆ یەک بابەت دەکەن، کەچی دوو واتای جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە، ئەوەی لە جەنگی (جینا) سەرکەوت ئەو کەسەیە لە جەنگی (واترلوو)دا دۆڕاندی. ئەم دەستەواژانە یان دەربڕینانە

---

[26] هەمان سەرچاوە.

دوو واتـــای جیاوازیـــان هەیە. یەکەمیـــان واتـــای ســـەرکەوتن و دووەمیـان دۆڕانـدن دەبەخشـێت، بەڵام ئەو دوو واتـا جیـاوازانە ئامـــاژە بـــۆ یەک بـــابەتی دەرەکـــی یـــان کەســـێک دەکەن، کە (ناپلیۆن)ە.

دووەم، دەشـــێ دوو جـــۆر دەربـــڕین یەک واتایـــان هەبێـــت و ئاماژەکردنەکانیان جیاوازبن. (مرۆڤ) لە دوو دەربڕینـی جیـاوازدا یەک واتا دەبەخشێت، بەڵام ئاماژەکردنەکە جیاواز دەردەچێت. بۆ نموونە، (ســوکرات مــرۆڤە) و (ئەو مــرۆڤە کاردەکــات). لەم دوو دەستەواژەیەدا (مرۆڤ) یەک واتای هەیە و ئاماژە بـۆ دوو بـابەتی جیاواز (ســوکرات و ئەو کەســەی، کە ســوکرات نیــیە و لەســەر کـارەکەیەتی) دەکـات. هەمـوو نـاوێکی هەمەکـی ئەم خەسڵەتەی تێـدایە. باشــترین نمــوونەی بەردەســتیش بـۆ چەســپاندنی ئەم بۆچوونە ژمـارە (یەک)ە. ئەم ژمـارەیە یـان چەمکـی یەک بـۆ زۆر شت بەکاردێـت و یەک واتـای هەیە. ئـێمە دەڵـێین، یەک مـرۆڤ، یەک ئەسـپ و یەک مێـز. دەربـڕین لە هەرشـێوازێکدا بێـت (گوتن یان نوسین) دوو بەشی هەیە: بەشێکی (ماتەری)، کە لە دەنـگ و

نوسـین لەسـەر کـاغەز پێکـدێت. بەشـەکەی دیکەی (ئایـدیایی)یە و (واتا)کە دەگەیەنێت.

بەشی ماتەری هەموو خەسڵەتە سروشـتییەکانی تێدایە. لە سێ ڕەهەند پێکدێت و لەنێو کات و شوێندایە. بەڵام خـودی (واتـا) خاوەنی سێ ڕەهەند نییە و لەنێو کات و شوێندا نادۆزرێتەوە. واتـای (مێزەکە) پـاش تەواوبـوونی دەربـڕینەکە و لەنـاوچوونی مێـزەکە دەمێنێـتەوە. لەمـڕووەوە، بـۆ هوسـرڵ، (واتا) دەبێـت بە جەوهەری دەربڕین.[27]

باسەکەمان لەسەر (واتا) و پەیوەندی نێوان بیرکردنەوە و بـابەتی دەرەوەی بیرکـردنەوە لە دەربڕینـدا بەرەو گرنگتـرین کێشـەی فینۆمینۆلـۆجی بەناوی (مەبەسـتدارێتی)مان دەبـات، کە لێـرەدا ڕوونیـدەکەینەوە. مەبەستدارێتی پەیوەنـدی نێـوان ئاگامەنـدی و جیهـان دیاریـدەکات. لەو هەڵوێسـت و بۆچـوونە ئایدیالیسـتانە دوورمان دەخاتەوە، کە دەستەڵاتێکی ڕەهـا بـۆ دامەزرانـدنی واتـا بە ئاگامەندی دەدەن و بایەخ بە جیهانی دەرەکی نادەن.

---

[27] هەمان سەرچاوە، لێکۆڵینەوەی یەکەم، کورتەبەشی ١٣.

## مەبەستدارێتی Intentionality

هوسرڵ، لەژێر کاریگەرێتی برنیتانۆدا، لە (لێکۆڵینەوە لۆجیکییەکان)دا باسی مەبەستدارێتی دەکات. شایەنی باسە، برنیتانۆ بۆ دامەزراندنی زەمینەیەکی پتەو بۆ بۆچوونەکەی لەسەر مەبەستدارێتی سودی لە ئەریستۆ وەرگرتووە، بەتایبەتی نوسراوەکەی ئەریستۆ بەناوی (*De Anima*)، کە تیایدا باسی چالاکی و جوڵانی دەروون دەکات. بە دیدی برنیتانۆ و هوسرڵ، هەموو چالاکی و ئەزموونێکی ئاگامەندی مەبەستدارە؛ واتە، مەحاڵە ئاگامەندی لە ئەزموونەکەیدا بەبێ ئەو بابەتەی بیریلێدەکاتەوە یان ڕوویتێدەکات بدۆزرێتەوە. ئاگامەندی بەردەوام بە مەبەستەوە ڕوو لە جیهان دەکات.[28] بیرکردنەوە هەمیشە بیرکردنەوەیە لە بابەتێکەوە و بەبێ بابەتی بیرکردنەوە نییە. مرۆڤ ناتوانێت بیر لە (هیچ) بکاتەوە یان بەبێ بابەتی بیرکردنەوە بیربکاتەوە. ئەم پەیوەندییەی نێوان بیرکردنەوە و بابەتەکەی لە هەستکردندا باشتر دەردەکەوێت. من ناتوانم

---

[28]Edmund Husserl, *Logical Investigations*, vol. 2, Inv. 5, sections 16 and 17.

تەماشای لایەکی ژوورەکەم بکەم، کە چەند شتێکی تێدا ڕیزکراوە و بڵێم، هیچ نابینم. بینین یان بیستن پەیوەندییەکی پێویستیان بە بابەتەکەیانەوە هەیە. ئەم پەیوەندییە پێویستە لە نێوان بیرکردنەوە و بابەتەکەشدا هەیە، کە خەسڵەتی مەبەستداریێتی بە بیرکردنەوە دەدات.

کەوابوو هەموو بابەتێکی بیرکردنەوە بۆ بیرکردنەوە مەبەستە و بیرکردنەوە بە مەبەستەوە ڕوو لە بابەتەکەی دەکات. پێویستە ئاماژە بۆ ئەو خاڵەش بکەین، کە مەرج نییە مەبەستداریێتی (ڕاستی) مسۆگەربکات. کاتێک تەماشای بابەتێک دەکەم، من دڵنیام ئەو شتە دەبینم، بەڵام دڵنیانیم لەوەی ئەوشتە ڕاستە یان نا. لێرەدا دوو خاڵی گرنگ سەرهەڵدەدەن، کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە. یەکەم، ئاگامەندی چالاکییە و بەردەوام ڕوو لە جیهانی دەرەوە دەکات. هوسرڵ ئەم ڕووتێکردنە بە (مەبەستداریێتی) ناوزەددەکات. دووەم، هیچ کاتێک ئەزموونی ئاگامەندی لە ناوەڕۆک بەدەرنییە و بەبێ ئەو بابەتەی لەنێو جیهاندا ڕوویتێدەکات مەبەستداریێتی ڕوونادات. مەبەستداریێتی بیرکردنەوەی بێ ناوەڕۆک و بێ بابەت وەرناگرێت و لەبەر

ڕۆشنایی واتاکەیدا ئاگامەندی دەبێت بە ئاگایی لە شتێک. ئەم ئاکامە، بەتایبەتی بۆ بیریارە بوونخوازەکانی، وەکو هایدیگەر و سارتەر، گرنگە و بە هەڵوێست و ژیانی تاکە کەسەکان لەنێو جیهاندادەیبەستنەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، مرۆڤ دەبێت بە بوونەوەرێکی بەئاگا، کە بەردەوام بیردەکاتەوە و بە مەبەستەوە ڕوو لە جیهان دەکات. مرۆڤ ناتوانێت پاساو بۆ هەڵوێست و کردارەکانی بهێنێتەوە و دەریخات، کە بێئاگا ئەو کارانە دەکات چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاگامەندە و ئاگامەندیش هەمیشە بە ئاگاوە ڕوو لە بابەتەکەی دەکات.[29] مەبەستدارێتی ئاگامەندی فرەجۆرە و مەرج نییە بابەتەکەی لەدەرەوەی بیرکردنەوەدا یان لەنێو جیهاندا بێت. کاتێک بیر لە یادەوەرییەکی ڕابردوومان دەکەینەوە و وێنەکانی لە بیرەوەریماندا دەگەڕێنینەوە، مەبەستدارێتییەکەی بیرکردنەوەمان ڕوو لە دەرەوەی بیرکردنەوە ناکات و ڕوو لەو وێنانە دەکات لە بیرەوەریدا هەڵگیراون. لە

---

[29] ئەم بۆچوونە ئەپستمۆلۆجییە بۆ شیکردنەوەی ئاکار و بەهاکان لە فەلسەفەی بوونگەرایەتیدا گرنگە. مرۆڤ هەرشتێک بکات دەبێت لەئاستی ئەو کارەدا بەرپرس بێت چونکە بەئاگاوە کارەکە دەکات.

لۆجیکدا، کار لەسەر شێواز، دروستی و نادروستی دەستەواژەیەک دەکەین، کە وەکو مێزەکە شتێک نییە لەنێو جیهاندا هەبێت، هێشتا بە بابەتی بیرکردنەوە دادەنرێت. کەوابوو، مەرج نییە ئاگامەندیرۆو لە بابەتێکی دەرەکیبکات، بەڵام پێویستە بابەتێکی هەبێت.[30] مەبەستداریێتی جەختکردنە لەسەر پەیوەندی نێوان بیرکردنەوە و بابەتی بیرکردنەوە. ئەم پەیوەندییە ئاماژە بۆ سێ لایەنی پێکەوەبەستراو دەکات. یەکەم، خودی بیرکردنەوە، دووەم، بابەتی بیرکردنەوە و سێیەم ئەو (واتا)یەی لە ئاکامی ئەزموونی بیرکردنەوە لەگەڵ بابەتەکەیدا سەرهەڵدەدات. هوسرڵ لە سەرەتاوە باسی بیرکردنەوە (وەکو چالاکی یان کردار) و بابەتەکەی کردووە. دواجار لە پەرتووکی (ئایدیاکان)دا ئەم پەیوەندییەی بە ڕاڕەوی (نۆیەما-نۆیەسس) ناوزەدکردووە.[31] بۆ

---

[30] بڕوانە: Edmund Husserl, *Logical Investigations*, vol.2, Inv.5, section 41.

[31] ئەم دوو وشەیە (نۆیەما *Noema* و نۆیەسس *Noesis*) لە بنەڕەتدا یۆنانین. یەکەمیان واتای: ئەو بابەتە دەبەخشێت، کە بیری لێدەکرێتەوە یان بیرکردنەوە ڕووی تێدەکات. دووەمیان چالاکی یان خودی بیرکردنەوەکەیە، بە (واتا)ی بابەتەکە دەگات.

تێگەیشتن لە واتای (واتا) و چۆنییەتی ئەزموونی تاکە کەسەکان لەئاستی جیهانی دەرەوەدا ئەم ڕاڕەوەی دامەزراندوە.[32] دێرمۆت مۆران لەو باوەڕەدایە، هەوڵدانەکەی هوسرڵ بۆ دامەزراندنی ڕاڕەوی (نۆیەما-نۆیەسس) بۆ تێگەیشتن لە واتای (واتا) گەورەترین دەستکەوتی فینۆمینۆلۆجییە.[33]

بەگوێرەی مەبەستداریێتیش، هەموو کاتێک بیرکردنەوە ڕوو لەو بابەتە دەکات، کە دەیەوێت بیناسێت و لە واتاکەی تێبگات. بابەتی بیرکردنەوەکە، هەر چییەک بێت؛ واتە لەدەرەوەی بیرکردنەوە و لەنێو جیهاندا یان بابەتێکی نێو بیرەوەری و ئەندێشە بێت، (نۆیەما)یە. خودی بیرکردنەوەکە یان ئەو ئەزموونەی ئەو کاتە لەئاستی بابەتەکەدا و ناسینی بابەتەکەدایە، کە لە ئاکامدا دەبێتە هۆکاری دیاریکردنی واتاکەی، دەبێت بە (نۆیەسس).

بەمجۆرە، هەموو ئەزموونێکی بیرکردنەوە خاوەنی ئەم دوو لایەنەیە. مەرجیش نییە، واتاکەی دروستبێت. ئەوەی بۆ

---

[32] بڕوانە: Edmund Husserl, *Ideas I*, section 97, pp. 204-5.

[33] Dermot Moran, *Introduction to Phenomenology*, p.155.

بیریارێکی فینۆمینۆلۆجی گرنگە ئامادەبوونی بابەتەکەیە، وەکو دیاردەیەک لەئاستی بیرکردنەوەدا. دیاردە ئامادەیی خۆی بۆ بیرکردنەوە دەردەخات و بیرکردنەوەش ڕوو لە ئامادەبوونەکە دەکات. ئەو کێشەیەی سەرهەڵدەدات و پێویستە ئاوەڕی لێبدرێتەوە فرەجۆری ئەزموونەکان و فرەلایەنی بابەتەکانی نێو ئەزموونەکانە. ئەو ئەزموونەی دوێنێ لەئاستی بابەتێکدا هەمبوو، لەگەڵ ئەو ئەزموونەی ئێستا بۆ هەمان بابەت دوو شتی جیاوازن. تەنانەت بابەتەکەشیان جیاوازە. بۆ نموونە، دوێنێ لای چەپی مێزەکەی نێو ژوورەکە دانیشتم و ئەو لایەم بینی، کە خۆی بۆ من دەرخستبوو. لای چەپی مێزەکە بەشێواز، ڕەنگ، سێبەر و ڕووناکی لەسەر ئەو لایە لەنێو ئەزموونیمندا بوون بە (نۆیەما). ئێستا، لە کاتێکی جیاوازدا و لە ئەزموونێکی نوێوە لەلای ڕاستی مێزەکەوە دانیشتووم و تەماشایدەکەم. لە کاتێکی جیاوازدا و لە ئەزموونێکی نوێوە لەلای ڕاستی مێزەکەوە دانیشتووم و تەماشایدەکەم. بابەتەکە، کە لە ئەزموونی مندا ئامادەیە، شتێکی جیاوازترە لەو بابەتەی دوێنێ خۆی بۆ من دەرخست. (نۆیەما)ی ئێستای نێو ئەزموونەکەم لە (نۆیەما)ی نێو ئەزموونی دوێنێم

جیاوازە. ئەگەر شوێنەکەم بگۆڕم و بەپێوە یان لە بەرزاییەوە بڕوانمە مێزەکە نۆیەمایەکی دیکە بۆ ئەزموونەکەم ئامادەدەکەم، کە لەنۆیەمای لای چەپ و ڕاستی مێزەکەوە جیاوازە. کەوابوو، بەگوێرەی شوێن و کاتی ئەزموونەکانم بابەتی بیرکردنەوەکەم گۆڕانی بەسەردادێت. هەرگیز دوو ئەزموون و دوو نۆیەما نادۆزینەوە جیاواز نەبن یان خاوەنی یەک ناسنامەبن. من، هەرکاتێک بڕوانمە مێزەکە، لایەکی دەبینم، کە دەبێت بە نۆیەمای ئەزموونەکەم و لاکانی دیکە یان (هەموو) مێزەکە نابینم. ئەگەر کەسێکی دیکە بێتە نێو ژوورەکەم و بڕوانێتە مێزەکە، ئەویش لەلای خۆیەوە و بەو ئەزموونەوە بەشێکی مێزەکە دەبینێت، کە لەو بەشەوە جیاوازە خۆی بۆ من دەرخستووە.

بێجگە لەوەی، (نۆیەما) و بابەتە ڕاستەقینەکە لە یەکدییەوە جیاوازن، فرەجۆری ئەزموونەکان بەرەوگرفتی ناسنامەی بابەتەکانمان دەبات. هەموو جارێک، کە دەڕوانمە مێزەکە، ئەو ڕوانینە (مەبەستدارە) نۆیەمایەکی نوێ و واتایەکی نوێ لە ئەزموونی مندا دروستدەکات، کەوابوو، چ شتێک ناسنامە بە بابەتەکە دەدات؟

کێشــەی ناســنامە لە مێـژووی فەلســەفەدا بە درێـژی باســکراوە. بیریـــــارە ئایدیالیســــــتەکان، بەتـــــایبەتی ئەوانەی شـــــوێن جەوهەرگەرایەتـــی دەکەون، بیـــرۆکەی ناســـنامە بـــۆ بـــوونی جەوهەرێکی نەگۆڕ دەگەڕێننەوە. لە فەلسەفەی ڕۆژئـاوادا، دەیڤـد هیـــوم، یەکەم بیریـــارە دژی بیـــرۆکەی ناســـنامە ڕاوەســـتاوە و بناخەکەی ئەپستمۆلۆجییانە هەڵوەشاندۆتەوە.

ئەگەر ئـــێمە، فینۆمینۆلۆجییـــانە پشـــت بە ڕاڕەوی (نۆیەمـــا- نۆیەســس) ببەســتین، مەحــاڵە ناســنامەی بــابەتی بیرکــردنەوە دابمەزرێت چـونکە ئەزمـوون و بـابەتی ئەزموونەکـان فرەجـۆرن و دووبارە نـابنەوە. بەڵام هوسـرڵ بـۆ دامەزرانـدنی ناسـنامە ڕوو لە بــابەتە ڕاســتەقینەکە دەکــات، کە لە نۆیەمــاوە جیــاوازە. بــۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکەی هوسرڵ لەسەر ناسنامە بـۆ نمـوونەی ئەزموونەکـــانم لەئاســـتی مێـــزەکەدا دەگەڕێـــمەوە. مـــن چەنـــد ئەزموونێکی مێزەکەم هەیە. هەریەکێک لەو ئەزموونانە لە کـات و شوێنی جیـاوازەوە لایەنێکـی بابەتەکەیـان بە مـن ناسـاندوە. مـن دەزانم ئەو مێزەی دوێنێ لای چەپ و ئەمڕۆ لای ڕاسـتی دەبیـنم، سبەینێ لە بەرزاییەکەوە تەماشای ڕووبەری سەرەوەی دەکەم یان

دەڕوانمە ژێرەکەی، هەمان مێزە. هەڵبەتە ئەزموونە فرەجۆرەکانی مـن هەر جـارەی لایەنێکـیم بـۆ دەردەخەن، بەڵام ئەو لایەنـانە سـەربە یەکجـۆر بـابەتن، ئەویـش خـودی مێـزەکەیە، کە لەنێـو ژوورەکەدا دانراوە. ئەگەر کەسێکی دیکەش چەند ئەزموونێکی بـۆ مێزەکە هەبێت، کە لەنێو خۆیانـدا جیـاوازن و جیاوازییـان لەگەڵ ئەزموونەکانی منیشدا هەیە، تێدەگات، کە بۆ یەکجۆر بابەتی ڕاستەقینە (مێزەکە) دەگەڕێنەوە.[34]

**بنەمای هەموو بنەماکان**

کاتێـک کـار لەسـەر چـۆنییەتی زانـین دەکەیـن، پێویسـتە ئەو پرسیارە لە خۆمـان بکەیـن، چـی دەزانـین؟ ئـێمە لە نمـوونەکەی پێشـودا و لە ئەزمـوونە فرەجۆرەکانمـان بـۆ مێـزەکە هەرجـارە لایەکـی مێزەکەمـان ناسـی. هوسـرڵیش بـابەتی نێـو ئەزموونەکەمان (نۆیەمـا) لە بـابەتە ڕاسـتەقینەکە جیادەکـاتەوە.

---

[34] بڕوانە: Edmund Husserl, *Ideas I*, section 41, p.77, and *Cartesian Meditations*, section 18, pp. 41-2.

چۆن من بزانم ئەو بابەتەی لەبەردەم بیرکردنەوەی مندا خۆی دەرخستووەوە ڕاستەقینەیە؟

حەزدەکەم بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، نموونەیەکی دیکە بخەمە بەردەم خوێنەر. ئێوارەیە و دنیا بەرەو تاریکی دەڕوات. لەدوورەوە تارماییەک دیارە. هەستدەکەم کەسێکە و بەرەو ڕووم دێت. کاتێک نزیکی دەبمەوە بۆم دەردەکەوێت، کە درەختە. لێرەدا، ئەزموونەکەی من بە دروستی بابەتەکەی خۆی نەناسی یان ئەو بابەتەی خۆی، وەکو کەسێک دەرخست، درەخت بوو. ڕاستی بابەتەکە لەو ئەزموونەی مندا دەرنەکەوت. زانینەکەشم سەبارەت بابەتەکە لە سەرەتاوە نادروستبوو. ئەم ئاکامانە، لەم نموونەیەدا نکۆڵییان لێناکرێت و منیش ناتوانم لەسەر ئەوەی تارماییەکە کەسێکە و درەخت نییەسووربم. بەڵام سەرباری ئەم ئاکامانە دەتوانم جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەم، کە من دیاردەیەکم بینیوە. ئەوجا گرنگ نییە بابەتەکەم بە دروستی ناسیبێت یان نا. ئەو بابەتە لە هەرچ شێوازێکدا خۆی بخاتە بەر ڕۆشنایی ئەزموونم دەبێت بە دیاردە. ئەزموونی من هەرگیز بەبێ دیاردە یان بابەتەکەی ڕوونادات.

هوسرڵ ئەمە بە (**بنەمای هەموو بنەماکان**) دادەنێت و دەڵێت، "هیچ بیردۆزەیەک سەبارەت بە بنەمای هەمووبنەماکان ناتوانێت ڕێگەمان لێبزربکات. هەموو دیاردەیەکی دراو بە درککردنمان دەبێت بە سەرچاوەی زانین."[35] مەبەستی هوسرڵ ئەوەیە، کە ئێمە چەند لە ئەزموونەکانماندا توشی هەڵەکردن بین و بابەتە ڕاستەقینەکە نەناسین، هێشتا نابێت ئەو ڕاستییەمان لەبیرچێت، کە لە هەموو حاڵەتێکدا دیاردەیەک لەنێو ئەزموونەکەماندا دەدۆزینەوە. ئەم ڕاستییە نابەزێنرێت و هیچ بۆچوونێکی فەلسەفی و زانستانە پێچەوانەکەی ناسەلمێنێت.

[35] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ٢٤، ل ٤٣.

## بەشی سێیەم

## میتۆدی فینۆمینۆلۆجی

ئایا پاش تێگەیشتن لە بۆچوونەکانی هوسرڵ و واتـای (فینۆمینە) دەتـوانین پێناسـەی فینۆمینۆلـۆجی بکەیـن؟ هەرچەنـدە یەکجـۆر فینۆمینۆلـۆجی نیـیە و بیریـارانی پـاش هوسـرڵ، بەتـایبەتی بوونخوازەکـان، گۆڕانکارییـان تێـداکردووە، سـەرباری ئەوەو بەگشـتی، فینۆمینۆلـۆجی بـۆ هەمـوو ئەم بیریـارانە بەو میتـۆدە دەگوترێـت، کە بـۆ ناسـینی ئەو بـابەتەی، وەکـو دیـاردە لە ئەزمـوونی ئـێمەدا خـۆی دەردەخـات، دەخـرێتەگەڕ. ئەمەش پێویسـتییەکی فەلسـەفییە چـونکە دەبێـت ڕێگەیەکـی دروسـت و

لەبـار پەیـدابکەین تـاکو لە واتـای بـابەتی بیرکردنەوەمـان یـان هوسرڵ گوتەنی، لە ناوەڕۆکەکەی تێبگەین.

ئەم ڕێگەگـرتنە پێویسـتی بە یەکەم هەنگاونـان هەیە، کە دەبێـت ڕادیکـاڵانە  بێـت و بە کۆتاییمـان بگەیەنێـت. ئایـا مەبەسـت لە هەنگاونـانی ڕادیکـاڵانە چیـیە؟ چ پێویسـت دەکـات سـەرەتایەکی نـوێ بگـرینەبەر لە کاتێکـدا ئـێمە هەنـدێک زانینمـان سـەبارەت جیهـانی دەرەوە و ئەو بابەتـانە هەیە، کە بـۆ ئەزمـوون دەبـن بە دیـاردە؟ پـێش دەستنیشـانکردنی خەسـڵەتی سـەرەتا نـوێکە حەزدەکەم لەو جۆرە زانیـنە بکـۆڵمەوە، کە مـرۆڤ سـەبارەت بـە جیهان و دیاردەکان هەیەتی. ئەمەش یارمەتیمان دەدات لە واتای سـەرەتا نـوێکە و هەنگاونـانە ڕادیکـاڵییەکەی میتـۆدی فینۆمینۆلۆجی تێبگەین.

مـرۆڤ، لەگەڵ پەیـدابوونی لەنێـو جیهانـدا، دەسـتەیەک بەهـا و بیروبـاوەڕی بەسـەردا دەسـەپێنرێت و ناچاردەکرێـت پەیڕەوییانبکـات. ئەم بـارودۆخە ڕێـگەی پێنـادات بێلایەنـانە و سەربەستانە لە ڕاستی تێبگـات. هەمـوو کاتێـک بەم دۆگمایـانەوە ڕوو لە دیاردەکـان دەکـات و بـێلایەن نیـیە. ئەمە دەبێـت بەڕێگـر

لەئاستی ناسینی ڕاستیدا. کەوابوو، بۆ گەیشتن بە ڕاستی و واتای دیاردەیەک دەبێت لە سەرەتایەکەوە دەست بە گەشتەکەمان بکەین تاکو دۆگماکان بەسەر ئاکامەکانییەوە کاریگەر نەبن. سەرەتایەک، کە یەکەم هەنگاونان تیایدا ڕادیکاڵانە بێت؛ واتە شوێن دۆگماکان نەکەوێت یان پشت بە هیچ پێشبیر و پێشبڕیارێک نەبەستێت. ئەمە یەکەم قۆناخی میتۆدی فینۆمینۆلۆجییە و هوسرڵ بە ڕادەیەک لە ژێر کاریگەرێتی دێکارتدا (١٥٩٦-١٦٥٠) بۆ سەرەتاکە هەڵیبژاردووە. دێکارت لە میتۆدەکەیدا گومان لە هەموو جۆرە زانین و بیروباوەڕێک دەکات، کە لە یەکەم ڕۆژی پەیدابوونییەوە لەلای کۆبوونەتەوە. لە سەرەتایەکی نوێوە دەیەوێت بە ڕاستی بگات.[36] هەمانکات،

[36]René Descartes, ‘Meditations on First Philosophy,’ in *The Philosophical Writings of Descartes*, translated by John Cottingham, R. Stoothoff and D. Murdock, Cambridge: Cambridge University Press, 1984, pp.12-14.

حەزدەکەم ئاماژە بۆ نزیکی بۆچوونەکەی هوسرڵ و فرانسیس باکۆنیش بکەم. فرانسیس باکۆن باسی چوارجۆر دۆگما (وەهم)؛ دەکات، کە پێویستە خۆمانی لێ ڕزگاربکەین. بڕوانە:

Anthony Kenny, *A New History of Western Philosophy*, vol. 3, Oxford: Clarendon Press, 2006, pp. 30-32.

جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان بۆچوونی هوسرڵ و دێکارتدا هەیە. دێکارت گومان لە دروستی زانین و بیروباوەڕەکانی دەکات و ڕەتیاندەداتەوە. هوسرڵ لە گوماندا ناژی و ڕەتی دۆگماکان ناداتەوە، بەڵکو (ڕایاندەگرێت) یان (هەڵیاندەواسێت) و نایەوێت بۆ ناسینی ناوەڕۆکی دیاردەکە بەسەر تێگەیشتنەوە کاریگەربن. "لێکۆڵینەوەمان دەبێت لەپێشبیرە مێتافیزیکی، زانستی و سایکۆلۆجییەکان ڕزگاربکرێن. دەکرێت بەبێ کاریگەرێتی بە سەریانەوە ئاماژە بۆ هەندێک سەرچاوە بکرێت. بەڵام نابێت مۆرکی بەسەر شیکردنەوەی لێکۆڵەرەوەکەوە هەبێت."[37]

بەگشتی، خۆڕزگارکردن لەپێشبیرەکان لەم خاڵانەدا کۆدەبێتەوە:

**یەکەم**: خۆڕزگارکردن لە دەستەڵات.

**دووەم**: خۆڕزگارکردن لە نەریتی باو.

**سێیەم**: خۆڕزگارکردن لە زانستی باو.

---

هەروەها بڕوانە: د. محەمەد کەمال، کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا، بەرگی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١٣٤-١٣٥.

[37]Edmund Husserl, *Logical Investigations*, Investigations into Phenomenology and the theory of knowledge, section 7. Also: *Ideas I*, section 31, pp.56-58.

**چوارەم**: خۆڕزگارکردن لە بیردۆزە و بۆچوونە دامەزراوەکان.
هەموو ئەم خاڵانە بۆ دەستەڵات دەگەڕێنەوە. نەریتی باو، زانستی باو لەگەڵ بیردۆزە و بۆچوونە دامەزراوەکان لە تێگەیشتنمان بۆ دیاردەیەک، ڕۆڵی دەستەڵات دەبینن و لەئاستی هەوڵدانەکەمان بۆ ناسینی ڕاستیدەبن بە ڕێگر. ئەگەر ئێمە خۆمان لەم پێشبیرانە ڕزگارنەکەین تێگەیشتنەکەمان لە دیاردەکە لەنێو چوارچێوەی تێگەیشتنی (ئەوان)دا دەرناچێت و هایدیگەر گوتەنی (ڕەسەنانە) دیاردەکە ناناسین.
ئەمە هەنگاونانێکی ڕادیکاڵانە و سەرەتایەکی نوێیە چونکە بە هیچ پێشبیرێکەوە ڕوو لە دیاردەکە ناکات. ئاگامەندی ڕاستەوخۆ بەرانبەر دیاردەکە ڕادەوەستێت و بەبێ پێشبیر و پێشبڕیارەوە هەوڵی ناسینی دەدات. دیاردەکەش بەو جۆرەی هەیە خۆی دەردەخات. لەم سەرەتایەوە ئاگامەندی بۆ (خودی شتەکان) یان خودی دیاردەکان دەگەڕێتەوە.
لە شیکردنەوەکەماندا چەند چەمکێکی فینۆمینۆلۆجییانەمان بەکارهێناوە؛ خۆڕزگارکردن لە پێشبیرەکان، گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان و لەنێو-کەوانە-دانان (epoché). ئەم چەمکانە

پەیوەنـدییان بە یەکـدییەوە هەیە. خۆڕزگـارکردن لەپێشـبیرەکان ڕاستەوخۆ ئاگامەندی بەدیاردەکە دەگەیەنێت و دیاردەکە خۆی بۆ ئاگامەنـدی دەردەخـات. ئەم پەیوەنـدییەی نێـوان ئاگامەنـدی و دیاردەکە لەو سەرەتا نوێیەوە و بەبێ کـاریگەرێتی پێشـبیرەکان، وەکو دانـانی ئەو دیـاردەیەیە لەنێـوان دووکەوانەدا، کە بە زمـانی یۆنانی بە واتای (ئیپۆخ epoché) دێت. ئەگەر بمەوێـت لە واتـای مێـزەکە تێـبگەم، پـاش خۆڕزگـارکردنم لە دۆگمـای پێشـبیرەکان سەبارەت بە ئەو دیاردەیە ڕاستەوخۆ دەڕوانمە مێزەکە، بەو جۆرە خۆی دەردەخات دەیبینم و لە واتاکەی دەکۆڵمەوە. ئەمە، وەکـو دانانی مێـزەکەیە لەنێـو دووکەوانەدا تـاکو لە دیاردەکـانی دیـکەی جیـاکەینەوە و تەنیـا سـەرنجی ئەوبـدەین. بەکارهێنـانی چەمکـی لەنێـــو—کەوانە-دانـــان لای هوســـرڵ بـــۆ زانســـتی ژمێریـــاری دەگەڕێتەوە. ئێمە باسمانکرد، هوسـرڵ کـاری لەسـەر فەلسـەفەی ماتماتیک کردووە و لەنێو-کەوانە-دانان لە ماتماتیکدا بەکاردێـت. حەزدەکەم لەبەر ڕۆشـــنایی نمـــوونەی ئەزمـــوونی مـــن لەگەڵ مێزەکەدا باشتر سـەرەتا ڕادیکـاڵییەکەی میتـۆدی فینۆمینۆلـۆجی ڕوونبکەینەوە. من دەمەوێت بزانم ئەو بابەتەی لە ژوورەکەمدا بـۆ

نوسین و خوێندنەوە بەکاریدەهێنم و کتێبەکانی لەسەر دادەنێم چ ناوەڕۆکێکی هەیە یان چۆن واتاکەی دەدۆزمەوە.

ئەگەر فینۆمینۆلۆجییانە بیر لە ئەزموونەکەم لەگەڵ بابەتەکەدا نەکەمەوە و لەژێر کاریگەرێتی پێشبیرەکانەوە ڕوو لە بابەتەکە بکەم، ئەوا (بەو جۆرەی بابەتەکە خۆی دەردەخات) ناناسم. واتە؛ پێشبیرەکان لە ئاستی ناسینی مندا بۆ بابەتەکە دەبن بەڕێگر. گریمان، من فینۆمینۆلۆجییانە بیرناکەمەوە و بە پێشبیرەکانەوە ڕوو لە بابەتەکە دەکەم. لە ڕێگەی زانستی باوەوە دەزانم، کە مێزەکە لە ژمارەیەکی زۆر ئەتۆم پێکهاتووە. ئەوانەی دێنە نێو ژوورەکە و مێزەکەیان بینیوە، دەڵێن، مێزێکی کۆنە و ڕەنگی ڕۆیشتووە یان حوکمی (ئێستاتیکی) بەسەردا دەدەن و دەڵێن جوان نییە. ئەگەر من بەم پێشبیرانەوە ڕوو لە مێزەکە بکەم ناتوانم ئەزموونێکی بێلایەنانە و دواجاریش ڕەسەنانەم بۆ ئەو بابەتە هەبێت. ئایا دروستە مێزەکە لە ئەتۆمەکان پێکهاتووە یان کۆنەو جوان نییە؟ ئایا مێزەکە بەوجۆرە خۆی بۆ ئەزموونی من دەردەخات؟ ئایا من ئەتۆمەکان یان ئەو دیاردەیەی پێی دەگوترێت مێزدەبینم؟ سەرچاوەی زانین لە میتۆدی

فینۆمینۆلۆجیدا خودی دیاردەکەیە، کە ڕاستەوخۆ بەو جۆرەی خۆی دەردەخات،هەیە. ئەمەش بۆ هوسرڵ (بنەمای هەموو بنەماکان)ە. ئاگامەندی، لە ئەزموونەکەیدا، خۆی بەم دیاردەیەوە خەریکدەکات و دەیەوێت بە ناوەڕۆکەکەی بگات. من چۆن بزانم مێزەکە لە ئەتۆم پێکهاتووەلەکاتێکدا لەنێو ئەزموونەکەمدا ئەتۆم دەرناکەوێت؟ چۆن بڵێم مێزەکە جوان نییە، لە کاتێکدا بۆ من جوانە و سودبەخشە؟ ئەو بابەتەی بۆ من (مەبەستە) نە ئەتۆمەکانە و نە شتێکی ناشرین، بەڵکو خودی دیاردەیەکە، کە ئێستا بەو جۆرە خۆی دەرخستووە و لەوە زۆرتر چی دیکە نییە. لەم پرۆسەیەدا یان ئەزموونە ڕاستەوخۆیەدا سێ لایەن بەشداریدەکەن: ئاگامەندی (بەهەستکردنەوە) ڕوو لەو بابەتە دەکات، کە مەبەستێتی؛ بابەتەکە لەنێو ئەزموونەکەدا دەبێت بە دیاردە و خۆی دەردەخات؛ دواجاریش، هەموو کاتێک لە ئەزموونددا دەزانم، کە من هەست بەو دیاردەیە دەکەم. ئەم سێ لایەنە بونیادی ئەزموونەکەم پێکدەهێنن و هەموو کاتێک لە ئەزموونددا (من بیر لە شتێک دەکەمەوە). مەبەستی فینۆمینۆلۆجی تێگەیشتنە لەم بونیادە، کە هوسرڵ بە زمانی

لاتینــی ناویـدەنێت، (*ego cogito cogitatum*). هەمـوو شـتێکی زانــراو بــابەتی بیرکــردنەوەیە (*cogitatum*). بیرکــردنەوە یــان ئەزموونەکانمـان دەبـن بە (*cogito*) و لە (مـن)ەوە یـان (*ego*)وە بەرجەستەدەبن.

ڕووکــــردن لە دیـــاردەکە لەلایەن ئاگامەنـــدییەوە، لەم قۆنـــاخە سەرەتاییەدا (هەڵوێسـتی سروشـتی)یە.[38] ئاگامەنـدی دەرهـاوێژە، بەردەوام ڕوو لە دەرەوە دەکـات و ڕۆشــنایی دەخــاتە ســەر ئەو دیاردانەی مەبەستێتی. دیاردەکانیش خۆیـان بـۆ ئەو دەردەخەن. ئایا لە چ ڕوویەکەوە ئەم هەڵوێستە سروشتییە؟ ئایا (سروشتیی) بۆ هوسـرڵ چ واتـایەکی هەیە؟ لە کاتێکدا دەڵـێن هەبوویەک بە سروشــت ئەم خەســڵەتەی هەیە، مەبەســتمان ئەو خــاڵەیە، کە خەسڵەتەکە سـەر بە بـوونی هەبووەکەیە و بەبـێ ئەو خەسڵەتە هەبووەکە پەیداناکرێت یان خەسڵەتەکە لە دەرەوەی هەبـووەکەوە ناخرێتە سەربوونی. (بینین) خەسـڵەتی سروشـتیی (چاو)ە؛ ئەگەر چـاو هەبێـت پێویسـتە تەوانـای بینینـی هەبێـت. بینـین بـۆ ئەم ئەندامەی لەش خەسـڵەتێکی سروشـتییە. هەمـوو ئەو هەبـووانەی

---

[38]Edmund Husserl, *Ideas I*, section 27, p.51.

چاویـان هەیە دەتـوانن ببیـنن. ئەوجـا، گرنـگ نیـیە بـابەتی بینینەکەیان چی بێـت یـان تـاکو چ ڕادەیەک دروسـتبێت. هەمـوو مـرۆڤێکیش، وەکـو بـوونەوەرێکی ئاگامەنـد و هەسـتیار بەردەوام دەڕوانێتە جیهانی دەرەوە و هەست بە بوونی بابەتەکـان دەکـات. مەرج نییە ڕوانیـنەکەی بیردۆزەییـانە بێـت و هەوڵبـدات لە واتـای بابەتەکـان تێبگـات. لەم قۆنـاخەدا، کە بە هەڵوێسـتی سروشـتی دادەنرێـت واتاکـان پەیـداناکرێن. بەڵام بـۆ پەیـداکردنی واتاکـان هەڵوێستی سروشتی پێویسـتە. ئەگەر مـن بمەوێـت لە واتـای ئەو بابەتەی کتێبەکـانی لەسـەر دانـراوە و بـۆ نوسـین بەکاریـدەهێنم، تێبگەم، دەبێت ڕوو لە بابەتەکە بکەم و هەست بە بـوونی بـکەم. لەم ڕووەوە، بۆ تێگەیشتن لە واتای هەڵوێستی سروشتیی هوسرڵ دەڵێـت، "مـن هەسـت بەبـوونی جیهـان دەکەم، کە لەنێـو کـات و شوێندا بێ کۆتـایی پەرشـوبڵاوبۆتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت، مـن، یەکەمجـار، جیهـان ڕاسـتەوخۆ بە ئەزمـوون و درککـردن دەدۆزمەوە. لە ڕێـگەی بینـین، دەسـتلێدان، بیسـتن و هتـد، لە ڕێـگەی هەسـتکردنە فرەجۆرەکـانەوە هەبـووە ماتەرییەکـانی نێـو شـــوێن بـــێ ئەوەی مـــن خـــۆم پێیـــانەوە مانـــدووبکەمبۆ

من (ئاماده)دەبن."[39] گرنگ نییە مرۆڤ چۆن لە جیهان تێدەگات، ئەو، وەکــو هەبــوویەکی ئاگامەنــد بەردەوام ڕوو لە بابەتەکــانی دەرەوەی دەکات و بابەتەکانیش خۆیان بـۆ ئەو دەردەخەن. ئەمە هەڵوێسـتێکی سروشـتییە لە بوونی مرۆڤـدا. لەهەمانکاتـدا، ئەم هەڵوێسـتە دژی سۆڵیپسـیزم (Solipsism) ڕادەوەسـتێت چـونکە نکـۆڵی لە بـوونی ڕاسـتەقینەی بـابەتە دەرەکییەکـان ناکـات. بابەتەکان بە مەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بۆ زانین دادەنێت.[40]

ئەزمــوونی فینۆمینۆلۆجییــانە، کە لە هەڵوێســتی سروشــتییەوە دەستپێدەکات، ڕاستەوخۆ ڕوو لە بابەتە دەرەکییەکە دەکات. بـۆ تێگەیشـتنێکی دروسـت لە واتاکەشـی، بـابەتەکە دەخـاتە نێـو

---

[39] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ٢٧، ل٥١.

[40] سۆڵیپسیزم بۆچوونێکی فەلسەفییە، کە جەخت لەسەر ڕۆڵی ئاگامەندی بۆ ناسینی ڕاستی و پەیداکردنی زانین دەکات. بۆنموونە ویتگنیشتاین لەو باوەڕەدایە بارودۆخ و بۆچوونی هەریەکێک لە تاکە کەسەکان تایبەتە. هەر تاکە بە جۆرێکی جیاواز لە ڕاستەقینە تێدەگات. باسکردنی بابەتێک لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە دەگۆڕێت. ئەمە پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە. هەروەها، بۆ تۆماس ناگل، ئێمە لە کەسانی دیکەوە جیاوازین و هەرگیز لە ئەزموونیان تێناگەین. ئەگەر مرۆڤ بە واتا و ڕاستی هەبووەکان بگات، تێگەیشتنەکەی ناوەکییە و پەیوەندی بە لایەنی دەرەکییەوە نییە.

کەوانەوە و خۆی لە کاریگەرێتی هەموو پێشبیرەکان ڕزگاردەکات. هەموو ئەزموونێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بابەتەکەدا چ لە ڕێگەی هەستکردنەوە یان بیرکردنەوە درککردنە (intuition) بە بابەتەکە. هەموو کاتێک، پەیوەندی نێوان هەستکردن و بابەتی هەستکردن، بیرکردنەوە و بابەتی بیرکردنەوە درککردنێکی ڕاستەوخۆیە. هیچ شتێک ناکەوێتە نێوانیانەوە یان هەستکردن ڕێگەیەکی دیکە بۆ گەیشتن بە بابەتەکەی نادۆزێتەوە. کەوابوو، لە میتۆدی فینۆمینۆلۆجیدا بابەتی توێژینەوە ڕاستەوخۆ بۆ بیرکردنەوە ئامادەیە. ئامادەبوونی بابەتی بیرکردنەوە، کە دەبێت بە دیاردە، بنەمای هەموو بنەماکانە، پێش هەموو بیردۆزە و تێگەیشتنێکی شیکارییانە دەکەوێت. سەرباری گرنگی و بنەڕەتێتی هەڵوێستی سروشتیی، هەستکردن بە دیاردەکە تەنیا ئامانج و مەبەستی میتۆدی فینۆمینۆلۆجی نییە. پێویستە لە ڕێگەی درککردنە ڕاستەوخۆکە بەدیاردەکەوە و هەستکردن بە بوونی یان ئامادەبوونی دیاردەکە بۆ ئاگامەندی، هەوڵبدەین لە ناوەڕۆکەکەی تێبگەین، کە واتای دیاردەکە دەردەخات. لەمڕووەوە، دوو جۆر

درککــردن و ئەزمــوونی فینۆمینۆلۆجییــانە دەستنیشــاندەکەین. یەکەمیان دیاردەکەمان پێدەناسێت و دووەمیان واتا و نـاوەڕۆکی دیاردەکە ئاشـکرادەکات. لەبەر ئەمە، هەڵوێسـتی سروشـتیی دوا قۆناخی میتۆدی فینۆمینۆلۆجی نییە. لەنێو-کەوانە-دانان و خـۆ-ڕزگــارکردن لەپێشــبیرەکان بــۆ مەبەســتی دۆزیــنەوەی واتــای دیـــــاردەکەیە، کە لە قۆنـــــاخی دووەمـــــی میتـــــۆدەکەدا دەستماندەکەوێت. هەریەکێـک لەم دوو ئەزمـوونە ڕاسـتی دیـاردە درککــراوەکە جیــاواز دەردەخــات. لە ئەزمــوونی یەکەمــدا، کە (درککردنــی هەســتەکی)یە دیــاردەکە بــابەتێکی هەنــدەکی نێوکات و شوێنە و بەردەوام گۆڕانی بەسـەردادێت. لە ئەزمـوونی دووەمدا (درککردنی هۆشەکی) دیاردەکە لەنێـو بیرکـردنەوەدایە و دەبێت بە چەمکێکی هەمەکی، کە واتا و نـاوەڕۆکی دیـاردەکەیە. هوسـرڵ چەمکـی بیـرۆکە (*eidos*) و جەوهەریـش بـۆ نـاوەڕۆکی دیاردەکە بەکاردەهێنێت.[41] بـۆ نمـوونە، میـزەکەی نێـو ژوورەکە، کە ڕاســتەوخۆ لە ئەزمــوونی منــدا بــووە بەدیــاردە، بــابەتێکی دەرەکی و هەنـدەکی نێوکـات و شـوێنە، گـۆڕانی بەسـەردادێت و

---

[41] Edmund Husserl, *Ideas I*, section, 2, p.11.

لەناودەچێـت، بەڵام بیـرۆکەی مێـز، پـاش سـەرهەڵدانی لەنێـو بیرکـردنەوەی منـدا، هەمەکیـیە و گـۆڕانی بەسـەردانایەت. ئەگەر مێـزەکە لەنێـو ژوورەکە نەمێنێـت بیـرۆکەکەی لای مـن وننابێـت. چۆن بە بیرۆکەی دیاردەکان دەگەین و لە ناوەڕۆکیان تێدەگەین؟ وەکـو باسـمانکرد، دوو جـۆر درککـردن هەیە: هەسـتەکی و هۆشـەکی. هەریەکێـک لەم دوو جـۆرە درککـردنە قۆنـاخێکی فینۆمینۆلۆجییـانەی پێکەوەگرێـدراو دروسـتدەکات، کە بە (کەمکردنەوەیفینۆمینۆلۆجییـانە) و (کەمکـردنەوەی بیرۆکەیـی) دادەنرێن. لە یەکەمیاندا، ئاگامەندی خۆی بە دیاردە دەرەکییەکە و لە دووەمـدا بە بیـرۆکەی دیـاردەکە دەگەیەنێـت و درککردنـی کاتیگۆرییانەی لا پەیدادەبێت.

**کەمکردنەوەی فینۆمینۆلۆجییانە**

بـۆ تێگەیشـتنی ڕەسـەنانە لەو بـابەتەی دەمانەوێـت نـاوەڕۆکی بـدۆزینەوە، پێویسـتە خۆمـان لە پێشـبیرەکان ڕزگـاربکەین، بـابەتەکە بەتەنیـا بخەیـنە نێـو دوو کەوانەوە و ڕاسـتەوخۆ ڕوویتێکەین. لەمحاڵەتەدا بـابەتەکە بەو جۆرەی هەیە خـۆی بـۆ

ئـێمە دەردەخـات و لە ئەزموونەکەمانـدا دەبێـت بە (دیـاردە یـان فینۆمینە).

ئەم میتۆدە بەڕادەیەک لە میتۆدی گومانکـاری دێکـارت دەچێـت، بەڵام هوسـرڵ لە ئاکـامی گومـانکردن لە پێشـبیرەکان بـابەتەکە لەنێـو کەوانەدا دانانێـت. ئەو پێشـبیرەکان ڕادەگرێـت یـان لەم قۆناخەدا نایەوێـت بەکاریانبهێنێـت تـاکو بەسـەر بۆچـوونەکەیەوە کـــاریگەرنەبن. بـــۆ نمـــوونە بـــۆ ناســـینی ئەو بـــابەتەی لە ئەزموونەکەمدا دەرکەوتووە و دەمەوێت بیناسم. پەنا بۆ بۆچـوون و بیروباوەڕەکـانی کەسـانی دیـکە لەسـەر بـابەتەکە نـابەم. مـن دەمەوێت ڕاستەوخۆ بیناسم. مەرج نیـیە ئەزمـوونەکەم ئاکـامێکی دروسـتم بـداتێ، ئەوەی بـۆ مـن گـرنگە ئەزمـوونی ڕەسـەنانە و ڕاستەوخۆی منە، کە سەربەستانە ڕوو لە بابەتەکە دەکات. ئەگەر من بە پێشبیرەکانەوە ڕوو لە بـابەتەکە بـکەم مەحـاڵە بێلایەنـانە بـڕوانمە بـابەتەکە و لە واتـاکەی تێـبگەم. بـۆچی ئەم قۆنـاخە سـەرەتاییە و پەیوەنـدییە ڕاسـتەوخۆیەی نێـوان ئاگامەنـدی و بـــابەتی بیرکـــردنەوەی بە کەمکـــردنەوەی فینۆمینۆلۆجییـــانە دادەنرێـت؟ بـۆ دیـاریکردنی بونیـادی ئاگامەنـدی ئەو خاڵەمـان

باسکرد، کە ئاگامەندی هەمیشە ئاگاییە لە شتێکەوە، کۆجیتۆ دێکارتییەکە دەبێت بە (*cogito cogitatum*)؛ واتە (من بیر لە شتێک دەکەمەوە). ئایا ئەو شتە چییە؟ من بیر لە زۆر شت دەکەمەوە، کە هەریەکێک لەوان جیاوازە، بۆ نموونە مێزی نێو ژوورەکە، هاوڕێکەم، بیرۆکەی نێو ئەو پەرتووکەی دوێنێ خوێندمەوە و... هتد. من دەزانم ئەم شتانە واتا و ناوەڕۆکی جیاوازیان هەیە. بیرکردنەوەشم بەردەوام بە یەکێک لەم شتانەوە گرێدراوە. لێرەدا دوو ڕاستیم بۆ دەردەکەوێت؛ یەکەم، من بەردەوام بیر لە شتێک دەکەمەوە و بۆ ساتێکیش بیرکردنەوەم بەبێ بابەتی بیرکردنەوە *Cogitatum* نادۆزمەوە. دووەم، گرنگ نییە بابەتی بیرکردنەوەم چی و چۆن بێت؛ بە دروستی بیناسم یان نا، پێویستە بزانم، کە ئەو بابەتەی بیریلێدەکەمەوە خۆی، وەکو دیاردەیەک بۆ بیرکردنەوەکەم دەرخستووە. هەموو ئەو بابەتەی لە ئەزموونەکانماندا دەناسرێن بۆ ئاگامەندی دەبن بە (دیاردە یان فینۆمینە). پێش ئەوەی بیرۆکە و ناوەڕۆکی مێزەکە بدۆزمەوە دەزانم، ئێستا ئەو بابەتە دیاردەیە و خۆی دەرخستووە یان لەنێو ئەزموونی مندا دیاردەیەکە و

سەریهەڵداوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمخاڵە نموونەی هەستکردن بە بوونی مێزەکە دەهێنمەوە. من دەڕوانمە مێزەکە، بەو ڕوانینە مێزەکە دەخەمە نێو کەوانە و بە تەنیا دەیبینم. پشت بە هیچ پێشبیرێک بۆ ناسینی مێزەکە نابەستم. لەم ئەزموونەدا مێزەکە، وەکو دیاردەیەک خۆی بۆ من دەردەخات، منیش ئەو دەبینم و بە (مەبەستەوە) ڕوومتێکردووە. مێزەکەم کەمکردۆتەوە بۆ دیاردەیەکی ڕووت، لەنێو ئەزموونەکەمدا دامناوە و بیریلێدەکەمەوە.

مێزەکە لە بابەتێکی دەرەکی و سروشتیی نێو شوێن و کاتەوە دەبێت بە دیاردەیەک یان (فینۆمینە)ی نێو ئەزموونەکەم. ئەم پرۆسەیە کەمکردنەوەی فینۆمینۆلۆجییانەیە. کەوابوو، ئەگەر بمانەوێت پێناسەی ئەم پرۆسەیە بکەین، دەتوانین بڵێین، کەمکردنەوەی فینۆمینۆلۆجییانە بابەتی دەرەکی بۆ دیاردەی نێو ئەزموونی ئاگامەندی دەگۆڕێت. هەموو ئەو بابەتانەی بەر ڕۆشنایی ئاگامەندی دەکەون و خۆیان بۆ ئاگامەندی دەردەخەن، لەم قۆناخە سەرەتاییەدا، دەبن بە دیاردەیەکی ڕووت.[42]

---

[42] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ١٩، ل ٣٦-٣٧.

فینۆمینۆلۆجی، (کە گەڕانەوەیە بۆ دیاردەکان) هەموو بابەتێکی دەرەکی نێو ئەزموون بە دیاردە دادەنێت. هیچ بیردۆزە و پێشبیرێک لەئاستی ئەم ڕاستییەدا ئێمە فریونادات چونکە ئەو بابەتەی دەمانەوێت بیناسین و ڕوومانتێکردووە ڕاستەوخۆ لە ئەزموونەکەماندا بووە بە دیاردە و خۆدەرخستنی دیاردەکە بۆ ئاگامەندی گۆڕانکاری بەسەر بابەتەکەدا، لە هەبوویەکی دەرەکی نێو جیهانەوە بۆ دیاردەیەکی نێو ئەزموون دەهێنێت. لێرەدا، بابەتەکە پەیوەندییەکی زەروری لەگەڵ ئاگامەندییدا دروستدەکات. ئاگامەندیش ڕوو لەو دیاردەیە دەکات، کە خۆی دەرخستووە، ئامادەیە و دڵنیایی پێدەبەخشێت. کەوابوو، کەمکردنەوەی فینۆمینۆلۆجییانە، لەهەمانکاتدا تێڕوانین و زەمینەیە بۆ دامەزراندنی ئەپستمۆلۆجییەکی فینۆمینۆلۆجییانە. دڵنیاییەکەش لە ئاکامی دامەزراندنی بنەمای هەموو بنەماکانەوە سەرهەڵدەدات؛ واتە لەم قۆناخە سەرەتاییەدا، کە ئاگامەندی هیچ لەبارەی ناوەڕۆکی دیاردەکەوە نازانێتیان هێشتا واتاکەی نەدۆزیوەتەوە و لەوە دڵنیایە، کە ئەزموونەکەی ڕووی لە

دیاردەکە کردووە چونکە بیرکردنەوە بەبێ بابەتی بیرلێکراوە نییە.

بونیادی هەموو بیرکردنەوەیەک، کە (بیرکردنەوەیە لە شتێکەوە) دروستیی بنەمای هەموو بنەماکان دەسەلمێنێت. تەنانەت بینینی تەراویلکە لە بیاباندا ئەزموونێکی فینۆمینۆلۆجییانەیە. ئەو بابەتەی، وەکو خۆی، خۆی دەردەخات بۆ ئاگامەندی دەبێت بە دیاردە. بێ دڵنیابوون لە ڕاستی ئاوەکە، ئاگامەندی دەزانێت، کە ئەو شتە خۆی لە ئەزموونەکەیدا بە دیاردە کردووە و دەرکەوتووە. بۆ ئەوەی بزانین ئەو دیاردەیە ئاوە یان تەراویلکەیە، ئاگامەندی پێویستی بە قۆناخێکی دیکەی فینۆمینۆلۆجییە.

دیاردەکانی نێو قۆناخی کەمکردنەوەی فینۆمینۆلۆجییانە هەموو بابەتە دەرەکی و ناوەکییەکان دەگرنەوە. دەرەکی، وەکو مێزەکە و وێنەیەکی نێو ئەندێشە، وەکو یەک بۆ ئاگامەندی دەبن بە دیاردەی فینۆمینۆلۆجییانە. بەڵام جیاوازی لەنێوانیاندا پەیدادەکرێت. مێزەکە، وەکو بابەتێکی دەرەکی و دیاردەی نێو ئەزموونی هەستکردنم ئاماژە بۆ هەبوویەکی دیکە و بناخەیەک

ناکات لێوەی دەرچووبێت یان وەرگیرابێت، کەچی دیمەنێک لەنێو ئەندێشەمدا، هەرچەندە دەبێت بەدیاردەی بیرکردنەوەکەم ئاماژە بۆ دیاردەیەکی دیکە دەکات، کە لێوەی وەرگیراوە. بێجگە لەمە هوسرڵ جیاوازییەکی گرنگتر لەنێوانیاندا باسدەکات. لەوباوەڕەدایە دیاردەی مێزەکە، کە ڕاستەوخۆ لە ئەزموونی هەستکردنمدا دەردەکەوێت بەردەوام گۆڕانی بەسەرردادێت. ئەزموونەکانم هەرجارە بە جۆرێکی جیاواز مێزەکە دەناسن. ناسینەکە دەکەوێتە سەر ئەوەی من لە کوێوە ڕوو لە مێزەکە دەکەم. هەموو جارێک مێزەکە جیاواز خۆی دەردەخات و منیش جیاواز دەیبینم. لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییەدا بوونی دیاردەکە لە ئەزموونەکەمدا ڕاستەقینەیەکی بەڵگە نەویستە. دیاردەی دووەم، کە لەنێو ئەندێشەمدایە و بۆ نێو بیرکردنەوەم دەیگەڕێنمەوە، نەگۆڕە. هەروەها، من ناتوانم، وەکو مێزەکە لە چەند لایەنێکەوە تەماشاییبکەم چونکە ئەو بەیەکجۆر خۆی دەردەخات. ئەزموونی ئەم دیاردەیە، کە لەجیهانی نێو ئاگامەندیدا ڕوودەدات و

ئاگامەنــدی لەنێــو خــۆیەوە بەرەوجیهــانی دەرەکــی دەرناچێــت بە (هەستکردنی ناوەکی) دادەنرێت.[43]

لەئەزمووندا، (چ هەستکردنێکی دەرەکی یان نـاوەکی)، بابەتەکـان بۆ دیاردە کەمکراونەتەوە و (خۆ) بەردەوام لە ئاستیاندا ئامادەیە. دیــاردەکە بــابەتی نێــو ئەزمــوون و ئەزمــوونیش چــالاکییەکی مەبەستداری (خۆ)یە. (خۆ) دەزانێت بەو ئەزموونەدا تێدەپەڕێت، کە دیاردەکەی تێدا بەرجەستەبووە. کەوابـوو، لە کەمکـردنەوەی فینۆمینۆلۆجییانەدا تەنیا بە بوونی دیاردەکە نـاگەین و دەتـوانین لەوێوە باسی بوونی (خۆ) بکەین.

**کەمکردنەوەی بیرۆکەیی**

میتــۆدی فینۆمینۆلــۆجی بە کەمکــردنەوەی فینۆمینۆلۆجییــانە دەستپێدەکات و بوونی دیـاردەکەی نێـو ئاگامەنـدی دەدۆزێـتەوە. بەڵام ئامــانجی میتــۆدەکە گەیشــتنە بە نــاوەڕۆک یــان واتــای دیاردەکە. ئێمە تاکو بەم ئامـانجە نەگەیـن، زانینێکـی دروسـتمان سەبارەت دیاردەکە دەستناکەوێت. بـۆ گەیشـتن بە نـاوەڕۆک یـان

[43] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ٤٦، ل ٨٧-٨٨.

واتای دیاردەکە پێویستیمان بە کەمکردنەوەی بیرۆکەیی هەیە، "ناوەڕۆک یان بیرۆکە (*eidos*) بابەتێکی نوێیە. بەو شێوەیەی دیاردەیەک دەبێت بە بابەتی درککردنی هەستەکی، جەوهەر دەبێت بە جۆرێکی دیکەی درککردن."[44] ئێمە ڕێگەی کەمکردنەوەی فینۆمینۆلۆجییانە دەگرین تاکو بە بیرۆکەی دیاردەکە بگەین و ناوەڕۆکەکەی بناسین.

چەمکی بیرۆکە (*eidos*)، کە وشەیەکی یۆنانییە، بە واتای (فۆرم) و (جەوهەر)یش دێت. لە فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەریستۆدا، فۆرم و جەوهەر لەیەکدی جیانەکراونەتەوە. هەروەها ئەفلاتون چەمکی بیرۆکە (*eidos*) بۆ فۆرمە هەمەکییە بەرزەکان بەکاردەهێنێت، کە لەنێو جیهاندا دەبن بە جەوهەری هەبووە هەندەکییەکان. بەڵام، لە فەلسەفەی هوسرڵدا، بیرۆکە فۆرمێکی هەمەکی بەرز لەژوور جیهانی هەندەکییەوە نییە و ئەفلاتونییانە پێناسەینەکراوە. هوسرڵ لەو باوەڕەدایە، ئەو کاتە دەتوانین زانینمان سەبارەت دیاردەکە هەبێت، کە بیرۆکەکەی یان جەوهەرەکەی بناسین و لەبەر ڕۆشنایی کاتیگۆرییەکاندا یان

---

[44] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ٣، ل ١٢.

چەمکەکاندا لە واتاکەی تێبگەین. لەبەر ئەمەشـە، کەمکـردنەوەی بیرۆکەیـی پێویسـتی بەو چەمکـانەیە و پەنـا بـۆ درککردنـی کاتیگۆرییانە دەبات.

ڕۆڵی ئێمە لە کەمکردنەوەی فینۆمینۆلۆجییانەدا ناسینی دیاردەی نێـو ئەزمـوونەکەیە. ئەم ناسـینە ڕاسـتەوخۆیە و ڕووتێکردنێکـی سـادە یـان سروشـتییە. ئـێمە تەماشـاکەرین و تەنیـا هەسـت بە بوونی دەرکەوتووی دیاردەکە لەنێو ئەزموونەکەمانـدا دەکەیـن. لە قۆناخی دووەمـدا ڕۆڵەکەمـان گرنگتـر دەبێـت و ڕوو لە نـاوەڕۆکی دیـاردەکە دەکەیـن. وەکـو تەماشـاکەرێک نـاڕوانینە دیـاردەکە و پێویستە خۆمان بە ناوەڕۆکی بگەیەنین. لە بـوونی دیـاردەکەوە و ئەزموونە فرە جۆرەکانمانەوە بەشتێکی جیـاوازتر دەگەیـن، کە لە قۆنـاخی یەکەمـدا یـان لە (کەمکـردنەوەی فینۆمینۆلۆجییـانەدا) نادۆزرێتەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی واتای کەمکردنەوەی بیرۆکەیی یان گەیشـتن بە قۆنـاخی دووەمـی ئەزموونەکەمـان بـۆ نمـوونەی مێـزەکە دەگەڕێـمەوە. مێـزەکە لەنێـو ئەزمـوونی هەسـتەکییمدا بـابەتێکە ڕەنـگ، قەوارە، شـێوە و...هتـد هەیە، کە هەموویـان دیـاردەی

مێزەکە پێکدەهێنن و دیاردەکەش لەنێو ئەزموونەکەمدا دەبێت بە ڕاســتییەکی بەڵگەنەویســت. هەمانکــات مــن دەتــوانم چەنــد ئەزموونێکم بۆ دیاردەکە هەبێت و هەرجارە لە کات و شوێنێکی جیاوازەوە بڕوانمە مێزەکە. ئەزموونە جیاوازەکانم، لەمحاڵەتەدا، وەکو لەپێشتریش باسمانکرد، جیاواز دیاردەکەم بۆ دەردەخەن. بەو شـێوەیەی مێـزەکە لەلای ڕاسـتەوە دەبیـنم جیـاوازە لەوەی لەلای چەپەوە دەردەکەوێــت. ئەزمــوون و دیــاردەکە بەردەوام دەگۆڕێن و هەرگیـز نـابن بە ڕاسـتەقینەیەکی نەگـۆڕ و هەمەکـی. هــیچ ئەزموونێــک، وەکــو خــۆی دووبــارە نــابێتەوە و هەمیشــە بۆچوونێکی تایبەتە و لە گۆشـەنیگایەکی جیـاوازترەوە پەیوەنـدی لەگەڵ بابەتەکەدا دروستدەکات.

ئەزمـوونی هەسـتەکی، کە لە کەمکـردنەوەی فینۆمینۆلۆجییـانەدا ڕۆڵــی ســەرەکی دەبینێــت، ڕێژەگەریــانەیە. لە کەمکــردنەوەی بیرۆکەییدا و لە ڕێگەی درککردنی کاتیگۆرییەوە خۆمان لە گرفتی فرەلایەنی و ڕێژەگەری ئەزموونە هەستەکییەکانمان ڕزگـاردەکەین. ئەمەش لەگەڵ ناسـینی نـاوەڕۆکی دیـاردەی نێـو ئەزمـوونەکەم و حوکمـدان بەسـەریدا ڕوودەدات. لە کاتێکـدا بەم ئاکـامە دەگەم و

بـــۆم ئاشـــكرادەبێت ئەو دیـــاردەیەی لەنێـــو ئەزموونەكەمـــدا دەركەوتووە (مێز)ە . گەیشتن بەم بیرۆكەیە كەمكـردنەوەی هەمـوو لایەنە فرەجیاوازەكانی دیاردەكە و ئەزموونەكانمە بۆ جەوهەرێكـی نەگۆڕ و هەمەكی. وەكو باسمكرد، دەتوانم ئەزموونی جیاوازم بـۆ دیـاردەكە هەبێـت و دیـاردەكەش هەرجـارەی بە جۆرێـك خـۆی دەردەخـات. دواجـار، هەموویـان لەنێـو بیرۆكەیەكـی هەمەكـی و نەگـــۆڕدا كەمـــدەكەمەوە، كە بیرۆكەی (مێـــزە). ئەم بیـــرۆكەیە بـــابەتێكی نـــوێیبیركردنەوەمە ولە ڕێـــگەی كەمكـــردنەوەی بیـرۆكەییەوە پێیگەیشـتووم. ئەم كەمكـردنەوەیە پەیوەنـدییەكی پێویسـت لەنێـوان دیـاردە و جەوهەری دیاردەكانـدا دیاریـدەكات. هەڵـبەتە هوسـرڵ لەو بـاوەڕەدایە، كە درككردنـی كاتیگۆرییـانە و دۆزیـــنەوەی نـــاوەڕۆكی دیاردەیەكـــدا لە ڕێـــگەی ئەندێشـــەوە ڕوودەدات.[45] ئـــێمە، دەتـــوانین، بەبـــێ كەمكـــردنەوەی فینۆمینۆلۆجییانە ڕوو لە ئەندێشەمان بكەین و بیـرۆكە دابهێنـین. بەڵام كێشـەكە لەوەدایە، كە هەمـوو كەرەسـەكانی نێـو ئەندێشـە ئەزموونگەرانەیە .

---

[45] هەمان سەرچاوە، كورتەبەشی ٤، ل ١٤.

بێگومـــان، کەمکــردنەوەی بیرۆکەیــی بە گەیشــتن بە (جەوهەر)ی دیاردەکە کۆتایی نایەت. ئـێمە، لەوێـوە دەتـوانین حـوکمی زۆرتـر بەســـەر دیـــاردەکەدا بـــدەین و لەگەڵ دیاردەکـــانی دیـــکەدا بەراوردیـبکەین. هەمـوو دەسـتەواژەیەک و زانینێـک سـەبارەت بـە دیــاردەکە لەم قۆنــاخەدا دێتەکــایەوە. ئێســتا دەتــوانین باســی دیاردەکە بکەین و واتاکەی ڕوونبکەیـنەوە. بـۆ نمـوونە، لە خـۆم دەپرســم، ئەو بــابەتە چیــیە، کە لە ئەزموونەکەمــدا بــووە بە دیــاردە؟ لە وەڵامــدا دەڵــێم، مێــزە. لێــرەوە، لەگەڵ دۆزیـنەوەی بیرۆکەکەدا دەتوانم پێناسەی مێز بکەم و باسیبکەم.

بەگشتی، لە میتـۆدی فینۆمینۆلۆجیـدا دوو جـۆر درککـردن هەیە: درککردنــی بــابەتە تــاکەکە (وەکو مێــزەکە) یــان دیــاردەکە، کە ڕاستەوخۆ لە ئەزموونی هەستەکیدا خۆی دەرخستووە. درککردنی جەوهەر یـــان ناســـینی نـــاوەڕۆکی دیـــاردەکە. ئەم دوو جـــۆرە درککردنە لەیەکدی جیانابنەوە و بەدوای یەکدا دێـن. هەنـدێکجار مەحـاڵە لە ڕووی کـاتەوە لەیەکـدیان جیـابکەینەوە. بـۆ نمـوونە، کاتێک من دەڕوانمە دیاردەکە و دیاردەکە لە ئەزموونەکەمدا خۆی دەردەخــات ڕاســتەوخۆ دەزانــم، کە ئەو دیــاردەیە (مێزە). بەڵام،

بیرۆکەکە لە خودی دیاردەکەوە جیاوازە.[46] دیاردەکە بابەتێکی هەندەکی نێو کات و شوێنە و گۆڕانی بەسەردادێت. بیرۆکەی دیاردەکە بابەتێکی نێو بیرکردنەوەیە و هەمەکییە. ئەگەر دیاردە دەرەکییەکەی لەناوبچێت ئەو لە ناوناچێت.

شایەنی باسە هوسرڵ تـوێژینەوە فینۆمینۆلۆجییەکەی بە (ترانسدێنتاڵ) بەرزێتی ناوزەددەکات. ئەمەش لەسەر ئەو خاڵە ڕادەوەستێت، کە ئاگامەندی لە دوو قۆناخەکانی میتۆدەکەدا دەبێت ڕوو لە بابەتەکانیدەرەوەی بوونی خۆی بکات. هەموو پرسیارێکی ئەپستمۆلۆجییانە سەبارەت بە بوونی بابەتێک (ترانسدێنتاڵانە)یە چونکە بابەتەکە لە دەرەوەی ئاگامەندیدایە و ئاگامەندی پێویستی بە چوونەدەرەوە هەیە تاکو پێیبگات و بیناسێت. هەمانکات، مەبەستی هوسرڵ لە چەمکی (ترانسدێنتاڵ) گومانکردن لە جیهانی دەرەکی و سەلماندنی نییە. ئاگامەندی هەمیشە لەنێو جیهاندا دەژی و بابەتەکان دەوریانداوە. ئەویش بە ئاگاوە ڕۆشنایی دەخاتە سەریان و هەوڵی ناسینیان دەدات.

---

[46] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ٥، ل ١٥-١٦.

## بەشی چوارەم

## فینۆمینۆلۆجی پاش هوسرڵ

دوای مردنــی هوســرڵ بــزوتنەوەی فینۆمینۆلـۆجی بە قۆنــاخێکی دیکەدا تێـپەڕی و گـۆڕانی بەسـەرداهات. چەنـد بیریارێـک، کە بە بوونخواز دەناسرێن، وەکو مـارتن هایـدیگەر، ژان-پـۆڵ سـارتەر و مــۆریس میرلــۆ-پــۆنتی شــێوازێکی نوێیــان بــۆ میتــۆدەکە دروستکردووە و بۆ فەلسەفە بوونگەرایەتییەکەیان بەکاریانهێناوە. فینۆمینۆلــــۆجی ئەم بیریــــارانە، کە بە (فینۆمینۆلــــۆجی بــوونگەرایەتی) دادەنرێــت، بە ڕادەیەک لەگەڵ فینۆمینۆلــۆجی هوســـرڵدا کــۆک نیـــیە. جیـــاوازییەکەش لە هایـــدیگەرەوە دەسـتپێدەکات؛ بەتـایبەتی لەگەڵ نوسـینی (بوون و کـات)دا، کە هوســرڵ بە ئاشــکرا نــاڕەزایی خــۆی بەرانــبەر گۆڕانکارییەکــانی هایدیگەر دەربڕیوە و لەو کـاتەوە هـاوڕێیەتی نێوانیـان تێکچـووە.

کەوابــوو، نــاتوانین باســی یەکجــۆر فینۆمینۆلــۆجی بکەیــن یــان هایدیگەر گوتەنی یەکجۆر فینۆمینۆلۆجی نییە.[47]

بەتێکڕا، جیاوازی نێوان فینۆمینۆلـۆجی هوسـرڵ و بوونخوازەکـان لەم خاڵانەدا کۆبکەینەوە:

**یەکەم**. بیریــارە بوونخوازەکــان میتــۆدی فینۆمینۆلــۆجی بــۆ تێگەیشــتن لە واتــای بــوون بەکــاردەهێنن و بە ئۆنتۆلــۆجییەوە گرێیدەدەن.

**دووەم**. لە فینۆمینۆلــۆجی بوونگەرایەتیــدا مەحــاڵە بەتەواوی خۆمـان لە پێشـبیرەکان ڕزگـاربکەین و ئەو دیـاردەیەی دەیخەیـنە نێو کەوانەوە لە پەیوەندییەکانی دەوروبەری دابڕین؛ یان دەتوانین بڵێین دابڕینەکە بە ڕادەیەک ئەنجام دەدرێت نەک بە ڕەهایی.

**ســێیەم**. بوونخوازەکــان فینۆمینۆلــۆجی، وەکــو فەلســەفە تەماشـاناکەن و بۆچـوونە فەلسـەفییەکانی هوسـرڵ ئایدیالیسـتانە دەبینین.

---

[47] Martin Heidegger, *The Basic Problems of Phenomenology*, p. 328.

**چوارەم**. بیریارە بوونخوازەکان بوونی (خۆ)ی بەرز، کە بۆ هوسرڵ گـرنگە و دەبێـت بە بنـاخەی یەکێتـی نێـوان ئەزموونەکـان، ڕەتدەدەنەوە.

پـاش ڕاڤەکردنـی شـێوازی بەکارهێنـانی فینۆمینۆلـۆجی لە فەلسەفەی هەر یەکێک لەم سێ بیریارەبوونخوازە باشتر لە خاڵی جیاوازییەکان تێدەگەین. هەڵبەتە بیریاری دیکەش هەن خۆیان بە شوێنکەوتووی فینۆمینۆلۆجی دادەنێن. بەڵام لەنێویاندا هایدیگەر، سـارتەر و میرلـۆ-پـۆنتی گۆڕانکـاری بنەڕەتییـان لە میتـۆدەکەدا هێناوەتەکایەوە. ئێمە لەبەر گرنگی گۆڕانکارییەکانیان لەم بەشەدا بۆچوونەکانیان ڕووندەکەینەوە.

## هایدیگەر و فینۆمینۆلۆجی ئۆنتۆلۆجییانە

هاوڕێیەتی نێوان هوسرڵ و هایدیگەر (١٨٨٩-١٩٧٦) لە زانکۆی فرایبۆرگەوە دەستپێدەکات، کە لە ساڵی ١٩١٩دا هایدیگەر بوو بە یاریدەدەری هوسرڵ و لە ساڵی ١٩٢٨ لەسەر داواکاری هوسرڵ، لە شوێنی ئەو، وەکو مامۆستا لە بەشی فەلسەفە دامەزرا. هاوڕێیەتی نێوانیان، تاکو ئەو کاتەی هایدیگەر(بوون و کات)ی لە چاپداوە گەرم و گوڕ بووە. هوسرڵ دەیەوێت ڕۆڵی سەرەکی لە بزوتنەوەی فینۆمینۆلۆجیدا بە هایدیگەر بدات. کارڵ یاسپەرز دەیگێڕێتەوە، کە بۆ یەکەمجار هایدیگەری لە ساڵی ١٩٢٠ لەماڵی هوسرڵ بینیوە و هاوسەرەکەی هوسرڵ هایدیگەری بە یاسپەرز وەکو (منداڵی فینۆمینۆلۆجی) ناساندووە.[48]

دەزانین هایدیگەر لەنێو گروپی فینۆمینۆلۆجی فرایبۆرگدا ئەندامێکی چالاک بووە، بەڵام جیاوازی بۆچوونەکانی هایدیگەر و پرۆژە ئۆنتۆلۆجییەکەی، کە لە (بوون و کات)دا ئاشکرا بانگەشەی بۆکراوە بۆتە هۆکاری شێواندنی پەیوەندییەکەی لەگەڵ هوسرڵدا.

---

[48]Rüdiger Safranski, *Martin Heidegger between Good and Evil*, translated by Ewald Osers, Cambridge, Massachusetts: Harvard University press, 1999, p.117.

هایدیگەر لەچاوپێکەتنەکەی لەگەڵ گۆڤاری (دێر شپیگل) دەڵێـت، "جیـاوازی نێوانمـان لەسـەر کێشـە فەلسـەفییەکان سـەریهەڵدا. لەسەرەتای ساڵەکانی سییەوە (هوسرڵ) بە ئاشـکرا خـۆی لە مـن و (ماکس شیلەر) دوور دەخستەوە. من نەمدەزانی بۆچی (هوسرڵ) لەگەڵ بۆچوونە فەلسەفییەکانی مندا نـاکۆک بـوو وەخـۆی لە مـن دووردەخاتەوە."[49]

بێگومان، بە دیدی هایدیگەر، فینۆمینۆلۆجی میتـۆدێکی ڕادیکاڵە و دەتـــوانین بەکـــاریبهێنین. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێـــت، کە لە کەموکورتی بەدەرە. هەروەها، هوسرڵ هەوڵیـداوە فینۆمینۆلـۆجی لەنێو ئایدیالیزمدا موتوربەبکـات. ئایـدیالیزمیش، لەو کـاتەدا و لە ئەڵمانیا چ لە شێوازی کانتیی-نوێ و چ لە شێوازی بیرکـردنەوەی فەلســـەفی دێکارتییـــدا لەنێـــو هـــۆڵە ســـاردەکانی زانکـــۆدا گیریـانخواردبوو. بـێجگە لەمە، لە واتـای بـوونی نەدەکـۆڵییەوە.

---

[49] بڕوانە: گفتوگۆیەک لەگەڵ هایدیگەردا، وەرگێڕانی د. محەمەد کەمال، پرۆژەی کتێبی گیرفان ژمارە (٧١)، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٣٢. هەروەها، ئۆتۆ پوگلەر ئاماژەی بۆ ئەم ناکۆکییەی نێوان هوسرڵ و هایدیگەر کردووە. بڕوانە:
Otto Pöggeler, *Martin Heidegger's Path of Thinking*, translated by Daniel Magurshak and Sigmund Barber, New York: Humanity Books, 1996, p. 52.

شێواندنی پەیوەندی نێوان هایدیگەر و مامۆستاکەی لە هەر دوو سەرەوە بوو. چەند هوسرڵ لەئاستی بیرکردنەوەی هایدگەردا نارەزا و ڕووگرژ بووبێت، ئەوەندەش هایدیگەر لەگەڵ هەڵوێستی فەلسەفی مامۆستاکەیدا توشی نائومێدی بووە، کە لە پەیوەندی نێوان ئەفلاتون و ئەریستۆ دەچێت. کەوابوو، هایدیگەر فینۆمینۆلۆجییانە، نەک هوسرڵییانەلە واتای (بوون) دەکۆڵێتەوە و بە دەستکارییەوە میتۆدەکە بۆ تێگەیشتن لەو واتایە بەکاردەهێنێت. ئەو، وەکو هوسرڵ و بیریارە فینۆمینۆلۆجییەکانی دیکە پێناسەی فینۆمینۆلۆجی دەکات و قۆناخ و چەمکەکانیشی دەخاتە سەر بۆچوونەکانی، هاوکات هەوڵدەدات فەلسەفە لەنێو هۆڵە ساردەکانی زانکۆ و نەریتە مێتافیزیکییەکەی، کە بە دوای واتای بووندا ناگەڕێت، ڕزگاربکات. لەبەر ئەم هۆکارە فینۆمینۆلۆجی هایدیگەر سەربەخۆیی وەردەگرێت و بۆ یەکەمجار دەبێت بە فینۆمینۆلۆجی بوونگەرانە.

چۆن هایدیگەر پێناسەی فینۆمینۆلۆجی دەکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە ئاوەڕێک لە پەرتووکی (بوون و کات)ی هایدیگەر بدەینەوە. لەم پەرتووکەدا هایدیگەر بۆ پێناسەکردنی

فینۆمینۆلۆجی بۆ بنەڕەتی چەمکەکە دەگەڕێتەوە و دواجاریش پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئۆنتۆلۆجییدا باسدەکات، "فینۆمینۆلۆجی بە یۆنانی واتە *Logein ta phainomena* [گوتن لەسەرئەوەی خۆی دەردەخات]. کەوابوو فینۆمینۆلۆجی ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕێگەبدرێت ئەوەی خۆی دەردەخات لەنێو خۆیەوە ببینرێت."[50]

لە زمانی یۆنانییدا (*Logein*)، کە لە وشەی لۆگۆسەوە هاتووە واتای گفتووگۆ، ئاخاوتن، گوتار و توێژینەوە دەبەخشێت. [گوتن لەسەر ئەوەی خۆی دەردەخات]، مەبەست توێژینەوە و گەیشتنە بە واتاکەی. ئەو بابەتەی [خۆی دەردەخات] چییە، کە بۆ هایدیگەر پێویستە فینۆمینۆلۆجییانە ڕووی تێبکەین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە وابەستە بە پرۆژە فەلسەفییەکەی هایدیگەرەوە. لەم پرۆژەیەدا، هایدیگەر ئاوڕ لە هەبووەکان ناداتەوە و دەیەوێت لە واتای (بوون) تێبگات. (بوون) نەک جۆرێک لە هەبوو، وەکو فۆرمە بەرزەکانی ئەفلاتون، هۆکاری یەکەمی ئەریستۆ یان ویستی هێز لە فەلسەفەی نیتشەدا، دەبێت بە بناخە و سەرچاوەی هەموو هەبووەکان. ئەمە پەیوەندییەکی (پێویست)

---

[50] مارتن هایدیگەر، بوون و کات، کورتەبەشی ٣٥، ل ٨٠.

لەنێوان فینۆمینۆلۆجی و ئۆنتۆلۆجییدا دیاریدەکات. بەبێ (بوون) یان بەبێ ئەو بناخە ئۆنتۆلۆجییە، کە دەبێتە زەمینە بۆ خۆدەرخستنی دیاردەکان، دامەزراندن و بەکارهێنانی فینۆمینۆلۆجی مەحاڵ دەبێت، "فینۆمینۆلۆجی ڕێگەی گەیشتنە بە تێزی ئۆنتۆلۆجی و ڕێگەی سەلماندنی تێزەکەشە. ئۆنتۆلۆجی تەنیا، وەکو فینۆمینۆلۆجی دەگونجێت. چەمکی فینۆمینۆلۆجییانەی 'فینۆمینە'، کە ئەوەی خۆی دەردەخات واتا و شێوازە جیاوازەکانی بوونی هەبووەکانە. خۆ-دەرخستنەکەشی ئاسایی و ڕواڵەتی نییە. بوونی هەبووەکان ئەوەش نییە لەو دیویەوە شتێکی دیکە ڕاوەستێت یان دەرنەکەوێت."[51] سەرباری ئەمە، (بوون) یان ئەو بابەتەی فینۆمینۆلۆجییانە دەمانەوێت تێیبگەین بوونی دیاردەکانە نەک ڕاستەقینەیەکی بەرز و جیاواز لەژوور ئەوانەوە،" هیچ شتێک لەودیو فینۆمینەی فینۆمینۆلۆجییانەوە نییە؛ لەلایەکی دیکەوە، فینۆمینە خۆی دەشارێتەوە. لەبەر ئەوەی زۆربەی فینۆمینەکان دەرناکەون،

---

[51] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ٣٦، ل ٨١.

فینۆمینۆلۆجی پێویسته. شاردنەوە لەگەڵ چەمکی 'فینۆمینە'دا ناکۆکە."[52]

لە هەرچ فۆرمێکدا و لە چ گۆشەنیگایەکەوە دیاردەیەک ببینین دەزانین، ئەو دیاردەیە لەسەر (بوون) ڕادەوەستێت و بەبێ (بوون) نییە. هەموو دیاردەیەک دەرکەوتنی بوونە لەنێو یەکێک لە شێوازەکانیدا. ئەمجۆرە زانینەمان پێش-ئۆنتۆلۆجییانە و پێش-بیردۆزەییانەیە، کە بۆ فەلسەفە بوونگەرایەتییەکەمان گرنگە، بەڵام زانینێکی ناتەواوە. پێویستە فینۆمینۆلۆجییانە ئەم ڕاستییە ئۆنتۆلۆجییە ساخبکەینەوە.

پاش گرێدانی فینۆمینۆلۆجی بە ئۆنتۆلۆجییەوە یان بانگەشەکردنی فینۆمینۆلۆجی بوونگەرانە، هایدیگەر یەکێک لە شێوازە دەرکەوتووەکانی بوون، کە لەهەموو شێوازەکانی دیکەوە لە فەلسەفەی بوونگەرایەتیدا لەپێشتر و گرنگە هەڵدەبژێرێت و لەوێوە یان لە تێگەیشتنی بوونی ئەو شێوازەوە دەیەوێت بە واتای (بوون) بەگشتی بگات. ئەمەش، پەیوەندی فینۆمینۆلۆجی بوونگەرانە بەجۆرێک لە وەسفکردن دەردەخات، کە

---

[52] هەمان سەرچاوە.

به (هێرمینیۆتیـــک) ناوزەددەکرێـــت. لەمـــڕووەوە، میتـــۆدەکەی هایـدیگەر زۆرتـر خـۆی لەمیتـۆدە هوسـرڵییەکە دووردەخـاتەوە و دەبێـــت بە (فینۆمینۆلـــۆجی بـــوونگەرانەی هێرمینـــۆتیکی)، "ئۆنتۆلۆجی و فینۆمینۆلۆجی دوو بەشی جیاوازی فەلسەفە نـین. ئەم دوو چەمکە ئاماژە بۆ بابەتی فەلسەفە و گەیشتن بەو بابەتە دەکەن. فەلسەفە ئۆنتۆلۆجییەکی فینۆمینۆلۆجییـانەی هەمەکیـیە و لە هێرمینیۆتیکی دازاینەوە دەستپێدەکات، کە لە شیکردنەوەی بـوونەوە ڕێنمـایی هەمـوو تـوێژینەوەیەکی فەلسـەفییانە لە خـاڵی دەسـتپێکردن و گەڕانەوەیـدا دەکـات."[53] هەرچەنـدە بنەڕەتـی چەمکـــی هێرمینیۆتیـــک لە نـــاوی (هێرمس)ی قارەمـــانی نێـــو ئەفسانەی یۆنانییەوە هاتووە، ئەو قارەمـانەی پەیـامی خـوای بـۆ مرۆڤ ڕاڤەکردووە، لێرەدا بە واتای جۆرێک لە ڕاڤەکردن دێت، کە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی بەشەکانەوە لە واتـای (هەموو) تێـدەگەین و بەپێچەوانەشـەوە دروسـتە. ئەگەر بمانەوێـت فینۆمینۆلۆجییـانە بە واتای بوون بگەیـن ئەوا پێویسـتە لەبەشـەکانییەوە دەسـت بە گەشـتەکەمان بکەیـن. ئەوەی لەنێـو بەشەکانیشـدا لە هەموویـان

---

[53] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ٣٨، ل ٨٤.

گرنگتــر و لەپێشــترە دەکەیــن بە ســەرەتای توێژینەوەکەمــان و هەوڵــدەدەین لە بــوونی تێــبگەین. لە تێگەیشــتنی بــوونی ئەم بەشــەوە واتــای بــوون بەگشــتی دەدۆزیــنەوە و ڕاڤەیــدەکەین. ئەو پرسیارەی لێرەدا یەخەماندەگرێت ئەوەیە، کە ئەو بەشە گرنــگ و لەپێشــترەی بــوون چیــیە تــاکو بــیکەین بەپێشــەنگی تــوێژینەوە فینۆمینۆلۆجییەکەمــان؟ دەزانــین، کە پــڕۆژە فەلســەفییەکەی هایــدیگەر دامەزرانــدنی ئۆنتۆلــۆجیی و گەڕانەوەیە بــۆ گرنگتــرین بــابەتی بیرکــردنەوەی فەلســەفی، کە لە ســەردەمی ئەفلاتــونەوە لەبیرچــۆتەوە؛ ئەو بــابەتەش (بوون)ە بەگشــتی. بــوون، وەکــو بنــاخەی هەمــوو هەبــوویەک و ڕاســتەقینەیەکی لە بــنەڕەت بەدەر دەبێت بە بابەتی سەرەکی توێژینەوە فەلسەفییەکەی هایــدیگەر و بەم پــڕۆژەیەش دەوترێــت (ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتــی)؛ بەڵام خــودی پڕۆژەکە پێویستی بە خــاڵی دەستپێکردن هەیە و پێویستە لەو بەشە لەپێشتر و گرنگەی بوونەوە سەرەتاکە دەستنیشان بکەین، کە پرسیارەکەمان لە بارەیەوەکرد. دۆزینەوەی سەرەتا لەپێشتر و گرنگەکە ئاسانە؛ ئەو سەرەتایە بوونی هەریەکێــک لە ئــێمەیە، کە چەمکی (مــرۆڤ) گوزارشــی بــۆ دەکــات. بــوونی مــرۆڤ لە هەمــوو

شێوازەکانی دیکەی هەبووەکان گرنگ و لەپێشترە چونکە مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە دەیەوێت لە واتای بوون تێبگات و ئاگامەندانە ڕوویتێدەکات. بەڵام میتۆدە فینۆمینۆلۆجییەکە ڕێگەنادات چەمکەکانی، وەکو جەوهەر، جەوهەری گیانەکی و تەنانەت مرۆڤی بۆ بەکاربهێنین. پێویستە ئەو هەبووە بەوجۆرە ببینین، کە خۆی دەردەخات، ئەویش بوونێتی-لەوێدا یان (دازاین)، کە بوونێکی ڕووتی هەیە و ئەو هەرچییەک بێت لەسەر بوونی ڕادەوەستێت،" جەوهەری دازاین لە بوونیدایە. بەگوێرەی ئەمە، خەسڵەتەکانی ئەم هەبووە تایبەتمەندێتی هەبووەیەکی دەرەکی نییە، کە بەو جۆرە دەردەکەوێت؛ لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەری بوونی ئەوە و لەمەش زۆرتر چی دیکە نییە."[54]

فینۆمینۆلۆجییانە ناتوانین مرۆڤ، بێجگە لەو هەبووەی بەوجۆرە خۆی دەردەخات بناسین و بە جەوهەرێکی گیانەکی دابنێین چونکە ئەو، وەکو جەوهەرێکی گیانەکی دەرناکەوێت. لە ئەزموونی فینۆمینۆلۆجیماندا هەبوویەکە لەوێدا، لەنێو جیهان و لەگەڵ کەسانی دیکەدایە. کاتێک مرۆڤێک دەبینم و بوونی ئەو

[54] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ٤٢، ل ٩٣.

لەنێو ئەزموونەکەمدا دەبێت بە دیاردە، من ئەو لەوێدا، وەکو خۆی نەک وەکو جەوهەرێکی گیانەکی دەبینم.
بەڵام مەبەستمان لە چەمکی (بوون-لەوێدا) یان دازاین، کە تەنیا بۆ بوونی مرۆڤ بەکاردێت چییە؟ چۆن خەسڵەتەکانی بدۆزینەوە. دۆزینەوەی خەسڵەتەکانی پەیڕەوی میتۆدە فینۆمینۆلۆجی و کەمکردنەوەکانی دەکات. بوون لەوێدا، واتە بوون-لەنێو-جیهاندا، بوون-لەنێو، بوون-لەگەڵ کەسانی دیکەدا و کۆمەڵێک خەسڵەتی دیکە، کە هایدیگەر بە پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی بوونی مرۆڤیان دادەنێت. بەبێ ئەم پێشمەرجانە مرۆڤ نادۆزرێتەوە و نییە.

## بوونی مرۆڤ بەوجۆرەی خۆی دەردەخات

مادام فینۆمینۆلۆجییانە دەمانەوێت لە بوونی مرۆڤ تێبگەین، پێویستە بەو جۆرە ئەم هەبووە ببینین، کە خۆی دەردەخات. خۆ-دەرخستنەکەی لەنێو-جیهان و لەگەڵ کەسانی دیکەدا ژیانی ڕۆژانەی ئەم هەبووەیە. ئێمە ڕاستەوخۆ مرۆڤ لەنێو جیهان و لەگەڵ کەسانی دیکەدا ڕۆژانە دەدۆزینەوە و خۆی بە کارەکانەوە سەرقاڵکردووە. دەرکەوتنی شێوازی بوونی لە ژیانی ڕۆژانەدا

پێش هەموو ڕاڤەکردنێکی بیردۆزەییانە دەکەوێت. چۆن لە واتای شێوازی بوونی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا تێبگەین؟ ئێمە پەنامان بۆ هیچ بیردۆزەیەکی زانستی و فەلسەفی بۆ ناسینی بوونی مرۆڤ لە ئەزموونە ڕاستەوخۆکەماندا نەبردووە؛ تەنیا ڕوومانکردۆتە ئەو دیاردەیە و ئەویش بەو جۆرەی هەیە خۆی دەرخستووە. بەڵام ناتوانین بەتەواوی خۆمان لە پێشبیرەکان ڕزگاربکەین. بۆ ناسینی دیاردەکە و تێگەیشتن لە واتاکەی پێویستیمان بە زمانە، کە ئەمەش شتێک نییە دازاینی تاک دروستیکردبێت. زمان لە پێش بوونی دازاینی تاکدا هەبووە. منی دازاین بۆ لێکۆڵینەوە لە واتای دیاردەیەک زمانێک بۆ دەربڕینەکەی بەکاردەهێنم، کە پێش لێکۆڵینەوەکەم دەکەوێت. شێوازی بوونی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا لە کارکردندا دەردەکەوێت. مرۆڤ بەردەوام سەرقاڵی کارەکانێتی و لەگەڵ کەسانی دیکەدا ئەم یان ئەوکارە دەکات. زۆربەی کات بیردۆزەییانە بیرلەکارەکانی ناکاتەوە. من ڕۆژانە دەرگاکە بە کیلەکە دەکەمەوە، بەڵام ئەو کاتەی کلیلەکە لە گیرفانم دەردێنم و بۆ کردنەوەی دەرگاکە بەکاریدەهێنم ناپرسم کلیل چییە و چۆن

دەرگا دەکاتەوە یان دەرگا چییە؟ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا یان لەم شێوازی بوونەدا زانینی نییە. من بێ ئەوەی بزانم واتای کلیل چییە و چۆن دروستکراوە، دەرگاکەی پێدەکەمەوە. بیر لەو دارتاشە بکەوە ڕۆژانە چەکوش، مێخ و تەختە بۆ دروستکردنی مێز و کورسی بەکاردەهێنێت. هەموو جارێک لەنێو کارکردنەکەدا، کە دەستدەداتە چەکوشەکە و مێخەکەی پێدادەکوتێت لە خۆی ناپرسێت چەکوش چییە و بۆچی یان چۆندروستکراوە. بەڵام دەزانێت چۆن بەکاریبهێنێت. کەوابوو، شێوازی بوونی ژیانی ڕۆژانە، هەرچەندە پێش بیردۆزە دەکەوێت، لە (زانین) بەدەر نییە. دارتاشەکە جۆرە زانینێکی سەبارەت کەلوپەلەکانی بەردەستی هەیە چونکە بەکاریاندەهێنێت، بەڵام زانینەکەی بیردۆزەییانە نییە.

بێجگە لەمە، هایدیگەر لەو باوەڕەدایە (لەنێو-کەوانە-دانان) دیاردەکە لە دەوروبەری دانابڕێت. واتای ئامێرێکی، وەکو چەکوش پەیوەندی بە ئامێرەکانی دیکەی دەوروبەری و بە کارهێنانەکەوە هەیە. مەحاڵە دیاردەیەک لە دەوروبەری دابڕین و بە ڕووتکراوی لەنێو ئەزموونداا لە واتاکەی بکۆڵینەوە.

مادام ئێمە فینۆمینۆلۆجییانە هەوڵدەدەین بە واتای بوونی مـرۆڤ (دازایـن) بگەیـن، ئەم هەبـووە، لە ژیـانی ڕۆژانەیـدا بەو جـۆرەی خۆی دەردەخات دەبینین. ئەو هەمیشە لەنێو-جیهانـدا و لەگەڵ-کەسانی دیـکەدایە. بـوونی ئەو لەنێـو جیهانـدا ئامـاژە بـۆ بـوونی لەگەڵ کەسـانی دیـکەدا دەکـات؛ بەبـێ کەسـانی دیـکە ناتوانێـت لەنێــو جیهانــدا بێــت. ئەمەش نکـۆڵی لەوە ناکـات، کە مــرۆڤ نەتوانێت بەتەنیـا بـژی. هەڵـبەتە، ئەو دەتوانێـت ژیـانی تەنیـایی هەڵبژێرێـت، هێشـتا بـۆ ئەو هەڵبــژاردنە پێویسـتی بە کەسـانی دیـکەیە. ئەو کێشـەیەی، لێـرەدا، سـەرهەڵدەدات شـێوازی بـوونی دازایــنە لەگەڵ کەســانی دیــکەدا، کە هایــدیگەر بە ڕەســەن و ناڕەسەن ناوزەدیدەکات، "بەڵام لەبەر ئەوەی هەبوویەکە دەتوانێت ڕەسەن بێت، خاوەنی خۆی بێت، ئەوا دەکرێت خـۆی بـدۆڕێنێت. وەکو شێوازەکانی بـوون، ڕەسـەنی و ناڕەسـەنی (دوو چەمکـن بە وردەکارییەوە هەڵیاندەبژێرین) لەسەر زەمیـنەی فـاکتۆری (منێتی) دازایــن دامەزراون. ناڕەســەنێتی دازایــیش پلەیەکی (نــزم) یــان (کەمتــر)ی بـوون نیـیە. حـاڵەتێکە لەو پەڕی کـۆنکرێتی بـوونی دازایندایە، کاتێـک سـەرقاڵی کـارێکە، هەڵچووە، حەز لە شـتێک

دەکات و مەیلی هەیە، گەماڕۆی دەدات."[55] هەموو دازاینێک جیاواز و تایبەتە. ناسینەوەی جیاوازی و تایبەتمەندێتییەکە شێوازی ڕەسەنێتی بوون دیاریدەکات و دەبێت بە هاندەر بۆ هەڵبژاردنی ئەگەرەکانی بوون و بە پڕۆژەکردنیان. ناسینەوەو بڕیاردان لەسەر ڕەسەنێتی بوون کارێکی ئاسان نییە. دازاین، لەو ڕۆژەوە (دەکەوێتە) نێو جیهانەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدایە. (ئەوان) بڕیار لەسەر پڕۆژەکانی بوونی دەدەن و داگیریدەکەن. شێوازی بوونی داگیرکراو خۆ-دۆڕاندن و شێوازی ناڕەسەنانەی دازاینە، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبینرێت.

مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا توشی مەزاج دەبێت و بوونەوەرێکی مەزاجییە. ڕووداوەکانی نێو ژیانی ڕۆژانەی و کەسانی دیکە کاریتێدەکەن؛ بەختەوەر و خەمبارە، تووڕە و هێمنە هتد. بەگوێرەی ڕووداوەکان مەزاجی دەگۆڕێت، بەڵام بەبێ مەزاج نابێت. مەزاج پەیوەندی بە ڕووداوەکانی ئێستا و ڕابردووەوە هەیە، وەکو (ترس) مەزاج لەئاستی ڕووداوێک لە ئێستادا و هەروەها ڕابردوودا ڕادەوەستێت. (دوودڵی)، کە هایدیگەر بە

[55] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ٤٣، ل ٩٤.

بوونی ڕەسەنەوە گرێیدەدات، پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیە. من لە پڕۆژەدانانەکانمدا دوودڵم. پڕۆژەدانان داهاتوویە. مرۆڤی ڕەسەن بەردەوام لە پڕۆژە داناندایە و ڕوو لە داهاتوو دەکات. ئەو بەپێچەوانەی هەبووەکانی دیکەوە، پێش بوونی خۆی دەکەوێت و ڕەتیدەکات؛ دازاین هەبوویەکی خۆ-ڕەتکەرە.[56]

دوودڵی مرۆڤ، کە بە داهاتووەوە بەستراوە و لە ترسەوە جیاوازە، پەیوەندی بە (مردن) و بوونی بڕاوەی دازاینیشەوە هەیە. مرۆڤ بوونێکی-ڕووەو-مردن یان ڕووەو-کۆتایی هەیە؛ کۆتاییەکەشی داهاتوویەتی. کۆتاییەکە، کە هێشتا سەریهەڵنەداوە، بوونی مرۆڤ بە تەواوی لەناودەبات و دەیکات بە (نەبوو). دوودڵی هەستکردنە بەو نەبوونە، کە بە دیدی هایدیگەر دازاین بوونی ڕەسەنی خۆی دەناسێت. لەبەر ئەوەی دازاین بوونێکی ڕووەو-کۆتایی و کاتییە، بە نیگەرانییەوە لەنێو جیهان، لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەژی، خەمخۆری کەسانی دیکەیە و بایەخ بە هەبووەکانی دەوروبەری دەدات.[57]

---

[56] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی، ١٩٢، ل٢٧٤-٢٧٥.

[57] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ١٩٢، ل ٢٧٥.

ئەم ڕاڤەکردنە فینۆمینۆلۆجییە بۆ دازاین دەریدەخات، کە ئەم بە ئاگـاوە لەنێـو جیهانـدایە و دەیەوێـت بەتێگەیشـتنەوە ڕوو لە هەبووەکان بکات. ئاگایی و تێگەیشتن لایەنی ناوەکی دازاین، بەو جۆرەی دێکارت باسیدەکات، کە مرۆڤ جەوهەرێکی نەگۆڕە و لە جیهـان دابـڕاوە، نیـیە. بێگومـان، دازایـن خـاوەنی ئەندێشـە، بیرکەوتنەوە و بیرکردنەوەیە، بەڵام بوونی ئەو جیهـانییە و لەنێـو جیهانـدایە. بـۆ ناسـینی جیهـانیش لەنێو (خـۆ)یەکی شـاراوە و نادیارەوە دەرناچێت، "کاتێک دازاین ڕوو لە هەبـوویەک دەکـات و تێدەگات، لەنێو قاڵبی خۆیەوە دەرناچێت. بـوونی سـەرەتایی ئەو لەوەدایە، کە هەمیشـــە لەدەرەوە، لەگەڵ هەبووەکانـــدایە و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. کاتێکیش لەگەڵ هەبووە دەرەکییەکانـدایە جیهـانی نـاوەوەی خـۆی چۆڵناکـات."[58] ئەم بۆچـوونە، جـارێکی دیکە جەخت لەسەر ڕەتـدانەوەی بیـردۆزە دێکـارتییەکە و خـۆی-بەرزی هوسـرڵ دەکـات، کە بـۆ سـارتەریش خـاڵێکی سـەرەکی ئۆنتۆلـۆجی بـوونگەرانەیە و لەدواییـدا باسـیدەکەین. دازایـن، کە هەبوویەکە لەنێو-جیهاندا، لەنێو خۆیەوە ڕووەو جیهان دەرناچێت.

---

[58] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ٦٢، ل ١١٧.

ئەو لەنێــو جیهانــدایە و بەبــێ جیهــان نابێــت. دەرچــوونەکەی ڕۆشنایی خستنەسـەر ئەو دیـاردانەیە خۆیـان بـۆ ئەو دەردەخەن. مــن، کە هەســت بەبــوونی مێــزەکە دەکەم، لە جیهــانێکەوە بەرەوجیهــانێکی دیــکە نــاڕۆم؛ منــیش، وەکــو مێــزەکە لەنێــو جیهانـدام. بەڵام ڕووتێکـردنەکە بە مەبەسـتەوەیە و دەمەوێـت لە واتای ئەو دیاردەیە تێبگەین.

بــوونی نارەســەن و خــۆ-ونــکەری نێــو ژیــانی ڕۆژانە خــاوەنی پڕۆژەکـانی خـۆی نیـیە. بـوونێکە، وەکـو (ئەوان) بیـر لە ڕاسـتی دەکـاتەوە و شـوێن بۆچوونەکـانی ئەوان دەکەوێـت. ئەم شـێوازی بوونە کاریگەرێتی نەرێی بەسەر زمان و تێگەیشتنەوە هەیە. زمان دەبێـت بە (گـوتنی لەکـارکەوتوو)، گەڕان بەدوای ڕاسـتیدا دەبێـت بە (خـۆ تێهەڵقورتانـدن) و تێگەیشـتنیش بە (ئـاڵۆزی)، "گـوتنی لەکارکەوتوو ئەگەری تێگەیشـتنە لە هەمـوو شـتێک بەبـێ ئەوەی زانینـی لەبـارەوە هەبێـت... گـوتنێکە هەمـوو کەسـێک دەتوانێـت شــەنەی تێــدابکات."[59] هەروەهــا، "گــوتنی لەکــارکەوتوو، بەو جۆرەی شتەکان دەشارێتەوە، سەر بەو شێوازی بوونەی دازایـنە،

[59] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ١٦٩، ل ٢٤٥.

که تیایدا تێگەیشتن نییە."[60] هەموو ئەوانەی بەشداری لە گوتنی لەکارکەوتوودا دەکەن، وەکو یەکدی بیردەکەنەوە و وشەکان بەکاردەهێنن بەبێ ئەوەی تێبگەن. هەموویان بەو جۆرە خۆیان دەردەخەن، کە دەیانەوێت بە دوای ڕاستیدا بگەڕێن یان ئەوان ڕاستی دەناسن و خۆیان لە هەموو شتێک تێهەڵئەقورتێنن. لەو شتانە دەدوێن هەموو کەسێک دەتوانێت باسیانبکات، بەڵام ناتوانن ڕاستی لە ناڕاستی جیابکەنەوە. ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە، بەکارهێنانی زمان و شێوازی دەربڕینە بێجگە لە لاساییکردنەوە، کە دەبێتە هۆکاری ئاڵۆزی لەنێو بۆچوونەکان و تێنەگەیشتن لە ڕاستی چی دیکە نییە.

## بوونی ڕەسەن و تێگەیشتن

بەپێچەوانەی شێوازی ناڕەسەنانەی بوونەوە، تیگەیشتن دەبێت بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی و خەسڵەتێکی بنەڕەتی دازاین. لێرەدا تێگەیشتن بەشێک لە (هۆش)ی مرۆڤ بۆ دروستکردنی بیرۆکەکان

[60] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ١٧٠، ل ٢٤٦.

و لایەنێکــی ئەپســتمۆلۆجی نیــیە. لە بونیــادی بــوونی مرۆڤــدا بنــاخەی ئۆنتۆلــۆجی خــۆی هەیە. بــۆ هایــدیگەر، مــرۆڤ بە تێگەیشتنەوە دەژی و هەیە.

نەبـــوونی تیگەیشـــتن، کە لە شـــێوازی بـــوونی ناڕەســـەندا دەردەکەوێــت، بنــاخەیەکی ئۆنتۆلــۆجی نیــیە. هەمــوو مرۆڤێــک خــاوەنی دەســتەڵاتی تێگەیشــتنە، بەڵام هەنــدێکجار مــرۆڤ ئەو دەستەڵاتە لەنێو (ئەوان)دا و لەژێر کاریگەرێتی ئەواندا دەدۆڕێنێت و ناتوانێــت بە تێگەیشــتنەوە ڕوو لە ئەگەرەکــانی بــوونی بکــات، "تێگەیشـتن پێشـمەرجی ئۆنتۆلـۆجی بـوونی-هێزەکـی دازایـنە؛ بە جـۆرێکە، کە لە ڕێـگەیەوە ئەم هەبـووە لەنێـو بوونیـدا تەوانـایی خۆی دەردەخات."[61] بەم دەستەڵات و تەواناییەوە مرۆڤی ڕەسەن بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێت. گەڕانەکەشی خۆ تێهەڵقورتاندن نیـیە، بەڵکو لە ئاکامی بیرکردنەوەی ڕەسەنانە و نیگەرانبوونی بۆ بوون بە تێگەیشـــتنەوە گەشـــتەکەی دەســـتپێدەکات. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت دازاینی ناڕەسـەن نەزانە یـان هـیچ زانیـارییەکی نیـیە. ئەو هەرچیـــیەک بزانێـــت خـــۆی پەیـــدای نەکـــردووە و زادەی

---

[61] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ١٤٤، ل ٢١٨.

بیرکـــردنەوە و تێگەیشـــتنی ئەو نیـــیە. زانینـــێکە لەپێشـــتر ئامـــادەکراوە و بەســـەریدا ســـەپێنراوە. دازاینـــی ڕەســـەن بە تێگەیشتنەوە ئەگەرەکانی بوونی دەکات بە پـرۆژە و ئاگامەنـدانە هەڵیاندەبژێرێت. تێگەیشتنیش دەبێـت بە زەمیـنە بـۆ (ڕاڤەکردن) و (داکۆکیکردن). ئەگەر دازاین لە ڕاستی تێنەگات ناتوانێت ڕاڤەی بکات. تیگەیشتن مەرج و بناخەی ڕاڤەکردنە.

بۆچوونی هایدیگەر بۆ (ڕاڤەکردن)، کە پاش (تێگەیشتن) دەکەوێت پەیڕەوی میتۆدە فینۆمینۆلـۆجییەکەی هوسـرڵ ناکـات. هایـدیگەر لەو باوەڕەدا نییە ئێمە بتـوانین بەتەواوی خۆمـان لەپێشـبیرەکان ڕزگـاربکەین. بونیـادی ڕاڤەکـردن ئامـاژە بـۆ سـێ کـۆڵەکەی دامەزراوی لەپێشـتردەکات، کە بەبـێ ئەم کۆڵەکـانە ڕاڤەکـردن لەنێو تێگەیشتندا دەمێنێتەوە و سەرهەڵنادات.

سێ کۆڵەکە لەپێشـترەکانیش ئەمـانەن: هەیەی لەپێشـتر، پـێش بینین و چەمکە لەپێشـترەکان.[62] بـۆ ڕاڤەکەردنـی ئەو دیـاردەیەی دازایـن بە تێگەیشـتنەوە ڕوویتێـدەکات، پێویسـتە چەمکەکـانی لە بەردەسـتدا بێـت. بـێجگەلەوە، دیـاردەکە خـاوەنی بونیـادێکی

[62] هەمان سەرچاوە، کورتەبەشی ١٥٠، ل ٢٢٤-٢٢٥.

لەپێشـــترە، کە لەســـەری دامەزراوە و پەیوەنـــدی خـــۆی لەوێـــوە بەدیاردەکـــانی دیـــکەوە دەبەســـتێتەوە. هەروەهـــا، مەبەســـت و ئارەزووی ڕووتێکردنەکە لەو دیاردەیە پێش بینینەکە دەردەخات. ئەگەر مـــن بمەوێـــت لە هۆنراوەیەکی (نـــالی) تێـــبگەم و واتـــاکەی ڕاڤەبکەم، پێویستم بە چەمکەکان یان زمانەکەیە، کە لەوەوپـــێش هەبووە و پـــێش ڕاڤەکـــردنەکەی مـــن دەکەون. منـــیش لە ڕوانـــگەی مەبەســـت و ئـــارەزوومەوە، پـــێش ڕاڤەکـــردنەکە، وەکـــو پێشـــبین دەردەکەوێـــت و هەوڵـــدەدەم لە هـــۆنراوەکە تێـــبگەم. هەروەهـــا هۆنراوەکە، کە لە ئەزمـــوونی تێگەیشـــتنەکەمدا بـــووە بە دیـــاردە و بونیـــادی لەپێشـــــتری هەیە (هەیەی لەپێشـــــتر)، کە بەجیهـــانی هۆنراوەوە بەگشـــتی دەیبەســـتێتەوە. تێگەیشـــتنم و ڕاڤەکـــردنم بـــۆ هۆنراوەکەی نالی پێویستـــی بە تێگەیشـــتنم بـــۆ هـــۆنراوە بەگشـــتی هەیە، کە (هـــۆنراوە)ی نـــالیش بەشـــێکە لە زەخیـــرە ئەدەبیـــیە.[63] دەربڕینــــی تێگەیشـــــتنەکەم لە شـــــێوازی ڕاڤەکردنـــــدا لەنێـــــو دەســـــــتەواژەکاندا (داکۆکیکردن)ە لەو ڕاســـــــتییەی مـــــــن لە

---

[63] من ئەم نموونەیەم لەشوێنێکی دیکەشدا باسکردووە، بڕوانە: د. محەمەد کەمال، هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، دەستگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧، ل ٩٧.

ئەزموونەکەمــدا پێیگەیشــتووم. داکــۆکیکردنیش پێویســتی بە زمانێکی لەپێشتری ئامادەکراو هەیە.

پاش ئەم گۆڕانکارییـانە لەنێـو میتـۆدی فینۆمینۆلۆجییـدا، کە لە پەرتووکی (بوون و کات)دا ئاماژەیان بۆ کراوە نـاکۆکی دەکەوێـتە نێوان هوسـرڵ و هایـدیگەرەوە و پەیوەنـدییەکەیان کەمـدەبێتەوە. بەڵام هایــدیگەر لەســەر تێگەیشــتن لە واتــای (بــوون) بەردەوام دەبێت. پاش قۆنـاخی یەکەمـی بیرکـردنەوەی و کـارکردن لەسـەر شیکردنەوەی بوونگەرانەی دازاین، بۆ واتای (بوون) دەگەڕێتەوە و دەیەوێــــت لە ڕێــــگەی ئەم کەمکردنەوەفینۆمینەلــــۆجییەوە و سـوڕانەوە هێرمینـۆتیکییەکە بە (بـوون) بگـات. لەم قۆنـاخەدا، هایدیگەر جەخت لەسەر گرنگی هونەریش بۆ واتای بـوون دەکـات چونکە بە دیدی ئەو، هونەر ڕاستی (بوون) دەردەخات.

**سارتەر و میتۆدی فینۆمینۆلۆجی**

بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان فینۆمینۆلۆجی و بوونگەرایەتی، گرنگە ئاوەڕ لەفەلسەفەی ژان-پۆل سارتەر بدەینەوە. سارتەر (١٩٠٥-١٩٨٠) فەیلەسوفێکی بوونخوازی فەرەنسییە و ڕۆڵێکی گەورەی لەپێشخستنی بوونگەرایەتی لە فەرەنسا و دواتر لە هەموو جیهاندا بینیوە. لە ڕێگەی نوسینی دەقی فەلسەفی، ڕۆمان، کورتە چیرۆک و شانۆگەرییەوە بۆچوونە فەلسەفییەکانی دەربڕیوە و لە ساڵی ١٩٦٤دا خەڵاتی نۆبڵی لەسەر ئەدەب پێبەخشراوە، بەڵام لەبەر هۆکاری ڕامیاری خەڵاتەکەی وەرنەگرتووە.

لە شیکردنەوەکەمان بۆ پەیوەندی فەلسەفەی سارتەر بە فینۆمینۆلۆجییەوە و ڕەخنەکانی لەسەر بۆچوونی هوسرڵ ئاماژە بۆ دوو نوسراوی فەلسەفی بە ناوی (بەرزێتی خۆ) و (بوون و نەبوون) دەکەم. ئەم دوو نوسراوە لەژێر کاریگەرێتی هوسرڵدا نوسراون و فینۆمینۆلۆجییانە ڕوو لە بابەتی توێژینەوەکە دەکەن. لەهەمانکاتدا، سارتەر لەگەڵ هوسرڵدا لەسەر هەموو بۆچوونێک هاوڕا نییە.

هەرچەندە هوسرڵ و سارتەر هاوسەردەم بوون، بەڵام یەکدیان نەناسیوە و پەیوەندییان نەبووە. سیمۆن دیبۆڤوار دەیگێڕێتەوە، سارتەر لە ڕێگەی (ڕایمۆند ئارۆن)ی هاوڕێیانەوە میتۆدی فینۆمینۆلۆجی ناسیوە. ڕایمۆند ئارۆن یەکێک بووە لە هاوڕێ نزیکەکانی سارتەر و مارکسیانەش بیریکردۆتەوە. لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەدا (پۆڵ نیزان و میرلۆ-پۆنتی) هەوڵیانداوە سارتەر لە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا نزیکبکەنەوە. لەساڵی ١٩٢٨، ڕایمۆن ئارۆن بۆ ئەڵمانیا دەچێت و لە زانکۆی فرایبۆرگ دەبێت بە خوێندکاری هوسرڵ و هایدیگەر. کاتێک بۆ پاریس دەگەڕێتەوە سارتەر و سیمۆن دیبۆڤوار دەبینێت و باسی فینۆمینۆلۆجییان بۆ دەکات. دوای ئەم دانیشتنە سارتەر لە بازاڕ پەرتووکەکەی لێڤیناس لەسەر فینۆمینۆلۆجی دەکڕێت و بڕیاریش دەدات بۆ ئاشنابووبی لەگەڵ فینۆمینۆلۆجی هوسرڵدا بۆ ئەڵمانیا بڕوات.[64]

---

[64]Simon de Beauvoir, *The Prime of Life*, translated by Peter Green, New York: Penguin Books, 1965, p.135.

لێڤیناس (١٩٠٦-١٩٩٥) فەیلەسوفێکی فینۆمینۆلۆجیستی فەرەنسایە، هاوڕێ و هاوتەمەنی سارتەر بووە. لە پاریس، پێکەوە خوێندکاری ئەلیکسەندەر کوجێف بوون و لەلای ئەم مامۆستایە فەلسەفەی هیگڵیان خوێندووە. لێڤیناس بۆ خوێندنی

له ساڵی ١٩٣٣، سارتەر بۆ توێژینەوە لەسەر فینۆمینۆلۆجی دەچێتە بەرلین و ساڵێک دەمێنێتەوە. بەڵام هوسرڵ و هایدیگەر نابینێت. (بەرزێتی خۆ) لەژێر کاریگەرێتی فینۆمینۆلۆجی هوسرڵدا دەنوسێت.

ئەم نوسراوە توێژینەوەیەکە لەسەر بوونی (خۆ) لە ڕوانگەی فینۆمینۆلۆجی هوسرڵەوە. شایەنی باسە سارتەر، لەم نوسراوەدا بیردۆزەی جەوهەری گیانەکی دێکارت ڕەتدەداتەوە و ڕەخنەش لە هوسرڵ بۆ ناسینی (خۆ) فینۆمینۆلۆجییانە دەگرێت. شاکارە فەلسەفییەکەشی (بوون و نەبوون) هەوڵدانێکە بۆ تێگەیشتن لە واتای (بوون) لە ڕوانگەیەکی فینۆمینۆلۆجییانەوە. بەتایبەتی بوونی مرۆڤ یان (بوون-بۆ-خۆ) لەسەر بنەمای میتۆدی فینۆمینۆلۆجی شیدەکاتەوە، "یەکەم بوون، لە توێژینەوەکەماندا مامەڵەی لەگەڵ بکەین بوونی دیاردەیە. ئایا ئەم بوونە دیاردەیە؟ لەسەرەتاوە بەمشێوەیە دەردەکەوێت. دیاردە ئەوەیە، کە خۆی دەرخستووە و بوونیشی لەبەر ئەوەی دەتوانین بیناسین و

---

دکتۆراکەی چۆتە ئەڵمانیا و لە زانکۆی فرایبۆرگ لەژێر چاودێری هوسرڵدا دکتۆراکەی لەسەر فینۆمینۆلۆجی وەرگرتووە.

باسیبکەین بە یەکێک لە شێوەکانی خۆی دەرخستووە. کەوابوو، دەبێت دیاردەی بوون باسبکرێت."[65] پرۆژە فەلسەفییەکەی سارتەر لەم نوسراوەدا لێکۆڵینەوەی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی یان ئەو ئۆنتۆلۆجییەی هایدیگەر هەوڵی دامەزراندنیداوە، نییە. ئەو تەنیا نیوەی پێشەکییەکەی بۆ ئەمجۆرە ئۆنتۆلۆجییە و واتای (بوون) تەرخانکردووە. پرۆژەکەی توێژینەوەیەکی بووگەرانەی فینۆمینۆلۆجییانەیە بۆ بوونی مرۆڤ یان (بوون-بۆ-خۆ).

بە دیدی من، ئەم پرۆژەیە لە نوسراوەکەیدا (بەرزێتی خۆ)، کە لە بەرلین نوسیویەتی، دەستپێدەکات. لەوێوە، سارتەر (خۆ)ی نێو فەلسەفەی دێکارتیی ڕەتدەداتەوە و بوون پێش جەوهەردەخات. ڕەتدانەوەکەشی بنەمایەکی فینۆمینۆلۆجی هەیە و لە (بوون و نەبوون)دا بوونگەرانە شیکراوەتەوە.

لێرەدا، ئەو پرسیارەی یەخەمان دەگرێت سەبارەت ناسینی (خۆ)ی دێکارتییە، کە هوسرلیش پەیڕەویکردووە؛ ئایا (خۆ) لە ڕێگەی کەمکردنەوەی فینۆمینۆلۆجییانەوە

---

[65] ژان-پۆل سارتەر، بوون و نەبوون، وەرگێڕانی د. محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠١١، ل١٦.

دەدۆزرێتەوە؟ بۆ هوسرڵ یەکێک لە دەستکەوتەکانی میتۆدی فینۆمینۆلۆجی گەیشتنە بە بوونی (خۆ)، کە دەبێت بە هەوێنی یەکگرتنی ئەزموونەکان. (خۆ) لەنێو ئاگامەندییدا ئەزموونەکان پێکەوە گرێدەدات و هەموویان دەکات بە ئەزموونی تاکە کەسێک. هەروەها، (خۆ) بەردەوام لە پشت ئەزموونەکان و لەنێو ئاگامەندییدا ئامادەیە.[66] دژی ئەم بۆچوونە دێکارتییە-هوسرڵییە، سارتەر لە سەرەتای (بەرزێتی خۆ)دا دەڵێت، "ئێمە دەمانەوێت ڕوونیبکەینەوە، کە (خۆ) فۆرمەڵی و ماتەریاڵی لەنێو ئاگامەندیدا نییە: لەدەرەوە، لەنێو جیهاندایە. وەکو خۆی کەسانی دیکە بوونێکە لەنێو جیهاندا."[67] لەپێشتر، ئەو خاڵەمان باسکرد، کە بۆ هوسرڵ هەموو بیرکردنەوەیەک ڕوو لە بابەتێک دەکات و بیرکردنەوە بەبێ بابەت نییە یان هەموو بیرکردنەوەیەک

---

[66]Edmund Hussrel, *Cartesian Meditations*, Section 33, p. 68.

[67]Jean-Paul Sartre, *The Transcendence of the Ego*, an existentialist theory of conscionsness, translated and annotated with an introduction by Forrest Williams and Robert Kirkpatrick, New York: Hill and Wang, 1995, p. 31.

بیرکـــردنەوەیە لە شـــتێکەوە (*ego cogito cogitatum*). ئەم دەستەواژەیە، کە بونیـادی بیرکـردنەوە دەردەخـات، سـێ لایەنـی جیاواز و پێکەوە بەستراو دیاریدەکات.

(من)، (بیرکـردنەوە) و (بـابەتەکە). هوسـرڵ لەژێـر کـاریگەرێتی دێکـارت و کانتـدا جەختـی لەسـەر بـوونی (من)، وەکـو خـۆیەکی سەربەخۆ کردووە و لە ڕێـگەی کەمکـردنەوەی فینۆمینۆلـۆجییەوە بە بـــوونی (خـــۆ) گەیشـــتووە. ســـارتەر نکـــوڵی لە بونیـــادی بیرکردنەوە لەسەر ئەم سێ لایەنە ناکات. ئەویش لەو باوەڕەدایە، کە بیرکردنەوە بەبێ بابەتی بیرکـردنەوە و (خـۆ)وە پەیـداناکرێت. بەڵام کێشـــەی لەگەڵ شـــێوازی بوونی (خـــۆ) و دۆزیـــنەوەی ئەم (خۆ)یە بە کەمکردنەوەی فینۆمینۆلۆجی هەیە.

بەکـــورتییەکەی، بـــۆ ســـارتەر، (خـــۆ) لە کەمکـــردنەوەی فینۆمینۆلۆجییدا دەرناکەوێـت. بەڵکـو، بە دوو ڕێگـا ئـێمە لەگەڵ چەمکی (خۆ)دا ئاشنادەبین؛ یەکەم، بە ڕێگەی جـۆرێکی دیـکە لە بیرکردنەوە، کە بە (تێڕامان) ناوزەدیدەکات و دووەم، لە (بـوون و نەبوون)دا (خـۆ) بـۆ کۆجیتـۆی پـێش تێڕامـان دەگێـڕێتەوە، کە لەدواییدا باسیدەکەین.

مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا بەردەوام بە ئەزموونەکانی مامەڵە لەگەڵ بابەتەکانی دەوروبەری دەکات. هایدیگەر گوتەنی، لەنێو جیهاندا نوقم بووە. هەموو جارێک، کە لەگەڵ بابەتێکدا ئاشنادەبێت یان کارێــــک دەکـــــات بیـــــر لەوە ناکـــــاتەوە، کە ئەوەی کـــــارەکە هەڵدەسوڕێنێت (ئەوە). بۆ نموونە من ئێستا ئەم دێڕانە لەسەر کاغەزەکەی سەرمێزەکە دەنوسم و هەوڵدەدەم بۆچوونەکەی سارتەر بۆ خوێنەر ڕوونبکەمەوە. جار جار دەوەستم، قومێک لە پیاڵە چاکەی تەنیشتم دەدەم و لە پەنجەرەکەوە تەماشای سەرشەقامەکە دەکەم. لەم ئەزموونانەمدا، کە بە دوای یەکدیدا دێن و دەڕۆن هەر یەکەیان چەند چرکەیەک دەخایەنێت، ناڵێم ئەوە منم ئەم چەند دێڕە دەنوسم، ئەوە منم قومێک لە پیاڵە چاکە دەدەم، منم تەماشای سەرشەقامەکە دەکەم و...هتد. من، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ (خۆ)م بکەم، بەم ئەزموونەنادا تێدەپەڕم. ئێستا، کە باسی ئەزموونەکان دەکەم و بوونی (خۆ)م تیایاندا بەرجەستەدەکەم شێوازێکی دیکەی بیرکردنەوەیە، کە سارتەر بە (تێڕامـــان)ی دادەنێـــت.[68] بیرکـــردنەوە لە ئەزموونەکـــانم

[68] هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٤٣.

تێڕامانانەنەک خودی ئەزموونەکان بوونی (من) ئاشـکرادەکات، کە دەبێت بە خـاوەنی ئەزمـوونەکە. هەر شـتێک لە تێڕامانـدا بـوونی خـۆی دەربخـات لە کەمکـردنەوەی فینۆمینۆلۆجیـدا نـادۆزرێتەوە. گەیشـتن بەم ئاکـامە بـۆ شـوێنکەوتوانی فنۆمینۆلـۆجی هوسـرڵ نێگەتیڤانەیە و (بنەمای هەموو بنەماکـان)، ئەو یاسـایەی هوسـرڵ بە بەڵگەنەویست دایـدەنێت، لەقـدەکات. ئەگەر نـاوەڕۆکی هەمـوو ئەزموونێـک ئەو دیـاردەیە بێـت، کە خـۆی بـۆ ئەزمـوونەکە دەردەخـات، ئەوا هـیچ دیـاردەیە (فینۆمینۆلۆجییـانە) نیـیە، کە خۆی بۆ ئەزمـوون دەرنەخـات. هەر شـتێک دیـاردە بێـت و نـاوی دیـاردەی لێبنرێـت، پێویسـتە ڕۆشـنایی ئەزمـوونی بگـاتێ. بەڵام (خـۆ) دیـاردەی نێـو هـیچ ئەزموونێـک نیـیە و بە تێڕامـان دەناسـرێت. لەبەر ئەمە (خـۆ) بەرزێتیـیە یـان ئەوەیە، کە لە کەمکـردنەوەی فینۆمینۆلۆجییـدا نابێـت بەدیـاردە. بـوونی خـۆی بەرزیش، بەو شێوەیەی دێکـارت و هوسـرڵ باسـیدەکەن، دەبێـتە هۆکـاری لەناوبردنی (ئاگامەنـدی). بـۆ هوسـرڵ (خۆ) لەنێـو ئاگامەندییـدا جێنشـین بـووە؛ ئەگەر (خـۆ) شـتێکی جیـاوازتر لە ئاگامەندی بێت، چ پێویستە ئاگامەندی هەبێت؟ چۆن (خۆ) لەنێو

ئاگامەندیـدا جێنشـین دەبێـت؟ ئایـا ئەمە ئەوە ناگەیەنێـت، کە ئاگامەندی و خۆ دوو شتی جیاوازن؟

شیکردنەوەکەی هوسرڵ بۆ پەیوەندی نێوان (خۆ) و (ئاگامەنـدی)، بە بیروڕای سارتەر، دەبێـتە هـۆی لەنـاوبردنی ئاگامەنـدی و ڕۆڵە گرنگەکەی بـۆ ناسـینی جیهـان، "ئەگەر خـۆی بەرز هەبێـت، ئەوا ئاگامەندی؛ پارچە پارچە دەکات و دابەشیدەکات؛ وەکو گوێزانێک ئاگامەنـدی دەبڕێـت. بـوونی خـۆی بەرز مەرگـی ئاگامەنـدییە."[69]

سەرباری ئەمە، بۆ سـارتەر، (خۆ) نـابێتە بنەمـای یەکێتـی نێـوان ئەزموونەکان چونکە (خۆ)، ئەگەر هەبێـت، کۆتـایی بە ئاگامەنـدی دەهێنێت و یەکێتی لەنێویـدا دروسـتناکات. ئاگامەنـدی پێویسـتی بە هـیچ هەبـوویەکی دیـکە بـۆ دامەزرانـدنی یەکێتیـیەکەی نیـیە. مەبەسـتدارێتی ئاگامەنـدی و بونیـادە پێکهـاتووەکەی دەبـن بە بنەمای یەکێتی. لەڕاستیدا، سارتەر نکـۆڵی لە (خـۆ) ناکـات. ئەو ناڵێـت ئـێمە نـاتوانین ڕانـاوی (من) بەکـاربهێنین یـان بە هەڵە بەکاریدەهێنین. ڕەخنەکانی لە بۆچـوونەکەی هوسـرڵ لەمخـاڵانەدا کۆدەبێتەوە:

---

[69] هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.

یەکەم. (خـــۆ)ی دێکــارتی، کە خــۆیەکی نەگــۆڕی گیــانەکییە، بوونی نییە.

دووەم. ڕەتـــــدانەوەی (خۆ)ی دێکـــــارتی نـــــابێتە هۆکـــــاری لەنـــــاوبردن و بنبڕکردنی (خـــۆ). ئەو خـــۆیەی ســـارتەر بـــۆ بـــوونی مرۆڤـــی دادەنێـــت و لە ڕانـــاوی (من)دا دەردەکەوێـــت خودی (ئاگامەندی) تاکە کەسەکەیە.

ســـێیەم. لە کەمکـــردنەوەی فینۆمینۆلۆجییـــدا دیـــاردەی (خۆ) دەرناکەوێت. لە ڕێگەی تێڕامانەوە دەناسرێت.

چـــوارەم. ئاگامەنـــدی دەبێـــت بە بنـــاخەی یەکێتـــی بـــۆ بـــوونی خـــۆی و پێویســـتی بە هـــیچ شـــتێکی دیـــکە بـــۆ یەکێتیـــیەکەی نیـــیە. مـــن بەردەوام دەزانـــم، کە بە ئاگـــاوە ڕوو لە جیهـــان دەکەم.

پێـــنجەم. ئاگامەنـــدی هەمیشـــە ئاگـــاییە لە شـــتێک. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـــت، کە ئاگامەنـــدی (لەو ئەزمـــوونەدا) و پـــێش ئاگامەنـــدییەکەی لەو شـــتە، بـــوونی نیـــیە. لێـــرەدا ئاگامەنـــدی بەبـــێ بونیـــادە پێکهـــاتووەکەی بـــوونێکی جیـــاواز و ســـەربەخۆی

لەودیـــــو بونیـــــادەکەوە نیـــــیە. ئەگەر (مـــــن) هەبـــــم، ئەو ئاگامەندییەم، کە ئاگامەندە.

لە پەرتووکی (بـــوون و نەبـــوون)دا ســـارتەر جـــارێکی دیـــکە هەوڵدەدات بیسەلمێنێت، کە ئێمە (فینۆمینۆلۆجییانە) دیاردەکـان دەناسـین و لە واتاکانیـان تێـدەگەین، بەڵام (خـۆ) یـان (مـن) لە کەمکردنەوەی فینۆمینۆلۆجییدا دەرناکەوێت. لە نوسراوی یەکەمدا ناسینی (خۆ)ی بە تێڕامانەوە بەستۆتەوە؛ واتە، کاتێک من باسـی ئەزمـوونەکەم دەکەم و بیـری لێـدەکەمەوە (خۆ)خۆی دەردەخـات، بۆ نموونە دەڵێم، (من) ئێستا دەنووسـم. لە (بـوون و نەبـوون)دا ئامادەبوونی (خۆ)بە کۆجیتۆی پێش-تێڕامان دادەنێت.

هەمـوو ئاگـاییەک لە دیـاردەیەکی نێوجیهـان، ئاگـاییە لە (خـۆ). کاتێـک هەسـت بە برسـێتی دەکەم، ڕاسـتەوخۆ دەزانـم، (مـن) برسیمە؛ یان ئەو کەسەی برسییەتی مـنم. ئەمە خـۆ-ئاگـایی یـان کۆجیتۆیەکە پێویسـتی بە تێڕامـان نیـیە و ئاگامەنـدیم بـۆ خـۆی دەبێت بە دیاردە، بەڵام بیرکەرەوە و دیاردەی بیرکردنەوەکە یەک شتن، "ئاگایی لەخۆ دوولایەنی نییە. ئەگەر بمانەوێـت لە زنجیـرە نەبڕاوەکانیش دووربکەوینەوە دەبێت پەیوەنـدییەکی ڕاسـتەوخۆ و

نـا-ئەپسـتمۆلۆجییانەی (خۆ) لەگەڵ خـودی خـۆدا هەڵبەسـتین.
ئاگامەندی خۆی دەخاتە بەر تێڕامانەکەی خۆی و دەبێتە بابەت بۆ خۆی. لێرەدا دەتوانم بڕیار بەسەر ئەو ئاگامەندییەدا بدەم، کە بووە بە بابەتی تێڕامانەکەم. دەڵێم؛ مـن شـەرم لە خـۆم دەکەم، شانازی پێوەدەکەم، دەمەوێت یان نامەوێت و هتد. ئاگامەندی ڕاستەوخۆش، کە من لە هەستکردنەکەدا هەمە ڕێگەم نادات ئەم حوکمانە بدەم. هەستکردنەکەم ناناسێت و ئاڕاستەی دەرەوەی ناکات. بەکورتییەکەی، هەمـوو ئاگـاییەک لە بـابەتی دەرەکییەوە هەمانکات خود-ئاگاییە."[70]

دەرکەوتنی (خـــۆ) لە هەر دوو حـــاڵەتەکەدا؛ تێڕامانـــانە و لە کۆجیتـۆی پـێش-تێڕامانـدا ڕوودەدات. کاتێـک بیـر لە بـوونم دەکەمەوە یـان وەسـفی ئەزمـوونێکم بە تێڕامـانەوە دەکەم (خـۆ) بەرجەستەدەبێت و دەڵێم من دەنووسم. لەگەڵ ئەمەشـدا، هەمـوو ئاگاییەک لە دیاردەیەکی نێوجیهان خۆ-ئاگاییە، بەڵام (خۆ) لەنێـو کەمکردنەوەی فینۆمینۆلۆجیدا ڕاستەوخۆ خۆی دەرناخات.

[70] ژان-پۆڵ سارتەر، بوون و نەبوون، ل ٢٠-٢١.

**خۆ، بڕوای خراپ و نامۆیی**

بڕوای خراپ یان نامۆیی دووچەمکن سارتەر بۆ شێوازی ناڕەسەنانەی بوونی مرۆڤ بەکاریاندەهێنێت. مرۆڤ لە فەلسەفەی سارتەردا دوو شێوازی بوونی هەیە، کە هەر یەکەیان جۆرێک لە بڕوا دیاریدەکات؛ بڕوای خراپ و بڕوای چاک. ئەم دوو جۆرە بڕوایە لەسەر شێوازەکانی بوونی ڕەسەن و ناڕەسەن لە فەلسەفەی هایدیگەردا دامەزراون. جیاوازی نێوان بۆچوونەکانی سارتەر و هایدیگەر لەسەر ئەم دوو شێوازی بوونە لەوێدایە، کە بۆ هایدیگەر هەموو تاکێک لەگەڵ هاتنە نێو جیهانییەوە ناچاردەکرێت ناڕەسەنانە بژی چونکە دێتە نێو کەلتوورێکی لەپێشتر ئامادەکراوەوە، کە خۆی هەڵینەبژاردووە.

سارتەر جەختی لەسەر ئەمخاڵە نەکردووە و هەموو لێپرسینەوەیەک بۆ هەڵبژاردنی یەکێک لەو شێوازانە دەخاتە ئەستۆی تاکە کەس. ڕاڤەکردنی هەردوو شێوازەکەش لەلایەن هایدیگەر و سارتەرەوە فینۆمینۆلۆجییانەیە.

بوونی مرۆڤ لەنێو جیهاندا بوونی جەوهەرێکی نەگۆڕی دێکارتی نییە. جەوهەری نەگۆڕ، کە بووە بە بنەمای فەلسەفەی دێکارتی

فینۆمینۆلۆجییانە نادۆزرێتەوە و جەوهەرەکە، وەکو دیاردە لە ئەزمووندا خۆی دەرناخات. مرۆڤ لەنێو جیهاندایە و بوونێکی جەستەیی هەیە. ئەوەی ئێمە لە ئەزمووندا دەیبینین لەش و خەسڵەتەکانی دیکەیەتی، کە بە هەڵوێست و کردەوەکانییەوە بەستراون، بەڵام بوونی ئەو(جەوهەر) نییە. بوونی لەنێو جیهاندا، کە بنەڕەتییە، کۆمەڵێ خەسڵەتی دەداتێ، کە دەبن بە فاکتۆرەکانی بوونی. فاکتۆری بوون ئەو ڕووداوو ڕاستییانەیە لە بوونی مرۆڤدا سەرهەڵدەدەن. گۆڕانیان بەسەردا نایەت و دەبن بە ڕابردوو، "فاکتۆر و ڕابردوو دوو چەکی جیاوازن بۆ یەک شت. ڕابردوو، وەکو فاکتۆر هەڵکەوتێکی دەستکاری نەکراوە لە بوونی-لەنێو-خۆدا، کە من ناتوانم نەمبێت. ڕاستەقینەیەکی خۆ-چەسپێنەر و پێویستە."[71] شوێن و کاتی لەدایکبوون، بۆ نموونە ئەو فاکتۆرانەن گۆڕانییان بەسەردا نایەت و مرۆڤ ناتوانێت دەستکارییان بکات. فاکتۆر و ڕابردوو بوونی مرۆڤ چەقوەستاو ڕادەگرن. ئەمە خەسڵەتی بوونی-لەنێو-خۆ یان ئەو هەبوونەیە، کە بیرناکەنەوە و خاوەنی ئاگامەندی نین. مێزەکەی نێو ژوورەکەم

[71] هەمان سەرچاوە، ل١٤٨.

بوونی-لەنێو-خۆیە چونکە بیرناکاتەوە، لەوە زۆرتـر بە چـی دیـکە نابێت و جەوهەرێکی نەگۆڕی هەیە. مرۆڤ بەمجۆرە پێناسناکرێت چـونکە فـاکتۆر و ڕابـردوو لایەنێکـی ڕاسـتەقینەی بـوونی ئەون. بـێجگە لە فـاکتۆر مـرۆڤ ئەو هەبـووە نـاتەواوەیە، کە لەنێـو ئەگەرەکانی بوونیدایە و بەردەوام ڕوو لە داهاتوو دەکـات. بـوونی ئەو ئەوە نییە ئێستا هەیە، بەڵکو ئەوەیە، کە نیـیە یـان هێشـتا پەیدانەبووە.

ئەم لایەنە جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان بـوونی مـن و مێـزەکەدا دروستدەکات. بوونی من بەکەمییەوە پەیـدابووە و بـۆ لەنـاوبردنی کەمیـــیەکەم بەردەوام ڕوو لە داهـــاتوو دەکەم. لە ڕێـــگەی هەڵبژاردنـــی پڕۆژەکـانمەوە دەبـم بەوەی ئێســتا نــیم. بــوونی مێزەکەش، بەپێچەوانەی منەوە، پڕ و نەگۆڕە و داهاتووی نییە.

سارتەر ئەم لایەنەی بـوونی مـرۆڤ بە (بەرزێتـی) ناوزەددەکـات، "بـۆ ئەم بـوونە داهـاتوو بەو جـۆرە خـۆی دەردەخـات لەکاتێکـدا بوونی-بۆ-خۆ لە کەمـی خـۆی بە ئاگـایە و دەزانێـت ئەو بـوونەیە هێشـتا پەیـدانەبووە و لەنێـو ئێسـتادا خـۆی بەرەو پڕۆژەکـانی داهـاتوو دەبـات. داهـاتوو بەبـێ ئەم ئاگـاییە نیـیە و نابێـت.

ئاگاییەکەش پێویستی بە خۆ-ئاگایی هەیە؛ پێویستی بە بوون-بۆ-خۆیە ئەم ئاگاییەی لادروست بێت."[72] مرۆڤ ئەوە نییە، کە هەیە؛ ئەو لە داهاتوودا دەبێت بە شتێکی جیاوازتر لەوەی ئێستا هەیە. لەبەر ئەمە، خاوەنی جەوهەرێکی لەپێشتر و نەگۆڕ نییە، بێ ناسنامەیە و پێناسناکرێت. هەرچ پێناسێکی بۆ دابنێین، دەبێت بیگۆڕین چونکە هەبوویەکی گۆڕینۆکە، بە ئاگاوە ڕوو لە داهاتووی دەکات و دەیەوێت بوونی ناتەواوی خۆی تەواوبکات.

زۆرجار هاوتەرازکردنی ئەم دوو لایەنە (فاکتۆر) و (بەرزێتی) کارێکی ئاسان نییە و دەشێوێت. شێواندنەکەشی، کە بەدەستی مرۆڤ ڕوودەدات بۆ مەبەستی ڕاکردن لە سەربەستی و خۆدزینەوە لە لێپرسینەوەیە. مرۆڤی خاوەن داهاتوو واتای ئەو هەبووە دەگەیەنێت بەسەربەستییەوە پرۆژەکانی بوونی هەڵدەبژێرێت و لە ڕێگەی دامەزراندنی پرۆژەکانەوە بوونی خۆی پڕدەکاتەوە. ئەگەر مرۆڤ بوونی خۆی بە (فاکتۆر) دابنێت و نکۆڵی لە (بەرزێتی) بکات یان بەپێچەوانەوە، نکۆڵی لە (فاکتۆر) بکات و بوونی خۆی بە بەرزێتییەکی ڕووت دابنێت توشی بڕوای

---

[72] هەمان سەرچاوە، ل ١٥٦-١٥٧.

خـراپ و نـامۆیی دەبێـت. لە حـاڵەتی یەکەمـدا، مـرۆڤ خـۆی بە هەبوویەکی نەگۆڕ و چەقوەستاو، بوون-لەنێو-خـۆ، وەکـو مێـزەکە دادەنێـــت؛ خـــۆی دەکـــات بە (بـــابەت) نەک ئاگامەنـــدی. لەم گۆڕانکارییەدا نکۆڵی لە سەربەستی بوونی دەکات چونکە بووە بە بوون-لەنێو-خۆ یان بابەت. ئەمجۆرە بوونە لەبەر ئەوەی نەگـۆڕ و ناچارە، بەرپرسیش نییە. زۆرجار کەسێک دەڵێت، "مـن ناچـارم، نـاتوانم ئەو کـارە نەکەم، مـن وا دروسـتبووم و بە دەسـت خـۆم نیـــیە." ئەم دەســتەواژانە بـــڕوای خـــراپ دەردەبـــڕن. لەلایەکـــی دیکەوە، ئەگەر مرۆڤ نکۆڵی لە فاکتۆر و ڕابردووی خۆی بکات و تەنیا لە داهاتوودا خۆی ببینێ لە بڕوای خراپـدا دەژی. ئەمجـۆرە هەڵوێستە ڕاکردنە لە بەرپرسێتی لەئاستی ڕابـردوودا. هەرچەنـدە ڕابـردوو نەگـۆڕە، بەڵام مـرۆڤ ناتوانێـت نکـۆڵی لێبکـات و خـۆی بەرپـــرس لەئاســـتیدا دانەنێـــت. بـــوونی مـــرۆڤ بەردەوام لە نێوان (فـــاکتۆر) و (بەرزێتـــی)دا لە گۆڕانـــدایە و دەبێـــت بە هەبـوویەکی (مێتـا-سـتەیبڵ).[73] مرۆڤـی ڕەسـەن، ئەو مـرۆڤەی خاوەنی بڕوای چاکە، بێ نکۆڵیکردن لە فاکتۆرەکانی و ڕابـردووی

---

[73] هەمان سەرچاوە، ل ٨١.

بە ئاگاییەوە سەربەستانە ڕوو لە بەرزێتی و داهاتووی دەکات. بەڵام داهاتوو پەیدانەبووە و (نەبوون)ە؛ کەوابوو، مرۆڤ ڕوو لە (نەبوون) دەکات و نازانێت لە داهاتوودا چی ڕوودەدات. بیرکردنەوە لە داهاتوو، وەکو نادیار و لایەنی بەرزێتی، مرۆڤ دەخاتە نێو (دوودڵی) نەک ترسەوە. ترس هەستکردنە لەئاستی مەترسییەکەی ئامادەبوودا. دوودڵی هەستکردنە لەئاستی ئامادەنەبوون و نادیاریدا. مادام بوونی مرۆڤ لایەنی بەرزێتی هەیە و بەرزێتی پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیە، مرۆڤ بەردەوام هەبوویەکی دوودڵە. لێرەدا دوودڵی دەبێت بە خەسڵەتێکی بنەڕەتی مرۆڤ و ڕەهەندی کاتێتی وەردەگرێت.

## میرلۆ-پۆنتی و فینۆمینۆلۆجی هەستکردن

پاش هەوڵدانەکەی سارتەر بۆ بەکارهێنانی میتۆدی فینۆمینۆلۆجی و ڕەخنەکانی لەسەر بۆچوونی هوسرڵ پێویستە لە توێژینەوەکەماندا ئاماژە بۆ مۆریس میرلۆ-پۆنتی (١٩٠٨-١٩٦١) بکەین. ئەم بیریارە بە یەکێک لە بونخوازە فینۆمینۆلۆجیستەکان دادەنرێت، کە بەدرێژایی تەمەنی بیرکردنەوە و ژیانی ئەکادیمییای

کـاری لەسـەر ئەم میتـۆدە کـردووە، بەڵام کەم لەسـەر بۆچـوونە فەلسـەفییەکانی نوسـراوە. هۆکـاری ئەمە، بەڕای مـن، بـۆ کاریگەرێتی سارتەر و سیمۆن دیبۆڤوار بەسەر سـەردەمەکەیانەوە و لەنێـو بـازنەی ڕۆشـنبیرانی فەرەنسـادا دەگەڕێـتەوە، کە هاوسەردەمی میرلۆ-پۆنتی بوون.

میرلـۆ-پـۆنتی هـاوڕێی نزیکـی سـارتەر بـووە و پـێکەوە لە سـاڵی ١٩٤٥دا گۆڤاری (*Les Temps modernes*)یان دەرکردووە. لەبەر ئەوەی لەنێـو بـازنە ئەکـادیمییەکەدا، وەکـو مامۆسـتای زانکـۆ ماوەتەوە، بەپێچەوانەی سارتەر و سیمۆن دیبۆڤـوارەوە بۆچـوونە فەلسـەفییەکانی لە شـێوازەکانی دیـکەی دەربڕینـدا بە خـوێنەر نەگەیاندووە و تاکو ڕادەیەک بە نەناسراوی ماوەتەوە.

میرلـۆ-پـۆنتی بـوونگەرانە و فینۆمینۆلۆجییـانە بیریکـردۆتەوە، کەسێکی چەپڕەفتار بووە و لە مارکسـیزم و پـارتی کۆمۆنیسـتی فەڕەنسـاوە نزیکبـووە. لەگەڵ پـۆڵ نیزانـدا کاریـان کـردۆتە سـەر بۆچـوونە ڕامیارییەکـانی سـارتەر و بە پـارتی کۆمۆنیسـت و

مارکسـیزمیان ناسـاندووە.[74] لەدواییـدا، ڕووداوە جیهانییەکـان، هەڵوێستی یەکێتـی سۆڤییەت و جەنگـی کۆریـا دەبێـتە هۆکـاری سەرهەڵدانی جیاوازی لەنێوانیاندا و شێواندنی هاوڕێیەتییەکەیـان. سارتەر لەو باوەڕەدا بووە، کە ڕەخنەگرتن لە یەکێتی سۆڤیەت و دژوەسـتان بەرانبـەری لەنێـو ئەو کەژوهەوا ڕامیـارییەدا لە بەرژەوەندی ئیمپریالیزم و جیهانی سەرمایەدارییدایە، بەڵام میرلۆ-پۆنتی لەسەر ئەم خـاڵە هـاوڕانەبووە، لە نوسـراوێکیدا ڕەخـنە لە سارتەر دەگرێت و بە توندڕەوێکی-بەڵشەفیکی ناوزەدیدەکات.

هەرچەندە سارتەر وەڵامـی ڕەخـنەکەی میرلـۆ-پـۆنتی نەداوەتەوە، سـیمۆن دیبۆڤـوار نوسـراوێک لەسـەر بۆچـوونی ڕامیـاری سـارتەر بڵاودەکاتەوە و تیایدا ڕوونیـدەکاتەوە، کە ئەو سـارتەرەی میرلـۆ-پـۆنتی ڕەخـنەی لێـدەگرێت و بە بەڵشـەفیکێکی توونـدڕە و

---

[74] سارتەر لە یەکێک لە نوسراوەکانیدا باسی ئەم گۆڕانکارییە لەژێر کاریگەرێتی میرلۆ-پۆنتی هاوڕێیدا دەکات. بڕوانە:

Jean-Paul Sartre, *Situations*, translated by Benita Eisler, New York: Fawcett World Library, 1966, p. 176.

دایـــدەنێت ئەو ســـارتەرە نیـــیە، ئـــێمە دەیناســـین.[75] پـــاش سەرهەڵدانی ناکۆکییەکەی نێوانیان لەساڵی ١٩٥٢ میرلۆ-پۆنتی واز لەکـــارکردن لەگەڵ ســـارتەر بـــۆ دەرکردنـــی گۆڤـــارەکە دەهێنێت.[76]

بەهەرحـاڵ، گۆڕانکـاری لە هەڵوێسـتی میرلـۆ-پۆنییـدا بەرانـبەر یەکێتی سۆڤییەت و پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسا پاشـگەزبوونەوە لە بۆچـوونە ڕامیـارییەکەی ناسـەلمێنێت، بەڵکـو بەو بـاوەڕە گەیشت، کە یەکێتی سۆڤییەت وازی لە بیرۆکەی شۆڕشی جیهانی هێناوە و بووە بە دەستگایەکی دەستەڵات و دەوڵەتی پۆلیس. لە ڕوانـگەی ئەم ڕەخـنەیەوە ترۆتسـکییانە ڕوانیـویەتی بـزوتنەوەی چەپ و فەلسەفەی مارکس.

---

[75]Jon Stewart (ed.), *The Relation Between Sartre and Merleau-Ponty*, Evanston: Northwestern University Press, 1998, p. 448.

[76]میرلۆ-پۆنتی و سارتەر پێکەوە لە ڕێکخراوی (سۆشیالیزم و ئازادی)، کە بە پێشنیاری سارتەر بۆ ڕزگارکردنی فەرەنسا لە دەستی نازییەکان دامەزرا کاریان کردووە. بڕوانە:

Jean-Paul Sartre, *Situations*, p.159.

بە درێژایـی تەمەنـی هاوڕێیەتییـان، هەروەهـا پـاش تێکچـوونی هاوڕێیەتییەکەشـی لەگەڵ سـارتەردا، میرلـۆ-پـۆنتی لە زانکـۆ مامۆستای فەلسەفە بـووە و بەردەوام ئەکادیمییـانە نوسـیویەتی. یەکێـک لە شـاکارە فەلسـەفییەکانی، کە لەم بەشـەدا بـۆ ڕوونکـردنەوەی بۆچوونەکـانی بەسـەرچاوەیەکی سـەرەکی دادەنێین (فینۆمینۆلۆجی هەستکردن)ە. ئەم پەرتـووکە لە سـاڵی ١٩٤٥ دوو ساڵ پاش (بوون و نەبوون)ی سارتەر بڵاوکراوەتەوە.

حەزدەکەم بـۆ ڕوونکـردنەوەی بۆچـوونە فینۆمینۆلۆجییەکـانی میرلـۆ-پـۆنتی، بەتـایبەتی لە پەرتووکەکەیـدا (فینۆمینۆلـۆجی هەستکردن)، ئاماژە بۆ سێ خاڵ بکەم:

**یەکەم**، بە دیـدی ئەم بیریـارە، ئاگامەنـدی لەئاسـتی ناسـینی دیـاردەدا هەڵوێستی (گیشـتاڵت)ی وەردەگرێـت. گیشـتاڵت وشەیەکی ئاڵمانییە و چەنـد زانـایەکی دەروونناسـی ئەڵمـانی، کە فێرگەی بەرلینیان دامەزراندووە، بەکاریـدەهێنن. ئەم زانایـانە لەو بـاوەڕەدان، کە مـرۆڤ لە ئـازموونی هەسـتکردنییدا شـێوە یـان (هەموو) بابەتەکە دەناسێت.

**دووەم**، جیاوازییەکی بنەڕەتی و ئۆنتۆلۆجی لەنێوان ئاگامەندی و لەشدا نییە، ئەگەر جیاوازیەکیش هەبێت فینۆمینۆلۆجییانە ناسەلمێنرێت.

**سێیەم**، (خۆ) بەرجەستەبوونێکی ماتەرییە، بەشێکە لە سروشت و شتێکی نا-سروشتی یان لەودیو سروشتییەوە نییە.

گرنگە بزانین، کە هەموو بیریارە فینۆمینۆلۆجیستەکان (گشتالْتییانە) دەڕواننە دیاردەکان. ئەمەش دەبێتە خاڵی جیاکردنەوەی فینۆمینۆلۆجی لە فینۆمینەڵیزمەوە. کاتێک دەڕوانمە ئەو دیاردەیەی لەنێو ژوورەکەدا خۆی دەردەخات، دیاردەکە، وەکو (شتێک) نەک ڕەنگ، قەبارە، بۆن و هتد، دەبینم. هەمانکات ئەو شتە لە دەوروبەر یان لە زەمینەکەیەوە، کە نێو ژوورەکەیە، دانابڕێت. بێجگە لەمە، مادام هەموو ئاگاییەک ئاگاییە لە شتێک؛ ئاگایی بەبێ ئەو شتەی خۆی دەردەخات نییە. لەم بۆچوونەوە، سۆڵپسیزم و خۆگەرایەتی لە فینۆمینۆلۆجییدا جێگەیان نابێتەوە. خودی ئاگاییدەبێت بە بەڵگەیەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ بوونی جیهان و دیاردەکان. جیاوازی نێوان فینۆمینۆلۆجی و فینۆمینەڵیزم لەوێدایە، کە لە

کەمکردنەوەی فنۆمینۆلۆجییدا ئەوەی دەردەکەوێت و دەناسرێت خودی شتەکەیە (وەکو مێزەکە) نەک خەسڵەتە هەستەکییەکانی. ئێمە لەپێشتر باسی ئەم خاڵانەمان کردووە، بەڵام لە هەموویان گرنگتر خاڵی سێیەمە، کە پەیوەندی بە شێوازی بوونی (خۆ)یان (ئاگامەندی) لەنێو جیهاندا هەیە و بۆچوونە فینۆمینۆلۆجییە جیاوازەکەی میرلۆ-پۆنتیش ئاشکرادەکات.

## فینۆمینۆلۆجی و بوونی لەش

لە فینۆمینۆلۆجییدا، زۆربەی کات، باسی ئاگامەندی، ئەزموونی ئاگامەندی و ناوەڕۆکی ئەزموونەکە دەکرێت، کە لە هوسرڵەوە لە دەستەواژەی (*ego cogito cogitatum*)دا، دەربڕاوە. لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان بۆچوونەکانی هوسرڵ، هایدیگەر و سارتەردا لەسەر بوونی (خۆ) هەیە. ئەم دوو بیریارە بوونخوازە، وەکو هوسرڵ بیر لە بوونی خۆ ناکەنەوە. ئاشکراش پەیوەندی (خۆ) بە (لەش)ەوە دیاریناکەن یان دەتوانین بڵێین زۆر بایەخیان بەم پەیوەندییە نەداوە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە هایدیگەر و سارتەر شوێن بۆچوونی هوسرڵ کەوتوون و باوەڕیان

بە بوونی (خـۆ) بەبـێ (لەش) هەبـووە. بەپـێچەوانەوە، دازایـن و بـوون-بـۆ-خـۆ لەفەلسـەفەی بـوونگەرایەتی ئەم دوو بیریـارەدا بـوونەوەرێکی جیهـانین و بەبـێ جیهـان؛ واتە بەبـێ بـوونێکی ماتەری، نادۆزرێنەوە.

میرلـۆ-پـۆنتی، لە (فینۆمینۆلـۆجی هەسـتکردن)دا بە وردی کـار لەسـەر کێشـەی بوونی (خـۆ)، وەکـو بـوونەوەرێکی مـاتەری، فینۆمینۆلۆجییانە دەکات. بوونی خۆ لەنێـو جیهانـدا بە بـوونێکی جەستەیی دادەنێت. ئێمە بەردەوام باسی ئاگامەندی، بیرکـردنەوە و ئەزموونەکان دەکەین، ئەو خاڵەمان لەبیرچووە، کە مرۆڤ بەبێ لەش نیـیە و هەمیشـە بـوونێکی جەسـتەیی هەیە. ئەمەش ئاماژەکردن بۆ دوو لایەنی (خۆ) و (لەش)یان نـاوەوە و دەرەوەی بوونی مرۆڤ ناکات، بەڵکو مرۆڤ لەشە. ئەگەر فینۆمینۆلۆجییانە بڕوانینە مرۆڤ، لەشی لەنێو ئەزموونەکەماندا دەبێت بە دیـاردە و خـۆی دەردەخـات. ئەگەر ئـاوڕ لە بنەمـا سـەرەکییەکەی فینۆمینۆلـۆجی (گەڕانەوە بەرەو خـودی شـتەکان) بـدەینەوە، ئەو

شتەی خۆی دەردەخات و دواجار بە مرۆڤ ناوزەدیدەکەین،[77] هەمیشە تەنێکی ماتەرییە یان لەشێکە هەستیپێدەکرێت. بۆ میرلۆ-پۆنتی باسکردنی خۆ یان ئاگامەندی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە لەش و هەستکردنەوە هەیە. ئێمە ناتوانین (خۆ) لە (لەش) دابڕین و بە ڕاستەقینەیەکی جیاوازی دابنێین.

بە دیدی من، ئەم ئاکامە گرنگە و لە فەلسەفە بوونگەرایەتییە- فینۆمینۆلۆجییەکەی میرلۆ-پۆنتیدا، بە ڕادەیەک بۆ بۆچوونی هوسرڵ لەسەر (لەش) دەگەڕێتەوە. دروستە هوسرڵ لە ڕوانگەی فەلسەفەی دێکارتییەوە (خۆ)ی لە (لەش) جیاکردۆتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بایەخی بە (لەش) و ئەزموونی هەستەکیداوە، کە بەبێ لەش ڕوونادات. هوسرڵ لە بەرگی دووەمی (ئایدیاکان)دا باسی لەش، وەکو (خاڵی سفر) بۆ ئەزموونە هەستەکییەکان دەکات. هەستکردنم بە بوونی مێزەکەی نێو ژوورەکە دەکەوێتە سەر حاڵەتی لەشم؛ بۆ نموونە ڕووتێکردنم، دووری و نزیکی من (وەکو لەش)لە مێزەکەوە، دواجاریش تەوانایی چاوم بۆ بینینی ئەو

[77]Maurice Merleau-Penty, *Phenomenology of Perception*, translated from French by Colin Smit, London and New York: Blackwell, 2000, p. 227.

دیـــاردەیە. گۆڕانکـــاری لەمحاڵەتـــانەی لەشـــمدا هەســـتکردنەکە دەگۆڕێــت. لە هەمــوو حاڵەتەکانــدا، گرنــگ نیــیە لە چەنــد لاوە دەڕوانمە مێزەکە و چەند لەوەوە دوور یان نزیک دەبـمەوە، لەشـم دەبێــت بەو ناوەنـــدەی ئەزموونەکـــانی تێــدا ڕوودەدات و لەوەوە حاڵەتەکـــان دەردەچـــن. ئـــێمە، هـــیچ کاتێـــک، بەبـــێ لەش هەستکردنمان نییە و ڕوو لە دیاردەکانی نێو جیهان نـاکەین. مـن ناتوانم بۆ ناسینی دیاردەیەک لەدەرەوەی ژوورەکەمدا بەبـێ لەش ڕووی تێـــبکەم یـــان لەشـــم لەژوورەوە دابنـــێم و بەبـــێ ئەو بچمەدەرەوە. ئەم دەوربینیـنە، بە بیـروڕای هوسـرڵ لەش دەکـات بە (خاڵی سفر).[78] من یان بوونی من لە لەشمەوە نە دوورە و نە نزیک، نە لەسەرەوە و نە لەخوارەوەیە. لەشم لەو شوێنەدایە مـن هەم، منـیش لەو شـوێنەدام لەشـمی لێـیە. لەبەر ئەمە (لەش) بـۆ من خاڵی سفرە و لەوێوە بەرەو دیاردەکان دەڕۆم.

بـــێجگە لە پێویســـتی لەش بـــۆ ئەزمـــوون و پەیوەنـــدیم بە دیاردەکانەوە، لەنێو ئەزموونددا ئەم خاڵی سـفرە هەسـتیپێدەکرێت و هەســتیپێناکرێت. مــن دەســتم دەبیــنم ســوچێکی مێــزەکەی

[78]Edmund Hussrel, *Ideas II*, section 18.

گرتووە، لەو ڕێگەیەوە هەست بە زبری و لوسی مێزەکە دەکەم. بەڵام ئەم هەستکردنە بە لەشم هەموو کاتێک ڕوونادات. بۆ نموونە، دەڕوانمە سەر شەقامەکە و ئۆتۆمۆبیل و کەسەکان دەبینم هاتووچۆدەکەن. بەلای ڕاست و چەپدا دەڕوانم. سەرنجی ئۆتۆمۆبیلەکە دەدەم، کە هاتوو ڕۆی. چاوەکانم، لەگەڵ سوڕانەوەی ئەو دیاردەیەدا، دەجوڵێن، ڕوو لە شوێنێکی دیکە دەکەن بەبێ ئەوەی من هەست بە چاوگۆڕین و سەر جوڵانەکەم بکەم. بەڵام ئەگەر لە کاتی تەماشاکردنەکەدا خۆڵ بچێتە چاوم هەست بە بوونی چاوم دەکەم و چاوم دەبێت بە دیاردەیەکی زەق و لەنێو ئەزموونەکەمدا خۆی دەردەخات.

بۆ هوسرڵ، لەش وەکو دیاردەکانی دیکەی نێو ژوورەکەم؛ کورسی، مێز و کلیل... هتد، ئامێرە و بەکاریدەهێنم، بەڵام خەسڵەتی جیاوازیشی هەیە، کە لێرەدا ڕوونمانکردەوە. لە فینۆمینۆلۆجی میرلۆ-پۆنتیدا لەش بەهەمانشێوە دەبێت بە خاڵی سفر و بەبێ ئەو ئەزموونەکان ڕوونادەن. دوو خاڵی سەرەکیش بۆچوونەکانی هوسرڵ و میرلۆ-پۆنتی لە یەکدی جیادەکەنەوە. یەکەم، میرلۆ-پۆنتی باوەڕی بە دوولایەنێتی (خۆ) و (لەش) نییە

و جەوهەری گیـــانەکی دێکـــارتی ڕەتـــدەداتەوە، کە هوســـرڵ لە فەلســـەفەکەیدا بەتـــایبەتی لە فینۆمینۆلـــۆجی بەرزدا جـــێگەی کردۆتەوە. دووەم، میرلۆ-پۆنتی چەمکی خاڵی سفر بەکارناهێنێت و لەش بە (زەمیـــــنە) دادەنێـــــت، کە ئەزموونەکـــانی تێـــــدا ڕوودەدەن.[79]

ئەگەر لەش (زەمیـــنە) بێـــت و ئەزمـــوونی هەســـتەکی لەوێـــوە ســـــەرهەڵدات، ئەو دیـــــاردەیەی لەنێـــو ئەزموونـــــدا خـــــۆی دەردەخات (شـــێوە)یەکی هەیە. ئەزمـــوون لەم بۆچـــوونەوە لە پێکهاتەکەیـدا پێویسـتی بە (زەمیـنە) و (شـێوە)یە. تەنـانەت لەو کاتەدا دەڕوانینە تابلۆیەکی ڕووتکـراوەی مۆنۆکرۆمیـک، کە تەنیـا ڕەنگی سوری تێـدایە، ئێمە (شـێوە)ی ڕەنـگە سـورەکە دەبینـین. هـیچ دیـاردەیەک لەشـێوە دانابڕێـت و ڕووتنـاکرێتەوە. حەزدەکەم نموونەی تەماشاکردنی فەرشی نێو ژوورەکە باسبکەم، کە میرلـۆ- پـۆنتی بـۆ ڕوونکـردنەوەی پەیوەنـدی نێـوان زەمیـنە و شـێوە هێنـاوێتیەوە. مـن لەسـەر کورسـییەکەم دانیشـتووم و تەماشـای

[79]Maurice Merleau-Ponty, *Phenomenology of Perception*, p.4.

فەرشــەکەی نێــو ژوورەکە دەکەم. ئەم تەماشــاکردنە ڕاســتەوخۆ پەیوەنـدی بە دوور و نزیکـی لەشـم لەو دیـاردەیەوە هەیە. ئەگەر زۆرتـــر لە فەرشـــەکە بە لەش نـــزیکبمەوە باشـــتر وردەکـــاری نەخشــەکەی دەبیــنم و بە دەســت هەســت بە نەرمــی و زبــری خورییەکەشی دەکەم. لە تەماشاکردنەکەشمدا ئەو لایەنە دەبیـنم، کە خۆی بۆ من دەردەخـات. بـۆ نمـوونە، ڕووبەری سـەرەوە نەک ژێرفەرشەکە دەبینم. هەروەها، (هەموو) لایەنەکە نەک هەریەکێک لە هێڵ، گوڵ و گەڵای نەخشەکە بە جیا، دەبینم. ئەگەر بمەوێـت تەماشــای یەکێــک لە گوڵەکــانی بــکەم چــاو دەخەمە ســەر ئەو دیــاردەیە. لەم ئەزموونەدا (گشــت، یــان هەمــوو) پــێش (بەش) دەکەوێـت. ئێمە (گشـتیاڵتانە) فەرشــەکە دەبینــین و دوایــی ئەو بەشــانەی هەڵــدەبژێرین، کە مەبەســتمانە یــان ســەرنجمان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشین.[80]

لەمحاڵەتەشـدا، واتە کاتێـک چـاو دەخەیـنە سـەر گـوڵێکی نێـو فەرشــەکە، شـێوەکەی دەبینــین و دەبێــت بە دیــاردەیەکی نێــو ئەزموونەکەمان، گوڵەکە بەتەنیـا نـابینین. خسـتنە نێـو کەوانەوە

---

[80] هەمان سەرچاوە، ل ٤-٥.

نابێتە هۆکاری دابڕانێکی ڕەها و تەواوی دیاردەکە لە دەوروبەرو دیاردەکانی دیکە. واتای ئەو دیاردەیەی خراوەتە نێو کەوانەوە، کە لەم نموونەیەدا گوڵێکی نێو فەرشەکەیە، پەیوەندی بە دیاردەکانی دەرەوەی کەوانەکەوە هەیە. گوڵەکە بەلق و گەڵاکانەوە بەستراوە، کۆمەڵێک باڵندە بە دەوریدا کۆبوونەتەوە و ڕەنگی سورە و لە تەنیشتییەوە چەند گەڵایەکی سەوز دروستکراوە. گوڵەکە یان ئەو دیاردەیەی لە ئەزموونەکەمدایە، هەرچ شێوەیەکی هەبیت، لەم پەیوەندییانە دانابڕێت. لەلایەکی دیکەوە، دەرکەوتنی گوڵەکە پەیوەندی بە دووری و نزیکی لەشی منەوە هەیە. هەموو جارێک لەگەڵ گۆڕانکاری لە بارودۆخ و شوێنی لەشمدا گوڵەکە لەشێوەیەکی جیاوازتردا دەردەکەوێت.

دروستە کەمکردنەوەی فینۆمینۆلۆجییانە لە ئاستی دیاردەیەکدا ئەزموونگەرانە هەستەکییە. دەشێ ئەو پرسیارەش بکرێت، چ جیاوازییەک لەنێوان ئەم هەستکردنە و جۆری هەستکردنی فێرگەی هەستەکیدا هەیە، کە بیریارانی، وەکو جۆن لۆک و بارکلی پەیڕەویدەکەن؟ دەتوانین لە چەند خاڵێکدا جیاوازییەکانیان ڕوونبکەینەوە. یەکەم، بیریارانی فێرگەی

هەستەکی گیشتاڵیانە نارِواننە دیاردەکان و هەموو دیاردەیەک بۆ توخمە هەستەکییەکانی دەگەڕێننەوە. کاتێک دەڕوانمە مێزەکە ئەزموونی هەستەکیم (لەم ڕوانینەدا) ڕەنگ، قەوارە و شێوەی مێزەکەم دەداتێ. ئەگەر بمەوێت بزانم ئەو دیاردەیە ڕەق یان نەرمە، دەبێت دەستی لێبدەم و هتد. پاش ناسینی هەر یەکێک لەم توخمە هەستەکییانە و کۆکردنەوەیان بە بیرۆکەی (مێز) دەگەم. بەگوێرەی میتۆدی فینۆمینۆلۆجی، کە میرلۆ-پۆنیش جەختی لەسەر کردووە، من یەکەمجار ئەو توخمانە ناناسم، بەڵکو هەست بە مێزەکە، وەکو شتێک یان دیاردەیەک دەکەم، ئەوجا توخمەکانی شیدەکەمەوە. دووەم. توخمە هەستەکییەکان بۆ بیریارانی فێرگەی هەستەکی لەنێو ئاگامەندیدان نەک بۆ ئاگامەندین. ئەو بابەتەی بۆ من شیرینە یان خەسڵەتی شیرینی هەیە بۆ کەسێکی دیکە تاڵە، ئەوەی بۆ من جوانە بۆ کەسێکی دیکە ناشرینە. کەوابوو، دەتوانین بڵێین ئەم خەسڵەتانە لەنێو ئاگامەندی تاکە کەسەکاندان و بوونێکی ڕاستەقینەیان نییە. ئەم بۆچوونە بارکلی گەیاندە ئەو باوەڕەی بوونی ڕاستەقینەی جیهانی دەرەکی، بەتایبەتی بوونی (ماتەر)، ڕەتبداتەوە. سێیەم،

ئەزموونی هەستەکی، بەو جۆرەی فێرگەی هەستەکی باسیدەکات، بەپێچەوانەی ڕاڤەکردنی میرلۆ-پۆنتییەوە، بابەتی نێو ئەزموونەکە بە دەوروبەرییەوە گرێنادات و نایخاتە نێو هیچ بەستێنێکەوە. من دەزانم ئەو بابەتەی ڕەنگ، قەوارە و شێوەکەی دەبینم، ڕووبەرێکی لوس و ساردی هەیە و ڕەقە مێزەکەیە. ئەمە ئەزموونێکی هەستەکییە و لە ڕێگەیەوە مێزەکەم ناسیوە، بەڵام لەمە زۆرتر باسی مێزەکە ناکەم. بۆ میرلۆ-پۆنتی ئەم ناسینە لەنێو کەوانە فینۆمینۆلۆجییەکەدا واتایەکی تەواوی دیاردەکەمان ناداتێ چونکە ناسینێکە پەیوەندی دیاردەکە لەگەڵ دەوروبەریدا دەرناخات. چوارەم، بۆ میرلۆ-پۆنتی ئەزموونەکانمان لە کات و شوێنی جیاوازدا پێکەوە گرێدراون و پەیوەندییەکەیان لەگەڵ یەکدیدا کاردەکاتە سەر تێگەیشتنمان لە دیاردەکان. منداڵێک بۆ یەکەمجار دەڕوانێتە ئاگری مۆمێک. جوڵان و ڕەنگی ئاگرەکە سەرنجی ڕادەکێشێت و دەستی بۆ دەبات. ئاگرەکە پەنجەی دەسوتێنێت، هەست بە ئازار دەکات و دەگری. ئەگەر منداڵەکە جارێکی دیکە مومێکی داگیرساو ببینێت بەو جۆرەی پێشو سەرنجی ڕاناکێشێت و پەنجەی بۆ نابات. بەڵکو ئازاری

سوتانەکەی بیر دەکەوێتەوە و خۆی لە مۆمەکە دوور دەخاتەوە. لێرەدا پەیوەندی نێوان ئەزموونی یەکەم و دووەم سەرنجی منداڵەکە دەگۆڕێت. ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەزموونەکان دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری لە تێگەیشتنمان بۆ واتای دیاردەکان و هەڵوێست وەرگرتن لە ئاستیاندا.[81] نموونەکەمان ئەوەش دەردەخات، کە ئەزموونی مرۆڤ دەتوانێت ژوور وەرگرتنی خەسڵەتە هەستەکییەکان بکەوێت و حوکم بەسەریاندا بدات.

[81] هەمان سەرچاوە، ل ٥٢.

**سەرەنجام**

پـــاش ڕوونکـــردنەوەی ســـەرهەڵدان و گەشـــەکردنی میتـــۆدی فینۆمینۆلۆجی لە هوسرڵەوە بۆ میرلۆ-پۆنتی و شیکردنەوەی بنەماکانی پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، چی بەسەر فینۆمینۆلۆجیـدا هـاتووە؟ یـان چ خزمەتێکـی بە فەلسـەفە گەیاندووە؟ هایدیگەر لە کۆتایی نوسراوێکیدا، کە لە ساڵی ١٩٦٠ بە ناوی (ڕێگای من بەرەو فینۆمینۆلۆجی) بڵاویکردەوە دەڵێت، سەردەمی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی کۆتاییهاتووە. مەبەستی هایدیگەر لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی فەلسەفەی هوسرڵە، کە لە قۆنـاخی دووەمـی بیرکـردنەوەی هوسـرڵدا بە نـاوی فینۆمینۆلـۆجی بەرز سـەریهەڵداو بیریـارە بوونخوازەکـان ڕەتیانـدایەوە. هەروەهـا، هایـدیگەر ئامـاژە بـۆ بـزوتنەوەی فینۆمینۆلۆجی دەکات، کە هوسرڵ و خوێندکارەکانی لە ئەڵمانیا نوێنەرایەتییان دەکرد.

پاش مردنی هوسرڵ، فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی پێشنەکەوت، بەڵام میتۆدی فینۆمینۆلۆجی بەردەوام مایەوە، بیریارەکانی پاش هوسرڵ گۆڕانکارییان تێداکرد و بەکاریانهێنا. کەوابوو، ئەمڕۆ

هوسرڵ، وەکو دامەزرێنەری میتۆدی فینۆمینۆلۆجی دەورێکی گرنگ دەبینێت. لەم ڕووەوە، بانگەشەی کۆتاییهێنان بە میتۆدی فینۆمینۆلۆجی ناکرێت. ئەم میتۆدە چەند دەستکەوتێکی فەلسەفییانەی بۆ مسۆگەرکردووین و ناتوانین بوونگەرانە ئاوڕیان لێنەدەینەوە. یەکێک لەو دەستکەوتانە گەڕانەوەیە بۆ خودی دیاردەکان، کە بووە بە بنەمایەکی بەڵگەنەویست بۆ (ئاگامەندی) و بەستنەوەی ئاگامەندی بە دیاردەکانەوە.

کاتێک فینۆمینۆلۆجییانە بەو باوەڕە دەگەین، کە بیرکردنەوە هەمیشە بیرکردنەوەیە لە شتێکەوە و خاوەنی ناوەڕۆکێکە، کە لە دەرەوەی خۆیدا پەیدایکردووە، بوونی ڕاستەقینەی دیاردەکان و جیهان دەبێت بە بەڵگەیەکی ئۆنتۆلۆجی لە بەردەم ئاگامەندییدا؛ ئەگەر ئاگامەندی هەبێت، ئەوا بوونی ئەو بەو دیاردەیەوە بەستراوە، کە لە دەرەوەیدا خۆی دەرخستووە. هیچ ئاگامەندییەک، بیرکردنەوەیەک یان ئەزموونێک بەبێ دیاردە نییە. دژوارە خۆمان لەم سێ بنەمایەی فینۆمینۆلۆجی دوور بخەینەوە یان هەڵیانبووەشێنینەوە. تێڕوانینی بوونگەرایەتی بۆ تێگەیشتن

له واتای (بوون) بەگشتی و بوونی مرۆڤ دەبێت لەنێو زەمینەی ئەم بنەمایانەی فینۆمینۆلۆجیدا دابمەزرێت.

گەڕانەوە بۆ خودی دیاردەکان بەو جۆرەی خۆیان دەردەخەن و گرێدانی خۆ و بابەتەکەی یان ئاگامەندی و دیاردە، هەمانکات لە گرفتی خۆگەرایەتی دوورماندەخاتەوە. بێجگە لەمە، میتۆدی فینۆمینۆلۆجی زانین دەخاتە ئاستێک، کە هەموو مرۆڤێک بتوانێت لە ڕێگەی ئەزموونەکانی خۆیەوە دەستیبکەوێت بەبێ ئەوەی بۆ هیچ پێشبیر و بیردۆزەیەکی زانستی بگەڕێتەوە. میۆدێکە بیرکردنەوە لە نەریت و بیردۆزە لەپێشتر دامەزراوەکان ڕزگاردەکات و لە سەرەتایەکی نوێوە تەماشای جیهان دەکات.

مەبەستدارێتی ئاگامەندی ڕووکردنە لە بابەتێکی دەرەکی ڕاستەقینە. هەرچەندە ئاگامەندی دەتوانێت لەنێوخۆیدا بمێنێتەوە و ڕوو لە بیرۆکەیەکی نێو خۆی بکات. بەڵام بەردەوام لە دەرەوەی خۆیدا ڕوو لەو دیاردانە دەکات، کە هەن. ئەمەش فینۆمینۆلۆجی دەکات بە میتۆدێک، کە ڕیالیستانە دەڕوانێتە بابەتی توێژینەوەکەی.

سـەرباری ئەمـانە، فینۆمینۆلـۆجی فێرمانـدەکات ڕەسـەنانە لە واتاکان تێبگەین. بەبـێ سـنوردارکردن و گرێـدانی بیرکردنەوەمـان بەپێشبیر و پێشباوەڕەکانی نێـو نەریـت و کەلتـووری بـاو بەدوای ڕاسـتیدا بگەڕێـین؛ بێلایەنـانە و سەربەسـتانە ڕوو لە بابەتەکـان بکەیـن. ڕزگـارکردنی ئاگامەنـدی لەم سـنوردارێتی و تەوقکـردنە جەختکردنە لە سەربەستی مـرۆڤ، کە بـۆ بیریـارە بوونخوازەکـان دەبێت بە زەمینە بۆ ڕەسەنێتی بوون.

## سەرچاوەکان بەکوردی و ئینگلیزی


-ئەفلاتــون. کۆمــار، وەرگێڕانــی د. مــحەمەد کەمــال، دەزگــای سەردەم سلێمانی،٢٠٠٩

-ژان پۆڵ سارتەر، بوون و نەبوون، وەرگێڕانی د. محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠١١

-مـارتن هایـدیگەر، بـوون وکـات، وەرگێڕانـی د. مـحەمەد کەمـال، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣

-مارتن هایدیگەر، گفتووگۆیەک لەگەڵ هایـدیگەردا، ورگێڕانـی. د. مـحەمەد کەمـال، پـڕۆژەی کتێبـی گیرفـان ژمـارە (٧١)، دەزگـای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

Cerbone, David R., *Understanding Phenomenology*, Durham: Acumen 2006.

Copleston, Frederick, *A History of Philosophy*, vol.1, New York and London: lmage Books, 1993.

De Beauvoir, Simon, *The Prime of Life*, translated by Peter Green, New York: Penguin Books, 1965.

Descartes, René, 'Meditations on First Philosophy,' in *The Philosophical Writings of Descartes*, translated by John Cottingham, R. Stoothoff and D. Murdock, Cambridge: Cambridge University Press, 1984.

Guthrie, W.K. C. *History of Greek Philosophy: The Sophists*, vol. 6, Cambridge: Cambridge University Press reprinted 2003.

Hegel, G.W., *The Phenomenology of Mind*, translated by J. B. Baillie, New York: Harper Colophon Book, 1967.

Heidegger, Martin, History of the Concept of Time, translated by Theodore Kisiel, Bloomington and Indianapolis: Indiana University Press, 1992.

Heidegger, Martin, *The Basic Problems of Phenomenology*, translated, introduction, and lexicon by Albert Hofstadter, revised edition, Bloomington and Indianapolis: Indiana University Press, 1988.

Husserl, Edmund, *Ideas, a General Introduction to Pure Phenomenology*, translated by W. R. Boyce Gibson, London: Allen and Unwin, 1931.

Husserl, Edmund, 'Philosophy as a Rigorous Science, 'in *Phenomenology and the Crisis of Philosophy*, translated by Quentin Lauer, New York: Harper and Row, 1965.

Husserl, Edmund, *Cartesian Meditations*, translated by D. Cairns, The Hugue: Nijhoff, 1967.

Husserl, Edmund, *Logical Investigations*, translated by J. N. Findlay, London: Routledge and Kegan Paul, 1970.

Kant, Immanuel, *Critique of Pure Reason*, translated by Norman Kemp Smith, London: Macmillan & Co., 1963.

Kenny, Anthony, *A New History of Western Philosophy*, vol.3, Oxford: Clarendon Press, 2006.

Kockelmans, Joseph J. *Phenomenology: The Philosophy of EdmundHusserl and its Interpretation*, New York: Anchor Books, 1967.

Merleau-Penty, Maurice, *Phenomenology of Perception*, translated from French by Colin Smit, London and New York: Blackwell, 2000.

Moran, Dermot, *Introduction to Phenomenology*, London and New York: Routledge, 2000.

Pöggeler, Otto, *Martin Heidegger's Path of Thinking*, translated by Daniel Magurshak and Sigmund Barber, New York: Humanity Books, 1996

Safranski, Rϋdiger, *Martin Heidegger between Good and Evil*, translated by Ewald Osers, Cambridge, Massachusetts: Harvard University press, 1999.

Sartre, Jean-Paul, *The Transcendence of the Ego*, an existentialist theory of consciousness, translated and annotated with an introduction by Forrest Williams and Robert Kirkpatrick, New York: Hill and Wang, 1995.